خاوەن ئیمتیازی دەزگای ئایدیا  لێپرسراوی دەزگای ئایدیا
سەرپەرشتیاری پڕۆژەی چاپکردنی کتێب

# جوانییەکانی وەرگر
"لێکۆڵینەوە"

## لە ئەدەبی نوێی کوردیدا

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

**له بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا**
**لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن**
**زنجیره (220)**

ناوی کتێب: جوانییەکانی وەرگر
بابەت: رەخنەی ئەدەبی
نوسینی: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا
تایپ و هەڵەچن: زریان رەحیم – کەیوان عومەر – نیاز کەمال
چاپی یەکەم:2017
دیزاینی بەرگ: ئاکام شەمسەدین
تیراژ: 500 دانه
چاپخانەی: حەمدی
نرخ: 3000 دینار
له بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوه

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانه گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (1634) ساڵی (2017)ی پێدراوه

دەنوسم بەڵام بۆ ئەوە نا خوێنەر لە خۆم رازی بکەم، بەڵکو بۆ ئەوەی پاداشتی جوانی و خەیاڵ و خوێندنەوە بدەمەوە.

**ناوەڕۆك:**

(بەشی یەکەم)
جوانییەکانی وەرگر
- شاعیرانی کورد..................................................
- چەمکی باوەڕ....................................................
- فانتازیای کۆنەپەرستی.........................................
-مرۆڤ لە نێوان بیرکردنەوە و بیرنەکردنەوەدا.....................
- زمانی شیعریی لیریکی کوردی..............................
- رەشبردنەوەی بۆشاییی..........................................
(بەشی دووەم)
تێگەیشتن و راڤەکردن
- نوسەرانی کورد...........................................
- رۆشنبیر، پۆستەچی نێوان............................
-"شەوی جیهان" .........................................
- هیرمینۆتیکا.............................................
- چەمکی "بونیادی شاراوە"............................
(بەشی سێیەم)
پەراوێزی خوێندنەوە
- شیعر شێوازی بەیەکەوە گونجاندنی.......................
- شیعر و سێبەر..........................................
- نینیتی، لە نێوان کلتوری لۆکاڵ و................
(بەشی چوارەم)
چاوپێکەوتن
- قۆناغەکانی شیعری کوردی...........................

# (بەشی یەکەم)
# جوانییەکانی خوێندنەوە

## شاعیرانی كورد

"هیچ شتێك له دەرەوەی شیعر بوونی نییە-هایدگەر"

نوسین ژەهر و تریاكە، ئەو قسەیەی دریدا پێمان دەڵێت نوسین نە كۆمەڵێك دالە، دەبێ تەئویل بكرێت! نە كارە، كە شیاوی بەشداریكردن و گۆڕین و گواستنەوە بێت! بەڵكو فەزای هەر یەك لە خوێنەر و نوسەرە، چونكە هیچ دەقێك بێ بوونی (نوسەر) و بەشداریكردنی (خوێنەر) بوونی نییە، هەموو ئەوانەش پەیوەندییان بە چەمكی (جیاوازی)یەوە هەیە، چونكە نوسەر پێش ئەوەی خودی خۆی بدۆزێتەوە، دەكەوێتە نێو بوونی زمانەوە، بەو مانایەش نیازی دانەر ئاسۆی تێگەیشتن دیاری ناكات، بەڵكو بەشێكی زۆری تێگەیشتن دەكەوێتە دەرەوەی زمانی دەقەوە و پەیوەندی بە كلتور و راڤەكردنی قۆناغە جیاوازەكانی كلتورەوە هەیە، واتە خوێنەر شوێنی ناوەندی زمانەوانی پڕ ناكاتەوە، بەڵكو لەگەڵ فۆڕمەكانی زمانەوانی و خەیاڵكراوی كۆمەڵایەتی و جیهانبینی مامەڵە دەكات، ئەوەش بەرەو تێگەیشتن و راڤەكردن و بەرهەمهێنانەوەی تایبەتمان دەكاتەوە! ئەگەر ئەوە خاڵی بەشداریكردنی خوێنەر بێت، ئەوە نوسین لەسەر زنجیرەیەكی بێ كۆتایی لە بەرهەمهێنانەوەی دال دەژیت، بە دیوەكەی دیكە خاڵی گۆڕین و گواستنەوەی گۆشەنیگای دەق لە سەر توانای وڕوژاندنی پرسیار و وەڵامی پرسیارە جیاوازەكان راست دەبێتەوە... كەواتە ئەوە جیاوازییە فیكرەی یەكگرتووی كۆتائامێزی نێوان دەق و دانەر، بابەت و خود.. رەتدەكاتەوە، وەك چۆن بە توندی یەكگرتنی نێوان دەق و خوێنەر بەجێدەهێلێت، هەموو ئەوانەش لەسەر ئیشكالیی بێكۆتایی زمان درێژ دەبنەوە! مرۆڤ دەكەوێتە نێو بوونی زمانەوە، زمان گوتن و نەگوتنە، دەركەوتن و شاردنەوەیە، دیار و نادیارە... بەو مانایە ئەوە تێگەیشتنی زمانە كە داوای كرانەوەی بواری ئاگامەندی دەكات، ئەوە كرانەوەی بواری ئاگاییە كە كەشفكردن و شاردنەوەی تێدا روودەدات، ئەوە شاردنەوە و چەپێنراوەكانە كە بەرهەمهێنانەوەی جیاواز و چێژی جیاواز دەخاتەوە.

(1)

ئەگەر بشێ سەرەتای زمانی شیعری كوردی لە رێگای زمانی (ئایینی)یەوە دیاری بكەین، ئەوە ئایینی كوردی هەر تەنها مەعریفەیەكی گشتگیر نیشان نادات، بەڵكو ئەو فۆرمە شیعرییەش نیشان دەدات، كە زمانی ئایینی رەهەندەكانی دیاری دەكات، ئەو دنیایە نیشان دەدات كە سنورەكانی زمانی كوردی دادەڕێژێت، بەو مانایە ئاگامەندی زمانی ئایینی لە هەمان كاتدا ئاگامەندییەك پەردەپۆش دەكات، كە خۆی لە نەگوتنی شیعرییدا دەبینێتەوە، دەمەوێت بڵێم شیعر لە پشت پەردەی ئایینیدا بە وسبەلێكراوی دەمێنێتەوە، چونكە شیعر گوتنە بە دژی گوتن، سەرەتایەكە بە دژی سەرەتا، چونكە شیعر داهێنانە، شیعر بۆ ئەوەی بتوانێ ناوی نوێ و مانای نوێ لە دنیا و شتەكان بنێت، دنیایەكی دیكەی نوێ لە پەیوەندی نێوان وشەكان و شتەكان دروست دەكات، نەك بۆ (پەرستگا) بگەڕێتەوە.. چونكە شیعر كەشفكردن و دنیابینییە، لەسەر بنەمای لەیەكنزیكردنەوەی ئیرۆسیەتی (زمان و رووداو)، نەك (زمان و پەیام).... كەواتە جیاوازی سەرەكی نێوان زمانی (ئایینی) و زمانی (شیعریی) هەر تەنها ئەوە نییە، كە شیعر هەمیشە لەسەر كرانەوەی زمان بە رووی دنیادا گەشە دەكات و ئایین راستییەكان لە خۆیدا كورت دەكاتەوە، بەڵكو ئەوەیە كە شیعر لە خۆیەوە دەستپێدەكات، نەك لە نموونەكانی پێش خۆی، شیعر لە ئەگەرەكانەوە دەستپێدەكات، نەك لە بڕواوە؟!

(2)

شیعری كوردی نە لە رەسەنایەتی ئایینی كوردی و نە لە لادانەكانی نالی و قوتابخانەی نالی نەوەستاوە، نە لە ئاگامەندی گۆران و هاوڕێكانی و نە لە شەپۆل و دژە شەپۆلەكانی روانگە و نە لە مەعریفەی شیعریی هەشتاكان و شیعرییەتی بەتاڵی نەوەدەكان نەوەستاوە... شیعری كوردی هەنگاو بەرەو سەرەتا و پانتایی نادیار دەنێت، بەرەو پڕشنگی جوانی، بەرەو ئازادی، بەرەو دنیابینی... قسەی من لە وەستان نییە، قسەی من لە مەعریفەی شیعریی و دنیابینی و شیعرییەت

خۆی واز دەكات... دەتوانم بڵێم پانتایی شیعریی (باشوری كوردستان) لە رێگای (هەستی شیعریی) و (ئاگامەندیی شیعریی)یەوە جوانی میسالیانەی گۆران و هاوڕێكانی بونیادنا و جوانی میسالیانەی گۆران و هاوڕێكانی بوو، شێوازی زاڵی كۆنی عەروزییان تێكشكاند و جارێكی دیكە شیعری كوردییان بۆ كێشی خۆماڵی (هیجا- پەنجە)، یان بۆ پەرستگای ئایینی كوردی گەڕاندەوە! بەڵام هەست و مەعریفەی شیعرییان بڕی ئەوەی نەكرد، ئیرۆسیەتی (زمان و رووداو)، لە (زمان و بڕوا) جیا بكەنەوە؟! دەتوانم بڵێم (شەپۆلی روانگە) لە بری گوتاری شیعریی و پرسی شیعریی، (گوتاری ئایدیۆلۆجی) و ماناكانی گەڵاڵە كرد. دەتوانم بڵێم (مەعریفەی شیعریی هەشتاكانی شیعریی كوردی) دنیابینی شیعرییان بە شێوەیەكی جیاواز هەڵنا، بەڵام نەیانتوانی پرسی منی كوردی و جیاوازییە شیعرییەكانی بەرجەستە بكەن؟! من قسە لە گوتاری نەتەوەیی و جورئەتی خۆ رووتكردنەوەی شیعریی و مەعریفەی شیعریی ناكەم، بەڵام جوانی میسالیانەی گۆران هەر تەنها دەلالەت لە كوشتنی پرسیاری تاكی كوردی ناكات، بەڵكو كۆی ئەو كێشە و قەیرانانەش دەشارێتەوە كە واقیعی كوردی لە دووتوێی خۆیدا هەڵیگرتووە. جورئەتی خۆ رووتكردنەوەی گوتاری ئایدیۆلۆجی روانگە هەر تەنها ئیرۆسیەتی ژیان و زمانی بەرەو تووندوتیژی نەكردەوە، بەڵكو غەریزەی مەرگدۆستی لە ناخی كوردیدا چاند! مەعریفەی شیعریی هەشتاكان هەر تەنها پشتگوێخستنی رووداو و گێڕانەوە نەبوو، بەشێكی زۆری شیعریی هەشتاكان هەر تەنها بەرزكردنەوەی رەگەزی شیعریی بەسەر رەگەزەكانی دیكەدا نەبوو، بەڵكو زمانی شیعریی هەشتاكان لە بری ئەوە زمانێكی جیاوازی شیعریی هەڵبنێ، بەلای زمانی فیكری بوونگەراییدا كەوتەوە! شیعری كوردی لە نێوان هەستی شیعرییانەی گۆران و گوتاری ئایدیۆلۆجیانەی روانگە و زمانی بوونگەرایی هەشتاكان نەوەستاوە... بەرەو درككردنی جوانی و شیعرییەت هەنگاوی نا.

(3)

لە نەوەی نەوەدەكانی شیعریی كوردی، بەشێكی زۆری پەسنكردنی وشە و بەكارهێنانی وشە و مەجاز... دەلالەت لە فیكر و دنیابینی و هەستی جوانی و مەعریفەی شیعری ناكات، بەڵكو بۆ ئەوەیە زۆرترین (دەستەواژەی شیعریی) بە نەگوتن سەر ببڕێت! ئەوەش رەنگدانەوەی تێنەگەیشتن و زاڵبوونی شیعرییەتی دەستكردە بەسەر شیعرییەتی خۆكرد... ئەو زاڵبوونە لە دنیای شیعری نەوەدەكان دیاردەیەكی كوشندەیە، ئەو چۆڵاییە، ئەو تاریك كردنە وەهمییە بەشێكی زۆری داهێنانی شیعری كوردی و رەهەندەكانی مانای وشك هەڵێنا. شیعرییەت ئەو فەزا خۆكردەیە كە لە ساتەوەختی نوسینی شیعر دروست دەبێت، نەك هەڵاتن لە مانا، شیعرییەت لە ئاستە بەرزەكانی خوێندنەوەوە دێتە بەرهەم، نەك هەڵاتن لە بیركردنەوەی بەرهەمهێن... شیعرییەتی دەستكرد هەستی شیعری و دنیابینی و مەعریفەی شیعریی ناس ناكات، هێرشی شیعرییەتی دەستكرد جگە لە بونیادنانی تووندوتیژی شیعریی و پووچكردنەوەی رەهەندەكانی مانا، بەرەو جۆرێك لە چۆلایی و هیچ نەگوتن دەبێتەوە! شیعرییەتی دەستكرد نە پرسی شیعریی بەرجەستە دەكات، نە نیگەرانییەكانی شاعیربوون، نە هەستی جوانی دەخاتەوە، نە هێزی خەون و خەیاڵ تەرجەمەی نیگەرانییەكان دەكاتەوە... لە پشت شیعرییەتی دەستكرد دنیا دنیای ئامادە و بیابانێكی بینراوە، نەك فەزای نەبینراو، لە شیعرییەتی دەستكرددا زمان قسان ناكات، زمان قسەی پێدەكرێت! شیعرییەتی دەستكرد كار لەسەر نێودژی بەتاڵ و زمانی ئامادە و تووندوتیژی مەجازی بێ بنەما دەكات! بۆ نموونە (هەور بە پلایس بگرین، یان بە ددان... باینجان لە قسەی سپی وەستایە... ئەو چۆلایی و هیچنەگوتنە، ئەو نێودژییە بەتاڵ و پارادۆكسانە چ ئاوێتەبوونێك لە كیمیایی وشە و هەستی شیعری و فەزای گوتن و رەهەندەكانی مانا و دنیابینی شیعری... پێشان دەدات؟!)

شیعرییەتی دەستكرد پابەندی نەگێڕانەوە و دەستەواژەی شیعریی ئامادە و نێودژی بەتاڵە، نەك هێزی خەون و خەیاڵ و پرسی سەردەم و دۆزینەوە و رووداوی زمانی شیعریی! خوێنەر لە خوێندنەوەی شیعرییەتی دەستكرددا دووچاری تووندوتیژی شیعریی و هەراسانی و

بەدوادانەچوون و بیابان دەبیتەوە، نەك راڤەكردنی رەهەندەكانی مانا و دەلالەتی جیاوازی... بەڵام لە شیعرییەتی خۆكرد، خوێنەر دەكەوێتە رووە جیاوازەكانی مانا و دەلالەتی چێژ و خەیاڵەوە... خوێنەر لە میانی هێرش و ئامادەباشییەكانی شیعرییەتی دەستكرد هەستی شیعری لە دەست دەدات، لە هێرش و ئامادەباشییەكانی شیعرییەتی دەستكرد چییەتی زمان و خەون و خەیاڵ و بیركردنەوە... بەتاڵ دەبێتەوە، جگە لەوەش فەزای شیعرییەتی دەستكرد نیگەرانی و گومانی شیعریی بە توندوتیژی و هەراسانی دەسپێرێ... بەڵام لە شیعرییەتی خۆكرد خەون و خەیاڵ... دەرگاكانی بۆ بەدواداچوونی جیاواز دەكاتەوە و بە دنیابینی دەسپێرێ! كێشەی نوسەری شیعرییەتی دەستكرد زیندانكردنی وشە و دەركنەكردنی مانای وشە و پرسی شیعرییە... كێشەی ناس نەكردنی رەگەزە شیعرییەكان و هاوگونجانی فەزاكانە، كێشەی هەستی شیعریی و دۆزینەوەی رێڕەوەكانی خەیاڵی وشەیە... هەمیشە فەزای شیعرییەتی دەستكرد بەرەو بیابان و هیچ نەگوتن دەڕوات، فەزای شیعرییەتی خۆكرد بەرەو گوتنی جیاوازی شیعریی دەبێتەوە...

(4)

شیعر لە كۆمەڵێك رەگەز پێكهاتووە نەك بەو مانایەی كە سیستمێكی رێك و چنراو و مەحكەمە و هەمیشە مانا و وەزیفەیەكی دیاریكراو بە رەگەزەكانی دەبەخشێ ((قسە لە بەسەرچوونی هیچ رەگەزێك ناكەم، قسە لە نارێكی جوانی و هارمۆنیەتی رەگەزەكان دەكەم)) لە شیعری داهێنەرانەدا رەگەزەكان تۆڕێكی بەرفرەوان لە پەیوەندی ئیستێتیكی پێكەوەیان دەبەستێتەوە و هەر یەكەیان بە كاری جوانكردنی خۆی هەڵدەستێ و لە ناوكۆییەكی شیعرییدا جوانیەكانی یەكتر تەواو دەكەن و شیعرییەت بە جێدەهێنن، نهێنی شیعر ئەوەیە شیعرییەت هەڵدەنرێت، نانوسرێتەوە! بە دیوەكەی دیكەش شیعرییەت دەرئەنجام نییە، بەڵكو وەك رەگەزێك لە رەگەزەكانی پرۆسەی ساتەوەختی نوسینی شیعریی و خوێندنەوە دێتە بەرهەم. وەك نهێنی ناوەوەی شاعیر و خوێنەریش دەمێنێتەوە، بە كورتی دەمەوێ بڵێم شیعریی ئیبداعی لە سەر پێكەوەگونجان و تۆكمەیی رەگەزە شیعرییەكان دێتەوە، شیعریی ئیبداعی لە سەر توانای چەسپاندن و كردە و ئاوێتە بوون و بەرجەستەبوونی بوێری و ئازادی زمان خۆی دەنوێنێ... شیعریی ئیبداعی جوانی و جیاوازی و چێژە.

ئایا لە نێوان فەزای بێ مرۆڤ و مرۆڤی بێ واقیع و مانای بەتاڵ و بیركردنەوەی باو و گوتاری ئایدیۆلۆجی و سۆزی ئایینی و خەیاڵی سنوردار و هیچنەگوتنی شیعرییانەی دەستكرد... شیعرییەت هەڵدەنرێت، شیعرییەت لە دایك دەبێت؟! (ئەرستۆ) ئەو زاراوەیەی بەكار هێناوە بۆ ئەوەی تەعبیر لە هەموو جۆرەكانی خەڵقكردن بكات. جوانی شیعر لە خەلقكردندایە، جوانی شیعر هەمیشە لە خۆیەوە لە پرسی سەردەمەوە دەستپێدەكات، چێژی شیعریی شوێنپێی نموونەكانی پێش خۆی هەڵناگرێتەوە، داهێنان كەشفكردن و دنیابینییە! شیعرییەت لە هارمۆنیەتی هەست و سۆزی مرۆیی و مانا و بیركردنەوەی داهێنەرانە و خەیاڵ و گێڕانەوە و زمانی شیعریی... فەزا جیاوازەكانی خۆی دەكاتەوە. خوێنەر لە رێگای هارمۆنیەتی رەگەزە جیاوازەكانەوە راڤەكردنی جیاواز بونیاد دەنێت. خوێنەر لە نێوان فەزای جیاواز و بەرزكردنەوەی ئاستی رەگەزە شیعرییەكانەوە بەرەو رووداوی شیعریی و زمانی خەیاڵ و چێژ و رەهەندەكانی جوانی دەبێتەوە.

كەواتە داهێنان نە رەسەنایەتی بەرێوەی دەبات، نە لاسایكردنەوە، بەڵكو پرسی سەردەم و هێزی خەیاڵ و هەستی مرۆیانە دەخوێنێتەوە. داهێنان نە نەتەوەگەریی دەناسێ، نە دنیاگەریی... بەڵكو ئازادی و كرانەوەی ئاستە بەرزەكانی زمان و جوانی دەنوسێتەوە. داهێنان فرە رەگە. شیعری هونەری كوردی گەڕانەوە نییە، بۆ ئایینی كوردی و سێكوچەكەی بابان و گۆران و روانگە و هەشتاكان و نەوەدەكان و... بەڵكو كەشفكردن و دنیابینییە، ژەهر و تریاكە، ئازادی و بوێرییە، جوانی و چێژە، فەزای هەر یەك لە خوێنەر و نوسەرە! داهێنان فیكرەی یەكگرتووی كۆتائامێز

و پەڕگیر ڕەتدەکاتەوە، یەکگرتنی نێوان دەق و خوێنەر بەجێدەهێڵێت، شیعریی هونەری کوردی لەسەر ئیشکالیی بێکۆتایی زمان درێژ دەبێتەوە...

## چەمکی باوەڕ
## لە نێوان (ئیمان) و (بڕوا)دا

لە کۆتایی وەرزی پایز و لەگەڵ (فروغ)دا دەڵێین –ئیمان بهێنین بە سەرەتای وەرزی سارد- لەو رستە شیعرییەدا (ئیمان) و (وەرزی سارد) وەك دوو خەیاڵکراوی لە یەکنزیك خۆیان دەردەخەن، دەشێ ئیمان لای فروغ خواستی دۆزینەوەی مانایەکی دیکە و بەکارهێنانێکی دیکە و تێڕوانینێکی دیکە بێت بۆ ساردایی ناخ... بەڵام لە دەرەوەی شیعردا ئەو لە یەکنزیکبوونەوەیە رەنگە مەحاڵ بێت، چونکە مەرج نییە وەرزی سارد بکەوێتە نێو سنورەکانی ئیمانەوە، بە هەمان شێوەش بۆشایی نێوان ئیمان و وەرزەکان، دەشێ گومان پڕی بکاتەوە!
من نامەوێت لەو دەستپێکە (ئیمان) لە شیعری فروغی فەرخزاد دابماڵم، بەڵکو هەوڵدەدەم پرسی ئیمان و بە کارهێنانی ئیمان وەك پرسێکی (فەلسەفی و سایکۆلۆجی و مەعریفی) لە شیعرییەتی (زمان) و (زمانی کوردی) نزیك و دوور بکەمەوە، نەك ئیمان بە خودا کە ئاڵۆزترین و کۆنترین کێشەیەکە لە نێوان زانست و ئاییندا... هەڵبەتە بەو مانایەش نا کە (بڕوا) لە بری (ئیمان) و (باوەڕ) وەك باگکراوەندی راستی و راستبێژی و قەناعەت تەماشا بکەم، بەڵکو بەو مانایە کە بەکارهێنانەکانی وشەی بڕوا و بڕواکردن بۆ رەواندنەوەی (گومان) لە رووی سایکۆلۆجییەوە دەچێتەوە سەر رەچەڵەکی باوەڕ و باوەڕدارییەوە! وشەی باوەڕیش کە لە زمانی (فارسی) بە (Baver) دەخوێنرێتەوە، هەڵگری ئەو سنورە دیاریکراوانەیە کە (ئیمان) لە رووی دڵنیاییەوە دەیکێشێت! بە کورتی وشەی باوەڕ و باوەڕداری کە لە زمانی عەرەبی بە مانای (اعتقاد، معتقد، عقیدە، رای، مبدا، گریقە، ایمان، یقە، مژهب) بە کار دەهێنرێت، لە سەر یەك هێل لەگەڵ وشەی (بڕوا) و (بڕوا کردن) دەڕوا، کە لە زمانی عەرەبی بە مانای (مبداو، عقیدە، -یقە = یقین-، اعتقاد، تصدیق، ایمان، معتقد، رای) دێت... بەڵام پرسیاری من ئەوە نییە، کە لە رێگای ئیمانەوە بە یەقین دەگەین، یان لە رێگای راستییەوە بە بڕوا دەگەین؟! بەڵکو زۆر بە سادەیی دەمەوێت لە کۆی ئەو قسانەدا بڵێم لە زمان و کلتوری کوردیدا (چەمکی ئیمان) زێتر وەك چەمکێکی سایکۆلۆجی کاری پێدەکرێت و (چەمکی بڕوا) وەك چەمکێکی ئایدیۆلۆجی بە کار دەهێنرێت! بەو مانایەش (چەمکی بڕوا) لەو ناوەندەدا چەمکێکی بارکراوە و سادە نییە؟!
بەڵام ئەگەر (سادە نەبوونی) چەمکی بڕوا پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە دژ بوونەوە لە بەرانبەر چەمکی ئیمانەوە هەبێت، ئەوە (سادەبوونی) ئەو چەمکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خودی چەمکی بڕوا وەك (گۆڕاو) جیاوازی و دژە وەستان قبوڵ ناکات، واتە بە هەمان شێوەی چەمکی ئیمان هەموو شتێکی پێچەوانە و جیاواز لە خۆی، رەتدەکاتەوە... بۆ زێتر نزیکبوونەوە لەو چەمکەش لە بوارەکانی مەعریفە و فەلسەفەوە دەتوانین لە هەردوو کتێبی (فەلسەفەی بوون- لێکۆڵینەوەیەك لە هزری پاش میتافیزیك)ی دکتۆر (محەمەد کەمال) و کتێبی (مەعریفە و ئیمان)ی (بەختیار عەلی و هێمن قەرەداغی)دا بگەڕێین، بەڵام بۆ ئەوە نا ئیمان بە ئیمان تەفسیر بکەین و بڕوا بە بڕوا، بەڵکو بۆ ئەوەی بگەینە ئەو گوتەیەی نفێری، کە زانینی نەگۆڕ و جەهلی نەگۆڕ یەك شتە. (1)
چەمکی (باوەڕ) وەك چەمکێکی سادە و نەگۆڕ خۆی وەك سەرجەمی مانا و دەلالەتەکان نیشان دەدات، بەڵام باوەڕ هەر تەنها لە رێگای دڵنیاییەوە پەیوەندی بە ئیمانەوە نییە، بەڵکو دەلالەتەکانی بڕواشی لەخۆدا هەڵگرتووە، چونکە هیچ باوەڕێك بە مانا فەلسەفییەکەی لە دەرەوەی (بڕوا) بەو مانایەی کە راستی و راستەقینەیە، بوونی نییە... وەك چۆن هیچ (بڕوا)یەك ناتوانێت سنورەکانی بەکارهێنانی (باوەڕ) تەجاوز بکات، بەو مانایەش (بڕوا) و (ئیمان) دەکەونە نێو ئەو پانتاییەی کە بەکارهێنانی (باوەڕ) لە ساتەوەختێکی زەمەنی و مەکانی دیاریکراو سنورەکانی دیاری دەکات... بڕوا یان ئیمان ئاماژە بۆ یەك جۆر لە راستی دەکات، ئەویش سنوردانانە بۆ زانیارییەکان و قبوڵنەکردنی جیاوازییە!! چونکە وەك لە کتێبی (فەلسەفەی بوون)ی دکتۆر (محەمەد کەمال)دا هاتووە: بڕوا لەسەر جۆرێك لە زانین درووست دەبێت،

بەڵام لەگەڵ جێگیربوونی دەبێت بە دۆگما و لە ئاستی ئەگەری جیاوازدا دەبێ بە ڕێگر، چونکە بڕوا بانگەشەی دوا ڕاستی و دوا قۆناغی بیرکردنەوە دەکات..ل9-10. بەڵام حیکایەتی مرۆڤ و ئیمان لە کوێوە دەستپێدەکات، هۆکارە بایۆلۆژییەکانی مانەوەی ئیمان چیین، پەیوەندی نێوان بڕوا و نەزانین لە کوێوە دێت و لە کوێوە کۆتایی دێت؟ هەموو ئەو پرسیارانە و زێتریش دەشێ لە بەکارهێنانەکانی بڕوا و ئیمان لە زمانی کوردی و خەیاڵدانی تاکی کوردیدا هەڵگرینەوە.

وەك دەزانین خودی بیرکردنەوە لای (هیراکلیتس) بە لۆگۆس و پاشان (ئەفلاتوون) و (ئەریستۆ) بە هۆش یان ژیری ناوی دەبەن... ئەگەر وەکو (پرۆتاگۆس) و شاگردەکانی زانین و چۆنیەتی زانین بۆ بابەتە هەستییەکان و هەستەکی نەگەڕێنینەوە و پێمانوابێت هەست خۆی بە جیهانی ماتەرەوە دەبەستێتەوە، ئەوە دەکەوینە سەر ئەو هێڵەی کە هۆش یان ژیری ڕوو لە بابەتەکانی ئەودیو ماتەر دەکات، بەڵام نەك ئەو کاتەی کە هێزی بیرکردنەوە دەکەوێتە فۆرمگیرییەوە، نەك ئەو کاتەی کە فۆرمی بڕواگەریی داوا لە مرۆڤ دەکات بڕواگەر بێت و چیدی بیر نەکاتەوە، بەڵکو ئەو کاتەی کە مرۆڤ لە هێزی بیرکردنەوەی بەردەوامەوە جیهانبینی خۆی دیاری دەکات... لێرەدا ئەگەرچی پرسیارکردن لە بیرکردنەوە، پرسیارکردن نییە لە عەقڵێکی ڕووت، بەڵام ڕەنگە بێ پرسیارکردن لە خەیاڵی ئازاد پرسیارکردن لە بیرکردنەوە کورتی بێنێت! هەڵبەتە ئەگەرچی من نامەوێت لەو چەند ڕستەیەدا کێشەکانی نێوان مەعریفە و خەیاڵ، ئیمان و گومان زۆر قوڵ بکەمەوە، بەڵام بێ قسەکردن لە هێزی خەیاڵ و هێزی زمان، بێ قسەکردن لە ئاگامەندی ناتوانین قسە لە پرۆسەی بیرکردنەوە و گۆڕان بکەین، بە دیوەکەی دیکەش دەبێت بپرسین ئایا خەیاڵکردن دەکەوێتە دەرەوەی (پرۆتاگۆس) و شاگردەکانی... دەکەوێتە دەرەوەی بابەتە هەستییەکانەوە؟ دەمەوێت بڵێم مەحاڵە بتوانین خەیاڵ بخەینە دەرەوەی عەقڵ و بیرکردنەوە، مەحاڵە بە بێ هەستکردن بە دیاردەکان و نزیکبوونەوە لە دیاردەکان هێزی خەیاڵ بە دەست بهێنین، وەك چۆن مەحاڵە لە ڕێگای فۆرمەکانی زانینەوە خۆمان لە نەزانین ڕزگار بکەین، بەو مانایەش عەقڵ هەمیشە لە پەیوەندی بە خەیاڵ و خەیاڵکراو ڕۆڵی خۆی پرۆسیسە دەکات، گەڕانەوەش بۆ خەیاڵی ئازاد هەرگیز گەڕانەوە نییە، بۆ فۆرمێکی دیاریکراوی هەستکردن و بیرکردنەوە، گەڕانەوە نییە بۆ مەعریفەیەی چنراوی ئیلاهی، بە قەد ئەوەی بەرگریکردنە لە توانا لەبنەنەهاتوو و هێزە جیاوازەکانی مرۆڤ...

لێرەدا بەکارهێنانەکانی چەمکی بڕوا بە مانا ئایدیۆلۆجییە چەپگەراکەی ناچێتە خانەی دژە ئیمان بە مانا سایکۆلۆجییە ئایینەکەیەوە، بەڵکو دەبێتەوە فۆرمی کۆتایی خۆی... بەو مانایەش باوەڕ دەتوانێت بە بێ ڕاوەستان لەسەر شتێکی دیکە، هەبێت!! کەواتە وەك چۆن لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتیدا (ئیمان) وەك پێداویستییەکی زمانەوانی و کلتوری خۆی پێش باوەڕ دەخات، لە قۆناغێکی دیکەدا (بڕوا) وەك فۆرمێکی دیکە دەچێتە شوێنییەوە، بەڵام سەرچاوەکەیان باوەڕە، هیچ فۆرمێکیش لە فۆرمەکانی (باوەڕ) لە دەرەوەی دۆگما ناژیت، کەچی خەیاڵ و هێزی خەیاڵ هەمیشە لە دەرەوەی فۆرمەکان ئازادی خۆی بە دەست دەهێنێت.

ئەگەر لەمڕۆماندا بمانەوێت لە زمانی کوردی خەیاڵدانی تاکی کوردی بەکارهێنانەکانی دەستەواژەی (بیروباوەڕی جیاواز) ڕاڤە بکەین، نابێ وەك پێکهاتە تەماشای نەکەین، ئەگینا دووچاری ئیشکالیی فیکری و فەلسەفی دەبینەوە، چونکە وەك ڕوونمانکردەوە خودی (باوەڕ) دۆگمە، بەڵام (بیر) لەبەر ئەوەی هێزی خەیاڵ و ئازادی خەیاڵی لەگەڵدایە جۆراوجۆر دەکەوێتەوە... وەك دەزانین دۆگم جیاوازی قبوڵ ناکات، بەڵام بیرکردنەوە ئەگەرچی هەوڵیش بدات خەیاڵکراوەکانی خۆی بخاتە پێشەوە، بەڵام مەرج نییە شێوەیەکی دۆگماخوازانەی هەبێت! ئەوەش جیاوازی نێوان بیر و باوەڕە... جیاوازی نێوان ئیمان هێنان و وەرزی ساردە، کە خەیاڵێکە لە خەیاڵکراوەکانی (فروغ)... لەلایەکی دیکە لە بەکارهێنان و خەیاڵدانی کوردیدا کاتێك یەکێك دەڵێت: بە بڕوای من ئەو مەسەلەیە ئاوا دەبێت... واتە کۆی داتا و زانیاری و بیرکردنەوەکانی من تا ئەوەندە بڕ دەکات، ئەوە ئەو ڕاستییەیە کە من پێیگەیشتووم.. بەڵام کاتێك دەڵێت: ئیمانم بەو مەسەلەیە هەیە.. واتە هەموو زانیارییە زیادەکانی تۆ ناتوانێت ئەو دڵنیاییەی

من لەق بکات، چونکە هەندێ شتی نادیار هەیە زانیارییە بەربڵاوەکانی تۆ پەی پێنابات... هەڵبەتە ئەو گریمانە زمانەوانییەی من لە نێوان (بڕوا و ئیمان) لەوێوە نایەت، کە هەمیشە رووبەری نهێنی و رووبەری سایکۆلۆجی لە رووبەری دیارو زانراو، لە رووبەری ئایدیۆلۆجی گەورەترە، بەڵکو لەوێوە دێت، کە دەشێ بۆ تاکی کوردی (بڕوا) سنورەکانی راستی ئەمڕۆ دیاری بکات، بەڵام (ئیمان) بەشێکی پەیوەندی بە ئاییندە و نادیارەوە دەکات، کە دڵنیایی و قەناعەت پڕی دەکاتەوە! بێگومان بەو مانایە نا کە بڕوا دەتوانێت لە دەرەوەی دڵنیایی و قەناعەتەوە بژی، بەڵکو بەو مانایە کە هەمیشە بەڵگەنەویستەکانی ئیمان وەك موقەدەس، وەك دەست لێنەدراو دەمێننەوە...

(2)

ئەگەر حیکایەتی ئیمان بۆ مرۆڤی رۆژهەڵاتی بکەوێتە پێش ناسینی دنیاوە، وەك (هێمن قەرەداغی) لە کتێبی (ئیمان و مەعریفە)دا قسەی لێدەکات، ئەوە کێشەی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی وەك (بەختیار عەلی) دەینوسێت، ئەوەیە کە ناتوانێت دان بەو درزانەدا بنێت، کە لە زانیارییەکانیدا هەیە... ئەو دوو بۆچوونە لەوێدا لە یەك نزیك دەبنەوە کە (مرۆڤ ئەوەیە کە هەیە)، لەوێشدا لە یەکجیا دەبنەوە کە (مرۆڤ هەر تەنها ئەوە نییە، چونکە دەتوانێت زێتر بێت)! لە پشت مرۆڤی یەکەم فۆرم و کلتورێك هەیە و نادیارەکان رەنگ دەکات! لە پشت ئەوەی دووەمیان هێز و سەرکێشییەك، خەونەکان دەنەخشێنێت! یەکەمیان پێمان دەڵێت لە نێو کلتورێکی دیاریکراودا دەژین، دووەمیان پێمان دەڵێت ژیان لە پێشمانە! رەنگە ئەوەش بە شێوەیەکی گشتی کێشەی نێوان ئیمان و مەعریفە بێت، کێشەی نێوان مرۆڤی ئاراستەکراو و مرۆڤی یاخی، مرۆڤی دڵنیا و مرۆڤی بە گومان... بەڵام لە بیرمان نەچێت (بەکارهێنان) گرنگیەکی گەورەی هەیە لە ناسینی ئێمە بۆ ژیان، چونکە ئێمە ناتوانین مانای حەقیقی شتێك کەشف بکەین تا پەسنی ئەو شتە یەکسان نەکەینەوە بە وێنەکەی لە عەقڵماندا، وێنەیەك کە بەرهەمی بەکارهێنان و ئەزموونکردنی ئەو شتانەیە..(ل244 مەعریفە و ئیمان) لێرەدا پرسیاری من لەوە نییە، کە عەقڵ دەیگاتێ و عەقڵ نایگاتێ... ئیمان تێزێکی عەقڵانییە، یان ناعەقڵانییە... بەڵکو دەمەوێت بپرسم پەیوەندی (چێژ) و (بە ئامرازکردنی دنیا) چ توانایەك بەرێوەی دەبات؟! کەواتە راستە کێشە ئەوە نییە باوەڕمان بە عەقڵ هەبێت یان نا، باوەڕمان بە زانست هەبێت یان نا، باوەڕمان بە تەکنۆلۆجیا هەبێت یات نا، بەڵکو کێشە لەوێدایە کە ئەو باوەڕانەمان وەك دوا حەقیقەت و دوا تەفسیر و دوا فۆرمی عەقڵانی بخەینە روو.. چونکە لە بنەماوە ئێمە کائینێك نین بۆ بەرهەمهێنانی حەقیقەتی رەها، بەڵکو هەمیشە حەقیقەتی لۆکاڵی بەرهەم دەهێنین کە زەمەن بەجێیدەهێڵێت و فۆرمی تری حەقیقەت بەسەریاندا دێت.. هەموو ئەو قسانەی (هێمن قەرەداغی) پێماندەڵێن مرۆڤ لە گەشتێکی بەردەوامی دۆزینەوەی حەقیقەتدایە، مرۆڤ لە هەر قۆناغێکدا بە شێوەیەکی جیاواز خۆی نوێ دەکاتەوە، مرۆڤ لە شوێنێکی بێ متمانەوە بەرەو دەرەوە هەنگاو دەنێ، بێ ئەوەی بزانێ بەرەو کام و کوێ و چ ... هەموو ئەو سەبتایتڵانە دەکەونە ژێر یەك تایتڵی شیعری: مرۆڤ بوونەوەرێکە بۆ بەرهەمهێنانی خەیاڵ..

کەواتە هەموو ئەو هەوڵە لە بننەهاتووانەی مرۆڤ بۆ ژیان و نوێبوونەوە، هەموو راڤەکردنەکانی نێوان مرۆڤ و زمان، مرۆڤ و زەوی، بە قەد ئەوەی راستەوخۆ پەیوەندی بە خەیاڵی ئیبداعی و چێژەوە هەیە، بە قەد ئەوەی پەیوەندی بە گومان و نیگەرانیەکانەوە هەیە، بە قەد ئەوەی پەیوەندی بە تێگەیشتن و راڤەکردنەوە هەیە... ئەوەندەش ئیمان و بڕوا جێدەهێڵێت! بەو مانایەش پرسیار ئەوە نییە، چۆن روو لە بەکارهێنانەکانی بڕوا بکەین، حیکایەتی مرۆڤ و ئیمان لە کوێوە کۆتایی دێت... بەڵکو ئەوەیە مرۆڤ چۆن بوونی خۆی پرۆسیسە دەکات، مرۆڤ چۆن خۆی بۆ دنیا و زمان دەکاتەوە؟!

دواجار دەمەوێت لەگەڵ هایدگەر بڵێم زمان ماڵی بوونە! بەو مانایەش هەمیشە مرۆڤ لە خەیاڵی شیعرییەوە هەنگاو بەرەو واقیعێك دەهاوێژێت کە واقیعی ئەو نییە، بەرەو مانایەك هەنگاو دەنێت کە زمانی مەجاز دەینەخشێنێ، چونکە ماڵی زمان دڵنیایی ناس ناکات، چونکە

هەمیشە مرۆڤ لە خواستی دۆزینەوەی مانایەکی دیکە و بەکارهێنانێکی دیکە و تێڕوانینێکی دیکەدا دەژی، بەڵام ژیان هەرگیز چارەسەری نەزانینمان ناکات، بەڵکو هەمیشە وەك شێوازێکی دیکەی ئەزموونە جیاوازەکان دەکەوێتەوە، هەرگیز ژیان چارەسەری نەزانینمان ناکات، بەڵکو توانایەکە بۆ گەیشتن بە مەعریفە و چێژ و جوانی، ژیان توانایەکە وێنەی بوونەوەرە جیاوازەکان دەکێشێت، ژیان شیعرە، مرۆڤ شاعیرانە کەوتۆتە نێو ژیان.

## فانتازیای کۆنەپەرستی

لە کۆمەڵگای تەندروستدا فیکر و کلتور لەسەر بنەمای گەشەکردنی ناوەڕۆکی مەعریفی و ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژی پێشدەکەوێت، مەعریفە بە هۆی پێشکەوتنی زانست، ئایدیۆلۆژیا بەهۆی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە... کەچی لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا مەعریفەی فیکری هەر ئەوەیە کە هەیە، ئەوەی کە دەگۆڕێت ئایدیۆلۆژیایە، بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی و بۆشاییەکانەوە دەست بەسەر کلتور و مەعریفەدا دەگرێت. کەواتە ئەوەی کە لە فیکری کۆمەڵگای بنبەستوودا گرنگە مەعریفە و داهێنان و تازەگەری نییە، بەڵکو ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت (رابردوو و کەلەپور) زیندوو بکرێتەوە، هەوڵ بدرێت وێناکردنی (کۆن و تەقلیدی) لەلایەن عەقڵەوە بە پەسەند بزانرێت، هەوڵ بدرێت تەسەوری عەقڵی رەوایەتی خۆی لە بۆچوونی (رابردوو و کەلەپور و سوننەتگەراییەوە) وەربگرێت. ئەگەر ئەو شێوەیە لە عەقڵانیەت زاڵبوونی شێوەیەکی ئایدیۆلۆجیا بێ بەسەر ژیاندا، هەژموونی دابونەریتی بنبەستووی کۆمەڵایەتی بێ بەسەر زانستدا، ئەوە پێویستە کۆمەڵگای کوردی بە کۆی دەزگا مەعریفی و کلتوری و ئایدیۆلۆژییەکانییەوە وەك دروستکەری فانتازیای کۆنەپەرستی بخوێنینەوە.

**رەسەنایەتی/ داهێنان**

بە کورتی ئەمڕۆ قسەکردن لە بارەی رەسەنایەتی و بڕوابوون و ناسنامە و ستایل و ناسیونالیزم، قسەکردن لە گەڕانەوە بۆ ئەسڵێکی کۆن و رووداوی یەکەم و کەلەپور و یادەوەری نەتەوە... قسەکردنێکی سیاسییانەی پۆپۆلیستییە بۆ مەسرەفی رۆژانە، هەرگیز پرسیارێکی گرنگی هەڵنەگرتووە، ئەو شێوەیە لە قسەکردن چوارچێوەیەکی فانتازیی لە نێو کلتور و پانتاییە ئەدەبی و هونەری و میدیاکانی کوردی بۆ خۆی بردووە، لە رێگای تێگەیشتن و خۆناسینەوە نا، بەڵکو وەك سروتی گەڕانەوە و ئامادەکردنەوەی رووداوە سەرەتایی و دامەزرێنەرەکان، وەك ئەوەی کۆمەڵگای کوردی بە یەك رۆژ لە دایك بووبێت و یەك رەنگ و دەنگی هەبێت... لە رێگای پەیوەندیکردن بە مەعریفەی ئەویدیکەوە نا، بەڵکو وەك ئەوەی کۆمەڵگای کوردی خاوەنی خودێکی پڕ داهێنان و تۆکمە و جێگیر بێت؟! بەڵام بەشێکی گەورەی گەڕانەوە بۆ رابردوو لە نزیکترین پێناسەیدا پەیوەندی بە فەرامۆشکردنی فیکر و نەبوونی جیهانبینی سەردەمەوە هەیە، وەك چۆن پەیوەندی بە نەبوونی بابەتبووندایە.

لە پانتایی کلتوری کوردیدا سۆزی گەڕانەوە بۆ رابردوو، هەر تەنها زار قەرەباڵغییەکی گەورەی نەوەیەکی بنبەستووی (رۆشنبیریی/سیاسی) کوردی بەدوای خۆیدا کێش نەکردووە، بەڵکو لە خودی گەڕانەوە بۆ نەریت، نەریت دادەهێننەوە... نەوەیەك کە هیچ ئامادەییەکی فیکری و مەعریفی لەمڕۆ پڕ لە جیاوازیدا نیشان نەداوە، بۆیە لەبری ئەوەی وەك بکەر دەربکەوێت، دەیەوێ وەك رەمز (رەمزی دەسەڵاتی رابردوو) ئامادەی زەمەنەکان بێت، هەموو ئامادەییەکی رەمزیانەش خۆی لە سەرووی واقیع دادەنێت و هێز و توندوتیژی نەبێت، مەعریفە و گفتوگۆ و بیروڕای جیاواز و دنیابینی جیاواز ناناسێت... دەمەوێ بڵێم دەشێ کۆی ئەو پەرگیری و توندوتیژی و (قسەکردن لەبری هەمووان) شێوازێکی نادروستانەی دەسەڵاتی سیاسی شکستخواردووی کوردی بێت و بەرەو پانتاییەکانی دیکەی کلتوری دزەی پێکرا بێت! لێرەدا هەوڵدەدەم لە رێگای راڤەکردنی دووری و نزیکی لە (مەرجەع- سەرچاوە-coming back) بڵێم کۆمەڵگای پەرێزخواز و داهێنان پێچەوانەی یەکتر بیر دەکەنەوە، خودێك کە سیستم بە خواستی خۆی لە قالبی دەدا و خۆناسی (خوێندنەوەی خودە بە پێوەری خود) پێچەوانەی یەکتر دەکەونەوە، یەکەمیان داخران بەرهەمدەهێنێ و دووەمیان روو لە کرانەوەیە.

داهێنان لە دۆزینەوە و نوێکاری و بەرهەمهێنانەوەی بێ سنور بەرجەستە دەبێت، هەمیشە دنیایەکی نوێ و روانینێکی جیاواز و مەعریفەیەکی دیکە دەخاتەوە، بەشێکی گەورەی داهێنان پەیوەندی بە خۆناسین و خەیاڵێکەوە هەیە، کە لە حاڵەتی کرانەوە و جیاوازی و دەرککردندایە، عەقڵێك کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ئەویدیکە و زمان و ژینگەی دەرەکییەوە دەکات، بەو مانایەش پەیوەندی داهێنان بە جیهانەوە پەیوەندییەکی دینامکییە و لەسەر گۆڕانکاری و قبوڵکردنی ئەویدیکەی جیاواز و بێ سنوری وەستاوە. داهێنان هەمیشە دەکەوێتە ئەودیوو سنورەکان و چوارچێوەکان و بە شێوەیەکی ستوونی دادەبەزێ و لە قوڵایی فیکر و ئەزموون و دنیابینیدا خۆی واز دەکات، دنیای داهێنان دنیای بەیەکەوە هەڵکردن و هاوژیانی و شیعرییەت و چێژە، دنیای رەنگە جیاوازەکان و هەست و نەستە جیاوازەکان و مرۆڤە جیاوازەکانە، داهێنان بەردەوام دنیا بە شێوەیەکی کتوپڕ بەرهەم دەهێنێتەوە... چەمکی داهێنان بە چەمکی (ئازادی)یەوە بەندە، بەو مانایەی کە سنورەکان ناناسین. چەمکی داهێنان بە چەمکی (خۆشەویستی)یەوە بەندە، بەو مانایەی کە ئەو کاتەی خۆشەویستی دادەهێنرێت، خود بوونی نییە، خود بە توانای دەربڕن و ئەزموونەوە دەلکێ، داهێنان بە زەین و کاری کردەی لە ناکاو، ساتی داهێنان دەکەوێتە دەرەوەی تێگەیشتنی فیکر و ئەزموون و بیرەوەرییەوە. داهێنان بەردەوام کار لەسەر هەڵوەشانەوە و دووبارە بونیادنانەوە دەکات، کار لەسەر پرسیار و ئیقاعە نوێیەکانی سەردەم دەکات، هەر لەوێشەوە دژی پەڕگیری و جێگیر بوون و بیرکردنەوەی بنبەستوو رادەوەستێت، وەك چۆن نە بڕوای بە سێنتەر هەیە نە بە پەراوێز، نە لە رێگای شتە مەزنەکانەوە راست دەبێتەوە، نە بە هۆی شتە بچووکەکانەوە سۆزی ئەویدیکە بۆخۆی رادەکێشێت. لە داهێناندا (رابردوو و ئێستا و ئاییندە) لە تاکە جولەیەکی هەنووکەییدا بەیەکدەگەن، جولەیەکی لەپڕی ئیبداعی، بەرەو کردەیەکی ترسناکی داهاتوومان دەکاتەوە... بۆیە ئەو رستەیە لای زۆربە دووبارە دەبێتەوە کە دەڵێین: داهێنان زەمەنی تایبەت بەخۆی کەشف دەکات. بەڵام رەسەنایەتی لە تێربوونی خۆیدا دەژی، (تێربوونی خود) و (کەشفکردنی ژیان) ئەگەرچی دووانەیی دژ بەیەکیش نەسازێنن، هەڵگری دوو راڤەکردنی جیاوازن، چونکە لەلایەك ناتوانین رەگەزە زیندووەکانی رەسەنایەتی، ئەوەی لەگەڵماندا هەناسە دەدات، لە کەشفکردنی ژیان و کرانەوە و ئازادی و فرە رەنگی دوور بخەینەوە، واتە ناتوانین کۆی کەلەپور بە هاوشانی کۆن و رەسەنایەتی لە قەڵەم بدەین و تازەگەری بە هاوچەرخ و داهێنان بناسێنین. نە یەکەمیان رەمزی دواکەوتنە و نە دووەمیان پێشکەوتن، رەسەنایەتی لە رەگەزی دواکەوتوو و مردوو بەتاڵ نییە... تازەگەریش مەرج نییە هەمیشە ساتەوەختێکی مەعریفی دامەزرێنێت، تازەگەری دەشێ لە دەمارگیری بەتاڵ نەبێت! داهێنان مەرجی گەڕانەوە بۆ رابردوو ناسەپێنێت، وەك چۆن هەموو تازەگەرییەکیش داهێنان نییە.

ئەمڕۆ (زیندووکردنەوەی کەلەپور) وەك مۆدیلی فیکری خۆرهەڵاتی، بەشێکی زۆری کلتوری کوردی و دەسەڵاتی سیاسی کوردی لەگەڵ خۆی دەبات، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە (سەلەفی و تەقلیدییەکان) نوێنەرایەتی دەکەن، جگە لە فۆرم گۆڕین، لە رووی مەعریفییەوە لەسەر هیچ نەگوتن وەستاوە! لە بەرانبەر ئەوە (سروش وەرگرتن لە کەلەپور) بژاردەیەکی دروستکراوە و دەکەوێتە نێوان (کەلەپورخوازان و هاوچەرخخوازانەوە)، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە تەنها دووڕوویی سیاسی و بەتاڵی رۆشنبیریی نیشان نادات، بەڵکو دەکەوێتە دەرەوەی بوێری و بڕوابوون بەخۆوە، مەبەستم لە بڕوابوون ئەوەیە کە کار ئاکامی کردەوەیە, کردەوەش مەعریفە بەرهەم دەهێنێ، بە دیوەکەی دیکەش بوێری بە روونی بە تاکەوە بەستراوەتەوە و تاك بە مەعریفەوە، مەعریفەش بە ئازادییەوە! عەقڵ لەسەر بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی مەعریفە کار دەکات و بیرکردنەوە لەسەر بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی ئازادییەوە وەستاوە... ئاراستەی سێیەم لەسەر (دووبارە خوێندنەوەی کەلەپور) خۆی بونیاد دەنێت و (ئازادیخوازەکان) نوێنەرایەتی دەکەن.

بەڵام کۆمەڵگای کوردی نە خاوەنی دابڕانێکی مەعریفییە تاکو پارێزگاری لەو سەربەخۆییەی بکات و نەهێڵێ خودی پڕ لە داهێنانی شێلو ببێت، نە توانیوویەتی لەخۆی بێتەوە و بونیادێکی هەنووکەیی لەبەر ڕۆشنایی مەعریفەی ئەویدیکە فەراهەم بکات؟!

**باوەڕ/ ترس لە بۆشایی**

باوەڕ لە بارەی ڕاستییەوە دەکرێ حاشای لێبکرێت، بەڵام حاشا لە ڕاستی ناکرێت. بەو مانایەش وەك (کریشنا مۆرتی) لە کتێبی "یەکەمین و دوایین ڕزگاری"دا دەڵێت دەتوانین بێ پشت بەستن بە باوەڕ کار بکەین، بە دیوەکەی دیکە لە کۆی بەرهەمەکانیدا هەمیشە هانماندەدا بە دوای خۆناسین و مەعریفەوە بین! ئەوە بەو مانایە نایەت، کە باوەڕ خاوەنی مەعریفەی خۆی نییە؟! باوەڕی سیاسی، ئایدیالۆژی، باوەڕ بە خوا، بە ئایین، بە ئایینزا، بە مەزهەب، بە دابونەریت، بە کەس... بەڵکو بەو مانایە دێت، کە ڕاستی دەبێ لە ڕێگای تێگەیشتن و ڕاڤەکردنەوە، لە ڕێگای دید و مەعریفەی جیاوازەوە کەشف بکرێت، ڕاستی شتێك نییە کە لە ڕێگای فیکرەوە بناسرێت، لە ڕێگای عەقڵەوە دیاری بکرێت، چونکە عەقڵ بەرهەمی ناسراوەکانە، بەرهەمی یادەوەرییە، عەقڵ بەرهەمی پێداچوونەوە و تەتەڵەکردن و ڕێکخستنەوەی ڕابردووە، عەقڵ بە زەرورەت مانای ئەو شتانە نییە کە فیکرە، بەڵکو ئاماژە بە (کار) دەکات، عەقڵ تەنها ڕوویەکی ڕاستی ناس دەکات، عەقڵ و بیرکردنەوە ڕاستی کەشف ناکەن، بیرکردنەوە بەرهەمی ئازادییە...

پرۆسەی کەشفکردن، هەنگاونانە بەرەو نادیاری، بەرەو نەناسراوی، بەرەو تاریکی... تێگەیشتن و ڕاڤەکردن واتە ڕێگادان بە ڕاستی بۆ ئەوەی بدوێت، یان بۆ ئەوەی لە ڕێگای پەردەپۆشین و پەردەنەپۆشین بە کردەی کەشفکردن ڕابێتەوە، بەڵام ڕاستی لای کەس نییە، ڕاستی دەبێ هەوڵی کەشفکردنی بدرێت، ڕاستی بە بیرکردنەوە و یادەوەری کەشف ناکرێ، عەقڵ و بیرکردنەوە و یادەوەری بەرهەمی ڕابردوون، عەقڵ و بیرکردنەوە دەشێ ڕوویەکی ڕاستی بناسێنن، بەڵام ڕاستی ڕەها بوونی نییە! بەشێکی گەورەی ڕاستی دەکەوێتە نادیارەوە، عەقڵ و بیرکردنەوە ڕێگا بۆ ڕاستی خۆش دەکەن بە ئازادی کار بکات، عەقڵ و بیرکردنەوە پۆشین و نەپۆشین وەك مەعریفە لێکجیا دەکەنەوە... لێرەوە دکتۆر (محەمەد کەمال) لە کتێبی ((فەلسەفەی بوون- لێکۆڵینەوەیەك لە هزری پاش میتافیزیك، ل9-10)دا دەڵێت: بڕوا لەسەر جۆرێك لە مەعریفە دروست دەبێت، بەڵام لەگەڵ جێگیربوونی دەبێت بە دۆگما و لە ئاستی ئەگەری جیاوازدا دەبێ بە ڕێگر، چونکە بڕوا بانگەشەی دوا ڕاستی و دوا قۆناغی بیرکردنەوە دەکات... کۆی ئەو قسانەش ئەوە دەسەلمێنێ کە "نفێری" دەڵێت زانینی نەگۆڕ و جەهلی نەگۆڕ یەك شتن.

بەڵام مرۆڤ چۆن (باوەڕ) قبوڵ دەکات، چۆن بە دەستی دەهێنێ، چۆن دەکەوێتە ناو سنورە دیاریکراوەکانی باوەڕەوە؟ ئایا تەماشاکردنی مرۆڤ وەك (بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی) سەرەتای بڕواهێنان نییە... یەکێك لە هۆکارەکانی ئارەزوو بۆ قبوڵکردنی باوەڕێك، ترسە. چوونە نێو کۆمەڵ جگە لە خۆشاردنەوە لە هەرێمە تاریکەکانی ئەویدیکە، شتێکی دیکە نییە، سنورە نادیارەکان زۆر لە سنورە دیارەکان گەورەترن، ڕووبەرە نهێنییەکان زۆر لە پانتاییە کەشفکراوەکان بەرفرەوانترن.... بۆیە ئەگەر مرۆڤ باوەڕ نەهێنێ چی بەسەر دێت، ئەگەر مرۆڤ خۆی نەداتە پاڵ کۆمەڵ، چۆن دەتوانێ بەو هەموو لاوازییەوە خۆی بپارێزێت، ئایا نابێت لەو شتەی کە لەوانەیە ڕووبدات بە توندی بترسێت؟ مرۆڤ هەر لە تەماشاکردنی وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی عادەتی بە باوەڕەوە گرتووە، ئەگینا خۆمان بە گومبوو دەزانین! کەواتە قبوڵکردنی باوەڕ جگە لە ڕاکردن لە ترس، جگە لە خۆشاردنەوە، جگە لە بڕوابوونێکی سەرەتاییانە، جگە لە خۆخستنە پاڵ دیار... شتێکی دیکە نییە، مرۆڤی باوەڕدار مرۆڤی عوسابییە، مرۆڤی نیرۆسی، هەست بە هێز ناکات، دەترسێ و دەسەوەسانە، مرۆڤی نیرۆسی هوشیار نییە و خۆی ناناسێ... مرۆڤی عوسابی پێویستی بە بوونی خۆناسی نییە، تەنها باوەڕهێنان بۆ ئەو بەسە.

له بیرمان نەچێت عەقڵ بەرهەمی رابردووە، عەقڵێك كە بە باوەڕەوە سیخناخە، عەقڵێكە لەسەر دووبارەبوونەوە كار دەكات، عەقڵێكە سنوردار، مرۆڤی بنبەستبوو بۆ ئەوەی لە ترس رابكات، بۆ ئەوەی لە خاڵیبوون رابكات، بۆ ئەوەی لە نهێنی ئەویدیكە رابكات، هەوڵی تێپەڕاندن نادات، بەڵكو خۆی بە باوەڕێكەوە كۆت و بەند دەكات، هەوڵی ئازادی نادات، خۆی دەخاتە نێو بڕوابوونێكی سنوردارەوە... ترسی مرۆڤ لە تەنیایی، گۆشەگیری، ترسی مرۆڤ لە مەندبوون، لە نەكران، لە نەگەیشتن بە شتێك یان شوێنێك، ترسی مرۆڤ لە سەرنەكەوتن، ئەوە پرسیارەكە نییە، پرسیار ئەوەیە ئایا لە رێگای باوەڕەوە بە خۆناسین دەگەیین، ئایا لە رێگای باوەڕەوە بە ئازادی دەگەیین؟
بەهای مرۆڤ نەبەستراوەتەوە بە سەركەوتنەكانی، بە چەندێتی شتومەك كڕینی لە بازاردا، بەوەندە سەرمایەی هەیەتی، بە موڵك وماڵی، ئادەمیزاد لە گۆشەنیگای هێزی تایبەتی خۆی و توانای خۆشەویستییەوە هەڵدەسەنگێنرێت ... هەمیشە مەعریفە كرانەوەیە و نەزانین داخران، هەمیشە خۆشەویستی قبوڵكردنی جیاوازییە و هەمیشە هەوڵدان بۆ مەعریفەی جیاواز گۆڕان دروست دەكات و باوەڕ وەستان، بۆیە هەر چەندە سنورەكانی هوشیاریمان بەرفرەوان بێت، باوەڕبوون كەمتر دەبێتەوە، چونكە باوەڕ سنوری مەعریفەی دیارە، بەڵام توانای مرۆڤ بێ سنورە، مرۆڤ بوونەوەرێكی نەگۆڕ نییە و هەمیشە لە گۆڕاندایە، مادام ئێمە بە دوای مرۆڤایەتی و خۆشەویستی و ئازادییەوەین، بۆ دەبێ باوەڕ بكەینە هۆكاری دژ بە یەكبوونمان، رق لە یەكبوونمان، بۆ دەبێ باوەڕ بكەینە پەردەی لێكجیابوونەوەمان، بۆ دەبێ لەسەر باوەڕ بە گژ یەكدا بچینەوە، بۆ خۆمان بە باوەڕێكەوە دەبەستینەوە، بۆ خۆمان لە كونجی باوەڕێكەوە گۆشەگیر دەكەین، بۆ ئازادی و خۆشەویستی خۆمان بۆ دنیا بەیان ناكەین، بۆ خۆمان بە باوەڕێكەوە كۆتوبەند دەكەین... فیلمی (كۆنفۆ پاندا) ئیزدیواجیەتی خۆناسین و بیڕوابوونمان بۆ روون دەكاتەوە، فیلمی (كۆنفۆ پاندا) گوزارشت لە دیسپلینی سەربازی رۆژهەڵاتی دەكات و مەبەستی گەیاندنی جەوهەری عیرفانی رۆژهەڵاتییە، لە هەمان كاتدا بە پێی قسەی (سلاڤۆ ژیژەك) ئایرۆنییە و گاڵتە بە باوەڕەكەی خۆی دەكات، ئەوەی زۆری سەرنجی ژیژەك رادەكێشێ لەو فیلمەدا گاڵتەكردنە بە ئایدیۆلۆژیا، بەڵام ئایدیۆلۆژیا هەر دەمێنێ! ژیژەك لە تەماشاكردنی بۆ ئەو فیلمە رەنگە مەبەستی ئەوە بێت كە: "ئایدیۆلۆژیا لەمڕۆدا بڕوایەكە بە هەمان شێوەی ئیمانی رۆژهەڵاتی كار دەكات." ئەو خوێندنەوەیە (وەك ئەوەی من بیری لێدەكەمەوە) هەم ئایدیۆلۆژیا هەڵدەسەنگێنێ، هەم دیدی رۆژهەڵاتی بۆ ئیمان دەخاتە روو. دواجار ئەو خوێندنەوەیە پێمان دەڵێت: هەرگیز كەسی باوەڕدار (وەك بانگەشەكەری دوا راستی) كەسی ئاشتیخواز نییە، هەرگیز كەسی باوەڕدار كەسی ئازاد نییە، هەرگیز كەسی باوەڕدار كەسی خۆشەویست نییە، لە پرۆسەی خۆشەویستیدا دووچاری رێگری دەبینەوە، لە پرۆسەی خۆشەویستیدا جیاوازی جوانییەكانی خۆی دەنەخشێنێت، بەڵام لە نێو باوەڕداران و ئایدیۆلۆژكاراندا رق بوونەوە لە یەكتر، نكۆڵیكردنی یەكتر، قبوڵنەكردنی یەكتر... هەڵگری یەك ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕن و یەكتری قبوڵ ناكەن، دژ بە یەكتر كار دەكەن، چونكە هەریەك دەیەوێ سنوری نەزانینی خۆی بپارێزێ و بەرگری لە نەگۆڕی و كۆتوبەندی خۆی بكات، هەر كەس دەیەوێ خۆی زێتر لە بەندایەتی ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕەكەی نزیك بكاتەوە، خۆشتر خۆی رادەستی پەڕگیری بكات... ئەی ئازادی و خۆشەویستی و جیاوازی دەكەوێتە كوێی مرۆڤایەتییەوە؟
لە شەڕی حەوتەمی سەلیبیدا كە(سانت لویس) سەركردایەتی دەكرد، (ئیڤۆ لوبرۆتۆن) دەگێڕێتەوە: رۆژێك لە سەرەڕێیەكدا تووشی پیرێژنێك بووم، كە دەفرێكی ئاگر بە دەستی راستییەوە و كاسەیەك ئاویش بە دەستی چەپییەوە بوو. لە وەڵامی ئەوەی كە ئەو دووانەی بۆچی هەڵگرتووە پیرێژنەكە گوتی: دەمەوێ بە ئاگرەكە وەها بەهەشت بسوتێنم هیچی لێ نەمێنێتەوە و بە ئاوەكەش وا ئاگری جەخەنەم خامۆش بكەم گڕێكی لێ جێنەمێنێ: چونكە دەمەوێت كەس نە

بۆ پاداشتی بەهەشت چاکە بکا و نە لە ترسی ئاگری دۆزەخ. بەڵکو تەنها بۆ خۆشەویستی خودا بیکات.

**ناسنامە/ پەڕگیری**

رەنگە وشەی (ناسنامە) وشەیەك نەبێ هاوشانی (یەکگرتنەوە لەگەڵ خود) هەنگاو بهاوێژێت، بەڵام دەشێ پێکهاتەی ئەو وشەیە لە زۆر رووەوە تێگەیشتنێك لە بارەی ناسینەوە وێنا بکات! ناسنامە وشەیەکی ئاوێتەیە و لە (ناسین) و (نامە) پێکهاتووە، نامەی ناسین ئەگەرچی حەقیقەتێکی رەهای بۆ نموونە وەك زمان و خەسڵەتە جەوهەری و هاوشێوەکانی ناسین و ئاراستەی ناسین دیاری ناکات، بەڵام بە گشتی شتێکمان لە بارەی ناسینەوە بە شێوەیەکی بێلایەنانە پێرادەگەیەنێت، کەواتە ناسنامە وەك ئەوەی دەلالەتی ناسینی لەخۆدا هەڵگرتووە، شیاوی فرە جۆری تێگەیشتنی تێدا دەبێتەوە، ناسنامە نامەیەکی کراوەیە لە بارەی ناسینەوە، بەو مانایەش زمانی کوردی بەشدارییەکی بێلایەنانەی لە بارەی ناسینەوە هەیە.

ناسنامە وەك زاراوە پەیوەندی تاك بە کۆمەڵگاوە دیاری دەکات و خەسڵەتە جەوهەری و جیاواز و هاوشێوەکانی تاك و کۆمەڵگا دەکێشێت، هیچ کۆمەڵگایەك بێ ناسنامە وێنا ناکرێت، بەڵام بەو مانایەی کە پێکهاتەکانی ناسنامە جێگیر نییە و بەپێی بارودۆخ گۆڕانی بەسەردا دێت: ناسنامەی کەسی، ناسنامەی کۆمەڵایەتی. رۆشنبیریی، نەتەوەیی... لە کۆمەڵگای سێیەمدا هەژموونی کۆ بەسەر تاکدا هەژموومێکی گەورەیە و لە رەفتاردا دەردەکەوێت، ئەوەش تەواو پێچەوانەی کۆمەڵگا تاکخوازەکانی خۆرئاواییە، کە بە شێوەیەکی گشتی تاکێتی زاڵە بەسەر رەفتاری رۆژانە و جۆری هاوبەشیکردن لە نەخشە و پرۆژەکانی کۆمەڵدا... لە کۆمەڵگای سێیەمدا ناسنامەی کۆمەڵ ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی و رۆشنبیریی بە شێوەی سیاسی و دەروونی هەژموونی هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگا تەکنۆلۆژی و سیاسییە پێشکەوتووەکاندا چەمکی ناسنامە بە تاك و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانەوە دەلکێت، یەکەمیان دەشێ بە قەیرانی ناسنامە ناوی بەرین، کە(داریوشی شایگان) لە کتێبی (وەهمەکانی ناسنامە) وەك (وێنەی سەپێنراو بەسەر خود) قسەی لێدەکات. قەیرانی ناسنامەش بە تێگەیشتن و هۆشیاریی کۆمەڵگاوە بەندە. چونکە ناسنامە گوزارشت لە ماهیەتی تێگەیشتن و هوشیاری دەکات، گوزارشت لە ماهیەتی فیکر و رۆشنبیریی و ژیاری مرۆڤ دەکات.

پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە رووی تێگەیشتن و زانیاری و تەکنۆلۆژیا و میدیاوە ناسنامەیەکی گەردوونی لەخۆدا هەڵگرتووە، ئەو ناسنامەیە بەرگری لە تاکێتی و رێژەگەرایی و ونبوونی سەرچاوە ئایدیۆلۆجی و تەقلیدییەکان دەکات و بۆ پرۆژە گۆڕانکارییە گەورەکانی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە. ئەو جۆرە لە ناسنامە لەسەر کرانەوە و پلەی سفری ئایدیۆلۆجیا و لێکبوردەیی بێ سنور و قبوڵکردنی جیاواز وەستاوە و ماف بە تاك دەدات هەڵبژاردنی تایبەتی خۆی هەبێت. داریوشی شایگان پسپۆر لە مێژووی ژیارییەکاندا پێیوایە ئەوەی ئەمڕۆ دنیا بەڕێوە دەبات ژیارییەکی گەردوونی تازەیە، ئەوەی ناسنامەی تاکیش بەڕێوە دەبات توانای عەقڵییە، کە هەموو پابەندبوونە رۆشنبیریی و ئیتنی و ئایینییەکان وەك پابەندبوونێکی رووت دەبینێت.

بەڵام چەمکی (پەڕگیری) پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە رەگەزپەرستی و دۆگماتیزمیەوە (Dogmatism) هەیە، پەڕگیری واتە پەیوەستبوون بە فیکرێك یان چەند بیرکردنەوەیەکی دیاریکراو و قبوڵنەکردنی دیباتە و چاوپێداخشانەوە و پەرستنی ئەو فیکر و بیرکردنەوەیە وەك ئەوەی چەسپاو و رەها بێت، لە بەرانبەر ئەوەشدا رەتکردنەوەی هەموو بیرکردنەوە و بیروڕایەکی دیکەی جیاواز... بەو مانایەش دەشێ کوردبوون وەك ناسنامە بنبەستبوون و پەڕگیری و داخران بنوێنێ... دەشێ تەواوی فەزا جیاوازەکانی ژیانی کوردی لە خۆیدا کورت بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تاکی کوردی لە دەرەوەی بیرکردنەوە چەسپاو و رەهاکان و دامەزراوە سنوردارەکانی ئایدۆلۆژیاوە لە هەوڵی خۆی بەردەوامە، داهێنان هەمیشە

لە ئازادییەوەیە، لە خۆناسییەوەیە! (سارتەر) دەڵێت: دوژمنی سەرسەختی رۆشنبیری راستەقینە خودی رۆشنبیری ساختە یان خۆفرۆشە، کە هەمیشە بەرگری لە ئایدۆلۆژیا دەکات.
کەواتە ناسنامە چەشنی پەرگیری بە تەنگژەی کرانەوە بە رووی دنیا و ئەویدیکەی جیاوازەوە ناو دەبرێت، چونکە مرۆڤ لە پەرگیری و ئاراستەکردنەوە، پەیوەندی بە دنیا و ئەویدیکەوە دەپچڕێت... مرۆڤ لە رێگای ناسنامەی داخراوەوە پەیوەندی بە ئەویدیکەی جیاوازەوە سنوردار دەکات، بەڵام لە رێگای خۆناسی و هوشیاری و پەیوەندییەوە بەشێوەیەکی جیاواز بەشداری لە تێگەیشتنی دنیا و مەعریفەی دنیادا دەکات، مەرج نییە لە رێگای حەقیقەتەوە بێت، دەشێ لە رێگا بیرکردنەوەی جیاواز و تێڕوانین و چێژ و جوانییەوە بێت! هەمیشە پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤ و پەیوەندی مرۆڤ بە دنیاوە چارەسەری بەشێکی گەورەی هوشیاری و خۆناسیمان دەکات، بە دیوەکەی دیکەش ناسنامەی داخراو و سنوردار وەك شێوازێکی دیکەی بنبەستبوون و پەرگیری و توندوتیژی تەماشا دەکرێت، پەیوەندیکردن بە ئەویدیکەی جیاواز، توانایەکە بۆ گەیشتن و راڤەکردن و داهێنان، توانایەکە بۆ گەیشتن بە مەعریفە و جوانی حەقیقەتێکی دیکەی جیاواز... مەرج نییە ئاسۆکانی پەیوەندی و کرانەوە بەرەو حەقیقەتمان ببات، بەڵام بێگومان بەرەو خۆناسی و خۆشەویستی و داهێنان و ئازادیمان دەبات، جوانترین شێوەی پەیوەندیکردنی مرۆیانە کار و داهێنانە، بەو مانایەی کە عەقڵ کار بەرێوە دەبات و داهێنان لە ئازادیدایە، بەو مانایەی کە عەقڵ لە تێگەیشتن و راڤەکردنی بەردەوامەوە دێتە بەرهەم و داهێنان لە رێگای خۆناسی و ئازادییەوە! بەڵام ناسنامەی داخراو و سنوردار و گۆشەگیری دەکەوێتە دەرەوەی پەیوەندیکردن و داهێنانەوە، دەکەوێتە دەرەوەی تێگەیشتن و راڤەکردنەوە، دەکەوێتە دەرەوەی خۆناسی و ئازادییەوە، ناسنامەی داخراو هوشیارییمان سڕ دەکات، هەمیشە ئاراستەمان دەکات... تێگەیشتن لە مرۆڤبوون، تێگەیشتن لە مرۆڤایەتی تێگەیشتنە لە پەیوەندییەك کە بەرەو هوشیاری و مەعریفە و ئازادی و چێژ و جوانیمان دەکاتەوە، نەك ناسنامەی داخراو...

**مرۆڤ**
**لە نێوان بیرکردنەوە و بیرنەکردنەوەدا**

**(ئیدەکان)**

کە بیر دەکەمەوە لەوەی بیرکەمەوە
مێشکم هەمووی بەیەکدادێ
نیگەرانی توونددامدەگرێ
حەز دەکەم گۆرانی بڵێم
حەز دەکەم دەنگم هەڵبڕم
بڵێم ئای چەندم خۆشم دەوێیت
دەکەومە نێو بۆشاییەوە.

کە بیر دەکەمەوە لەوەی سەما بکەم
دەست و پێم لەیەکدەئاڵێن
زەوی لەژێر پێم نامێنێ
وەك گوللەی سارد بەلا دادێم
بەردەبمەوە.

کە بیر دەکەمەوە لەوەی
دەستی یارمەتی درێژکەم
بۆ منداڵێك کە چاوی دنیا نابینێ
هەر وەکو خۆم ژیان بێ مانا دەبینم
لە بەرانبەر کوشتن و بێ نرخکردن
لەبەر هەندێ
لە شیعرێکدا بزر دەبم.

بیر لە خودا دەکەمەوە
وەك دارستانێك هەڵدەقرچێم
سوکە خەوێك دەمباتەوە
ئای داهاتوو
هیچ هەست بە داهاتوو ناکەم
نازانم داهاتوو چییە
چۆن هەست بە داهاتوو بکەم
قێزم لە سیاسەت دێتەوە
دەرشێمەوە.

کە بیر دەکەمەوە لەوەی
چیدی هەر بیر نەکەمەوە
چێژێك هەستم دادەگرێ
چێژی سڕبوون.

پرسیارەکە ئەوە نییە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە، بەڵکو ئەوەیە بۆ بیردەکاتەوە؟ ئایا (من)ی دیکارتی تەنها منێکی بیرکەرەوەیە و هەوڵدەدات خۆی هاوشێوە و یەکسانی بیرکردنەوە بکات، بیرکردنەوە لە خۆی بە گەورەتر دەزانێت؟ کاتێک من خۆی یەکسانی شتێك لە خۆی گەورەتر دەکات، ئارەزووی بۆ دەسەڵات دەخاتە روو، یان ئەویدیکە دەخاتە پەراوێزەوە؟ بیرکردنەوەکانی دیکارت ئاشتی بۆ دنیا فەراهەم نەکرد.

بیرکردنەوە لە نێوان پانتاییەکانی زانین و نەزانیندا جولەی عەقڵ نیشان دەدات، ئەو پێناسەیە پێماندەڵێت (دەرککردن، هوشیاری، هەست، فیکر، خەیاڵ) کۆمەڵێك رەگەزن لە جولەی عەقڵدا بەشدارن، هەموو ئەو رەگەزانەش لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا پەیوەندییەکی دینامیکییان بەیەکەوە هەیە... بیرکردنەوە زۆر شێوازی هەیە، دەتوانین بڵێین ئەو شێوازانەی دەقی (ئیدەکان)ی (محەمەد حوسێن رەسوڵ)ی لەسەر بونیاد نراوە، لە شێوازی سۆزئامێز و شێوازی رەخنەئامێزەوە نزیکە، سۆز (خۆشەویستی) بەرهەم دەهێنێ و رەخنەش (خود) بەرجەستە دەکات، لە نێوان خود و خۆشەویستی دەتوانین ئاراستەی بیرکردنەوەی ئەو دەقە بە (بیرکردنەوەیەکی رووت) لە قەڵەم بدەین! بە کورتی دەرئەنجامی کۆی خۆشەویستی هانا بردنە بۆ خەونی بێداری و خەونی بێداریش رووبیەکی دەق پێکدەهێنێ، بە دیوەکەی دیکەش دەرئەنجامی کۆی هەوڵەکانی خود لە رێگای بەبیرهێنانەوەی رابردوو و رەخنەگرتن و رێکخستنەوە جێکەوتەی خۆی بەسەر بەشێکی واقیعدا دیاری دەکات و رووی دووەمی دەقی لەخۆ گرتووە!

بەشێك لە بیرکردنەوەکان لەو دەقەدا لە پێگەی رەخنەگرتن و رێکخستنەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی واقیع دەدەن و لە واقیع ورد دەبنەوە و زانیارییەکان بەراورد دەکەن و کەموکورییەکان بەرجەستە دەکەنەوە! بەڵام ئایا بیرکردنەوە وەك ئەوەی بە بەبیرهێنانەوەی رابردووە بەندە، هیچ لە گرفتەکانی ئەمڕۆ چارەسەر دەکات؟ چارەسەر نابێت. ئایا عەقڵ وەك بەرهەمی رابردوو گرفتەکانی ئەمڕۆ دەبینێ؟ گرفت لە کاری عەقڵدا نییە، لە خودی بیرکەرەوەدایە. ئایا دەتوانین رەوتی بیرکردنەوە لە یادەوەری و دەمارگیری بەتاڵ بکەینەوە، ئایا حەقیقەت لە رێگای خودەوە دەناسرێت؟!... کەواتە (ئیدەکان) جگە لە پێکهێنەری هونەر و جوانی، ناتوانن چارەسە بن، شیعر ناکەوێتە چوارچێوەی چارەسەرییەوە، چارەسەری جوانی بەرتەسك دەکاتەوە! کاتێك خود ئیدەیەك جێبەجێ دەکات، هەرگیز جوانی رزگار ناکات، بەڵکو ئەوە ئەدەب و هونەرە مرۆڤ بەرەو پەیوەندی و خۆشەویستی هان دەدات. بەو مانایەش کۆی گرفتەکان لێرەن لە (خود، من)ێك کە وەك دیکارت ئارەزووی دەسەڵات و هێشتنەوە وەك خۆی دەکات، خود گرفتەکەیە و شیعر جوانی و چێژە، شیعر چارەسەر نییە.

وەك دەردەکەوێت ئەو بەشەی دەکەوێتە نێو خەونی بێدارییەوە بەرەو رەشبینی و گومان و بۆشایی دەبێتەوە، وەك چۆن بەشە رەخنەئامێزەکەی بەرەو تێگەیشتن و راڤەکردن و جێبەجێکردنمان دەکاتەوە. دەمەوێ بڵێم گرفتەکە لە بیرکردنەوە و بیرنەکردنەوەدا نییە، وەك شاعیر بۆی دەچێ، بەڵکو لە سەپاندنی (خود) دایە... لێرەدا هەوڵدەدەم شیعرەکە لە پێنج دیمەنی جیاوازی (سۆزئامێز) و (خودئامێز)دا بخوێنمەوە.

**بیرکردنەوە/ خود**

**(دیمەنی یەکەم)**

کە بیر دەکەمەوە لەوەی بیرکەمەوە
مێشکم هەمووی بەیەکدادێ
نیگەرانی توونـد دامدەگرێ
حەز دەکەم گۆرانی بڵێم
حەز دەکەم دەنگم هەڵبڕم
بڵێم ئای چەندم خۆشم دەوێیت
دەکەومە نێو بۆشاییەوە.

زۆر بە سادەیی مێژووی مرۆڤایەتی لە هەموو ئاستەکاندا مێژووی ململانێی دەسەڵاتە... ئەوەی لەو هەموو خوێنەدا جوانییەك بە مرۆڤ دەبەخشێ ئەدەب و هونەرە، مرۆڤ لەو هەموو خوێنە بێزارە و مێشکی ئازار دەچێژێ، ئەوەی ئارامی دەکاتەوە، سەمایە، ئەوەی دڵ دەکاتەوە گۆرانی گوتنە، ئەوەی پەیوەندییەکان ئاسایی دەکاتەوە خۆشەویستییە! لەو دیمەنە رەخنەئامێزەدا شاعیر دەیەوێ بیر بکاتەوە و بوێر بێ، بەڵام هەست بە بۆشایی دەکات؟!

لەو دیمەنەدا پرسیاری (من کێم) پرسیارێکە هەر تەنها بە بیرکردنەوەکانەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بە سۆز و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەویدیکەوە بەندە، لەسەر پەیوەندی وەستاوە، بە ئازادی و خۆشەویستییەوە دەلکێ (حەز دەکەم دەنگم هەڵبڕم، بڵێم ئای چەندم خۆش دەوێیت) بەڵام گرفتەکە ئەوەیە فەزای بیرکردنەوە ئازاد نییە، دنیایەك بۆ پەیوەندی خۆشەویستی بوونی نییە... بیرکردنەوە پرۆسەیەکی عەقڵییە دەورووبەر رۆڵی گرنگی تێدا دەگێڕێ، وەك چۆن دەرککردن و هوشیاری و هەست و خەیاڵ بەشداری تێدا دەکات. پرۆسەی بیرکردنەوە چارەسەری زانیارییەکان دەکات، بەڵام کاری شیعر چارەسەرکردن نییە، بەڵکو دۆزینەوەی گۆشەیەکی دیکەی جیاوازە، بۆ بینین و کردنەوەی پەنجەرەیەکی دیکەی جیاوازە، بۆ تەماشاکردن. لەو دیمەنەدا گۆشە و پەنجەرەکانی خودی (رەخنەئامێزی شاعیر) بەسەر بۆشاییدا دەڕوانن.

ئەگەر هەستکردن بە بۆشایی دەرئەنجامێکی لۆجیکانەی ئاراستە رەخنەئامێزەکە بێت و پەیوەندی بە تێگەیشتن و راڤەکردن و جێبەجێکردنی خودەوە هەبێت، ئەوە پرۆسەی بیرکردنەوە توانیویەتی لە رێگای پێدراوەکانەوە (خودی خۆی) لەنێو واقیعێکی دیاریکراو بونیاد بنێ، بەڵام ئەگەر هەستکردن بە بۆشایی هەنگاونان بێ بەرەو نادیاری و پەیوەندی بە سەما و سۆزی گۆرانی و خۆشەویستییەوە بکات، ئەوە (شیعرییەت) دەخاتەوە. هەڵبەتە هەوڵی شاعیر وەك لە دیمەنی دووەم درێژ دەبێتەوە بەرەو شیعرییەتە، بەو مانایەش کەوتنە نێو بۆشایی شاعیر، ئەو فەزا خۆکردەیە کە لە ساتەوەختی نوسینی شیعر دروست دەبێت، ئیدەکان ئاراستەیان دیاری نەکردووە! شیعرییەت هەڵاتن نییە لە مانا، شیعرییەت سنورەکانی دیار نییە و پارێزگاری لە چێژی هونەری دەکات. هێزی خەون و خەیاڵ تەرجەمەی نیگەرانییەکانی شاعیر دەکات. ئیدەکان پارێزگاری لە بوێری خود دەکەن و توانای خود دەسەپێنن. لە پشت ئیدەکان کۆمەڵێك پێدراوی واقیعی ئامادەن، لە پشت شیعرییەت فەزایەکی نەبینراو هەیە، خودی شاعیر لەو دیمەنە رەخنەئامێزەدا هەست بە بۆشایی دەکات...

**بیرکردنەوە/ ئازادی**

**(دیمەنی دووەم)**

کە بیر دەکەمەوە لەوەی سەما بکەم
دەست و پێم لەیەکدەئاڵێن
زەوی لە ژێر پێم نامێنێ
وەك گوڵلەی سارد بەلا دادێم
بەردەبمەوە.

ئەو دیمەنە رەخنەئامێزە بەلای شیعردا دەکەوێتەوە، چونکە بیرکردنەوە بە ئازادی یەکسانکراوە، خەیاڵ یەکسانە بە شیعر، مرۆڤی ئازاد مرۆڤێکە لە خەیاڵ بەردەبێتەوە، بەڵام ناکەوێتە هیچ لایەکەوە، ئەوە شیعرە سەما دەکات و جوانی دەنەخشێنێ، شیعر رەنگکردنی دنیایە بە فرە رەنگی و فرە رەهەندی و فرە دەنگی... بەڵام بیرکردنەوەی ئاراستەکراو بە لایەکدا دەکەوێت، دەرگاکان دادەخات، رەنگێك دەسەپێنێ، رەهەندێك زاڵ دەکات، لە واقیعی نەخوازراو رادەکات (دەست و پێ لەیەکدەئاڵێنێ، لە زەوی رادەکات)... لە جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ بەندی (18)دا دەڵێ: هەموو کەسێك مافی ئازادیی بیرکردنەوە و ویژدان و ئایینی هەیە، ئەو مافە ئازادی گۆڕینی ئایین و بڕوا دەگرێتەوە و مرۆڤ لە دەربڕینی ئەو ئازادییەشدا، بە فێربوون و خەریکبوون و ئەنجامدان و پەیرەوکردنی داب و دەستوری ئەو ئایین و بڕوایە بە پەنهانی یان بە ئاشکرا، بە تەنێ یان بە کۆمەڵ، ئازادە.

مرۆڤ بە ئازادی لە دایك دەبێت، شیعر لە خەون و خەیاڵ دێتەوە! ئازادی نابەخشرێت، شیعر داهێنانە، لە نێوان جوانی و ئازادیدا (محەمەد حوسێن رەسوڵ) رەخنەئامێزانە بیر دەکاتەوە و بەردەبێتەوە، شاعیرانە سەما دەکات و شیعر دەڵێ، لە نێوان بیرکردنەوە و شیعردا پەیوەندییەکی هارمۆنی هەیە، بەڵام نە وەزیفەی شیعر هوشیارکردنەوەیە و نە وەزیفەی فیکر لە جوانیدا کورت دەبێتەوە، تێگەیشتن بەبێ جوانی لاوازە، بە هەمان شێوەش شیعر بەبێ تێگەیشتن کەمخوێن دێتە بەرچاو! لە نێوان مرۆڤ و واقیعدا خۆگونجان لەگەڵ ئەویدیکە و هەڵاتن لە ئەویدیکە هەیە، راستە تێگەیشتن بەبێ ئەویدیکە لەنگە، بەڵام واقیعیش بەبێ مرۆڤی هوشیار، بیابانە، مرۆڤ لە بیابان رادەکات!

لە کۆی ئەو دیمەنە رەخنەئامێزەدا واقیع وەك تەگەرە وێنا دەکرێت، هەڵبەتە کاتێك قسە لە قەیرانی بیروڕا و مافی تەعبیرکردن دەکرێت، ناتوانین قسە لە قەیرانی سیاسی و گرفتەکانی واقیع نەکەین، هەر چەندە بەشێکی گەورەی ئەو قەیرانە بە خۆناسی و پەیوەندی و راستییەوە بەندە، وەك چۆن بەشێکی بە ئاستی هوشیاری واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەوە دەلکێت... هەموو ئەوانەش تا ئەندازەیەك کاریگەرییان بەسەر فەزای شیعر و بیرکردنەوەدا هەیە، بەڵام لە نێوان شیعر و بیرکردنەوەدا راستی (لەوەی هەیە) دەردەکەوێت، جوانیش لەوەدایە! بە دیوەکەی دیکە مرۆڤ کە هەوڵی بە دەستهێنانی بیرۆکەکانی دەدات، مرۆڤ کە لە پێناو شتێ بیر دەکاتەوە و دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێ، توانای خۆی لە دەرکەوتنی خود تاقی دەکاتەوە، دەکەوێتە نێو ئایدیۆلۆجیاوە، کاتێك ئایدیۆلۆجیا سنورەکانی مرۆڤ دیاری دەکات، مرۆڤ ناتوانێ بە جوانی تێبگات، مرۆڤ بۆ ئەوەی بە جوانی تێبگات، دەبێ سەرفراز بێت، دەبێ هوشیار بێ، خۆی بناسێ و ئەویدیکە بناسێ و سنورەکان تێکبشکێنێ، مرۆڤ دەبێ داهێنەر بێ...

شیعر خەون و خەیاڵە، شیعر خۆشەویستییە، شیعر داهێنانە، شاعیر ناتوانێ لە خەیاڵ، خۆشەویستی، داهێنان بگات، بۆیە دەست و پێی تێکدەئاڵێ، شیعر بە بڕیاردان بە دەست نایەت، شیعر ئازادییە... راستی کاتێك دەدۆزرێتەوە کە ئەویدیکە بناسین، راستی کاتێك دەدۆزرێتەوە کە بتوانین لە خۆمان و واقیع بگەین! شاعیر لە دیمەنی یەکەم هەست بە بۆشایی دەکات و لە دیمەنی دووەم دەکەوێتە نێو بۆشاییەوە، دەسەڵاتی خود تێکدەشکێ و هەنگاو بەرەو دیمەنی سێیەم دەهاوێژێ.

بیرکردنەوە/ هەست

(دیمەنی سێیەم)

کە بیر دەکەمەوە لەوەی

دەستی یارمەتی درێژکەم

بۆ منداڵێك کە چاوی دنیا نابینێ

هەر وەکو خۆم ژیان بێ مانا دەبینم

لە بەرانبەر کوشتن و بێ نرخکردن

لەبەر هەندێ

لە شیعرێکدا بزر دەبم.

شیعر داهێنانە، لە ناکاو دێت! شیعر دەردەکەوێت، دەدۆزرێتەوە... بەشێکی گەورەی پرۆسەی ئازادی نوسینی شیعر پەیوەندی بە خەیاڵ و نەستەوە هەیە، بەشێکی بە بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بوێری، لە داهێنانی شیعرییدا خود دیار نییە، ئەوەی خود بەرجەستە دەکات بەکارهێنانی توانایە، ئەوەی لە داهێناندا شوێنی حەپەسانە دۆزینەوەی فیکرە، ئەوەی لە بەکارهێنانی توانادا شوێنی سەرنجە هێزی دەربڕینە، داهێنان خاوەنداری ناکرێت، توانایی خاوەنداری دەکرێت، نیازێکی دیاریکراو لە داهێناندا بوونی نییە، لە بەکارهێنانی توانادا نیاز دیاریکراوە.

دیمەنی سێیەم، دیمەنێکی رەخنەئامێزی سۆزئامێزە لەسەر بەراوردکردنی واقیع و بەهای مرۆیی خۆی راست دەکاتەوە، خۆناسین بە واقیع دەسپێرێ، خۆناسین بە دیار دەنەخشێنێ،

خۆناسین بە زانراو پشتڕاست دەكاتەوە! جوانی ئەو دیمەنە لەوەدایە كە خۆی رادەستی شیعر دەكات، دەكەوێتە نەزانراوەوە، لە تاریكی بزر دەبێت، نادیاری دەبیات... ئەوەش جیاوازی نێوان هەست و نەستە، جیاوازی نێوان دیار و نادیارە... بێگومان پانتاییەكانی زانراو سنوردارن، پانتاییەكانی نەزانراو بێ سنور و رەهان! ئەوە جیاوازی نێوان بیركردنەوە و شیعرە، جیاوازی نێوان داهێنان و بەكارهێنانی توانا، شیعرییەت و هێزی دەربڕین...
مرۆڤ دەشێ ناز بە هوشیاری خۆی بكات، لەسەر ئەوەی كە لە واقیع بە دەستی دەهێنێ، لە وردی بیركردنەوەكانی، لە داڕشتنی بەرنامە بۆ ناوەوەی خۆی، لەسەر لۆجیك و شیكردنەوەكانی، هێزی بیركردنەوە و لۆجیكەكانی... بەڵام لە بیرمان نەچێ نەست و ناهوشیاری و عەقڵی ناوەكی لە (90%)ی مرۆڤە! كەواتە هەمیشە جیاوازییەكان بەلای نەست و نەزانراو و ناوەوە و لە بەرژەوەندی عەقڵی ناوەكیدایە، عەقڵی ناوەكی بنكەی زانیارییەكانە... مرۆڤ بوونەوەرێكە بە پێی عەقڵی ناوەكی دەگۆڕێت، بە پێی هەنگاونان بەرەو نادیار و نەزانراوەكان... مرۆڤ بوونەوەرێكە بەپێی دۆزینەوە و داهێنانەكان هەمیشە لە گۆڕاندایە، ونبوونی شاعیر لەو دیمەنە شیعرییەدا هەنگاونانە بەرەو گۆڕان و كرانەوە و فرەڕەنگی، هەنگاونانە لە خودی رەخنەئامێزەوە بەرەو سۆز و خۆشەویستی... هەموو هەنگاونانێك بەرەو شیعر بەشێكی بە پرۆسەی نوسین و یادەوەرییەوە بەندە، بەشێكی دەكەوێتە نێو سۆز و نەستەوە...
لەگەڵ هەموو بەرەوپێشچوونێكدا، لەگەڵ هەموو گۆڕانێكدا مرۆڤ دووبارە خۆی رێكدەخاتەوە، یادەوەرییەكانی بەپێی پێدراوە نوێیەكان رێكدەخاتەوە، مرۆڤ لەگەڵ هەموو گۆڕانێكدا وەك جەستە دەجولێ و پارێزگاری لە خۆی دەكات، پارێزگاری لە بەها مرۆیی و بیركردنەوە و زانیاری و هەستەكانی دەكات...
هەمیشە هەست و واقیع فۆرمی باو بەرجەستە دەكەن، هەمیشە هەست و واقیع لە زانراوەكانی دەوروبەر و ناوەوەی مرۆڤ خۆیان بونیاد دەنێنەوە، زانیارییەكان لە یادەوەری دەچێنن، مرۆڤ بەپێی بەرژەوەندییەكانی خۆی پەیوەندییەكان هەڵدەسەنگێنێ، بەپێی كار و كردەوەكانی خۆی بڕیار دەدات... هەستی مرۆڤ، هوشیاری مرۆڤ بەپێی نەخشەكانی (دەرككردن) و (پەیوەندی) و (هەڵسەنگاندن) و (بڕیاردان) دەجولێتەوە، مرۆڤی هەستیار، مرۆڤی هوشیار بە پشتبەستن بە زانیارییە پێدراوەكان دەجولێتەوە. لێرەوە دووبارە بە بیر خوێنەری دەهێنمەوە كە جوانی ئەو دیمەنە لە بزربوونی شاعیردا بەرجەستە دەبێت، ونبوونی شاعیر لە خودەوە بەرەو سۆز و خۆشەویستی، ونبوونی شاعیر لەو دیمەنەدا بەرەو دیمەنی چوارەممان دەكاتەوە.
**بیركردنەوە/ نەست**
**(دیمەنی چوارەم)**
بیر لە خودا دەكەمەوە
وەك دارستانێك هەڵدەقرچێم
سوكە خەوێك دەمباتەوە
ئای داهاتوو
هیچ هەست بە داهاتوو ناكەم
نازانم داهاتوو چییە
چۆن هەست بە داهاتوو بكەم
قێزم لە سیاسەت دێتەوە
دەرشێمەوە.
نەستی مرۆڤ كۆگای ئەزموونە سەركوتكراوەكانە، كۆگای ئەزموونە دەروونییەكانە، نەستی مرۆڤ بە یادەوەرییەكان ناگات! نەستی مرۆڤ وەك ئەوەی فرۆید پێماندەڵێت بنكەی هێزی غەریزەی سێكسی و دەروونییە، وەك چۆن بنكەی شارەزاییە چەپێنراوەكانە، زانیارییە نەزانراوەكانە، هێزە شاراوەكان... ئەگەر لە رێگای هەستەكانی (بیستن و دیتن و بۆنكردن و

تامکردن و چێژتن و دەستلێدان)ەوە بە مرۆڤ بگەیین، ئەوە لە ڕێگای (زمانی گوتن و نەگوتن و جولە و ڕەفتار و نیگاکان)ەوە دەشێ ناوەوەی مرۆڤ بخوێنینەوە.
خەون و خەیاڵ و دووبارەکردنەوە لە ڕەگەزەکانی نەست دێنە ژماردن و شیعریش لە دەرەوەی نەست هەژارە، لە شیعردا دەتوانین پشت بە خەون ببەستین، شیعر بە تیشکی خەیاڵ دەدرەوشێتەوە، شیعر هەمیشە هەنگاونانە بەرەو وزە شاراوەکانی نەست... دیمەنی چوارەم، دیمەنێکی سۆزئامێزە، خود لە نێو دنیا تاریکەکانی نەستدا سووك سووك خەو دەیباتەوە... بیرکردنەوە لە خودا بیرکردنەوەیە لە میتافیزیکا، بیرکردنەوەیە لە دەسەڵاتی پانتاییە شاراوەکان و نەگوتراوەکان و نەزانراوەکان... لەو بیرکردنەوەیەدا دەکەوینە پێش ناسینی دنیا و کێشەی مرۆڤ، کێشەی دانانی بەو بۆشاییانەی کە لە زانارییەکان و گوتراوەکاندا هەیە! پرسیاری شاراوەی ئەو دەقە ئەوەیە (مرۆڤ ئەوەیە کە هەیە) نەك مرۆڤ دەتوانێ زێتر بێت؟ لە پشت (مرۆڤ ئەوەیە کە هەیە) فۆرم و کلتورێك هەیە و نادیارەکان ڕەنگ دەکات، لە پشت (مرۆڤ دەتوانێ زێتر بێت) هێز و سەرکێشییەك، خەونەکان دەنەخشێنێت، یەکەمیان پێماندەڵێت لە نێو بیرکردنەوەیەکی سنوردار و کلتورێکی دیاریکراو و واقعێکی تاڵدا دەژین، دووەمیان پێماندەڵێت ژیان لە پێشمانە، ژیان هەنگاونانە بەرەو نەزانراوەکان...
مرۆڤ هەر تەنها ئەوە نییە، چونکە دەتوانێت زێتر بێت، ئەوەیە کێشەی نێوان مرۆڤی ئاراستەکراو و مرۆڤی یاخی، مرۆڤی دڵنیا و مرۆڤی گومانکار، شیعرییەت و بیرکردنەوە، زانراو و نەزانراو، هەست و نەست... دەمەوێت بپرسم پەیوەندی (چێژ) و (بە ئامرازکردنی دنیا) چ توانایەك بەرێوەی دەبات؟! دەمەوێت بڵێم مرۆڤ هەر تەنها ئەوە نییە، چونکە دەتوانێت زێتر بێت... هەر ئەوەشە وادەکات بڕوامان بە دوا حەقیقەت و دوا تەفسیر و دوا فۆرمی عەقڵانی هەمیشە کەمی بهێنێت، هەر ئەوەشە پێماندەڵێت مرۆڤ لە گەشتێکی بەردەوامی دۆزینەوەی مەعریفە و حەقیقەتدایە، مرۆڤ لە هەر قۆناغێکدا بە شێوەیەکی جیاواز خۆی نوێ دەکاتەوە، مرۆڤ لە شوێنێکی بێ متمانەوە بەرەو دەرەوە هەنگاو دەنێ، بێ ئەوەی بزانێ بەرەو کام و کوێ و چ ...
مرۆڤ خەون و خەیاڵە، واقیع شوێنی ڤیزلێبوونەوەیە، سیاسەت ئەولاتر، هەموو ئەو سەبتایتڵانە دەکەونە ژێر یەك تایتڵی شیعری: مرۆڤ بوونەوەرێکە بۆ بەرهەمهێنانی شیعر، جوانی مرۆڤ لە خۆناسی و خۆشەویستی و پەیوەندیدایە.. هەموو ئەو هەوڵە لە بننەهاتووانەی مرۆڤ بۆ ژیان و نوێبوونەوەیە، هەموو ڕاڤەکردنەکانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و زمان، مرۆڤ و زەوی، بە قەد ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خەیاڵی ئیبداعی و چێژەوە هەیە، بە قەد ئەوەی پەیوەندی بە گومان و نیگەرانیەکانەوە هەیە، بە قەد ئەوەی پەیوەندی بە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنەوە هەیە... ئەوەندەش زانراوەکان و ئەوەندەش بیرکردنەوەی ئاراستەکراو جێدەهێڵێت! کەواتە پێویستە هەمیشە هەنگاو بەرەو داهێنان بنێین، بیرکردنەوەی دیاریکراو و واقیعی سیاسی چوارچێوە بۆ داڕێژراو بەجێ بهێڵین، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ چۆن بوونی خۆی پرۆسیسە دەکات، مرۆڤ چۆن خۆی بۆ دنیا و زمان دەکاتەوە؟! بێگومان هەمیشە مرۆڤ لە خواستی دۆزینەوەی مانایەکی دیکە و بەکارهێنانێکی دیکە و تێڕوانینێکی دیکەدا دەژی، بەڵام ژیان هەرگیز چارەسەری نەزانینمان ناکات... هەر ئەوەشە بەرەو دیمەنی پێنجەمان دەکاتەوە.
**بیرکردنەوە/بیرنەکردنەوە**
**(دیمەنی پێنجەم)**
کە بیر دەکەمەوە لەوەی
چیدی هەر بیر نەکەمەوە
چێژێك هەستم دادەگرێ
چێژی سڕبوون.
مرۆڤی سیزیفی، مرۆڤی ئاراستەکراو، مرۆڤی کۆڵنەدەر، مرۆڤی گومانکار، مرۆڤی دڵنیا... هەموو ئەو جۆرانەی مرۆڤ و زێتریش هەمیشە وەك شێوازێکی دیکەی ئەزموونە جیاوازەکانی

ژیان خۆیان دەنوێنن، لە بەرانبەر ئەو هەموو جیاوازییانەش دەڵێم هەرگیز ژیان چارەسەری نەزانینمان ناکات! بەڵکو توانایەکە بۆ گەیشتن بە مەعریفە و چێژ و جوانی، راستە مرۆڤ بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە، وەك چۆن مرۆڤ بوونەوەرێکی چێژخوازە، تەنها بە مردن نەبێ نە لە بیرکردنەوە دەبێتەوە، نە تێر چێژی ژیان دەبێت.
کۆی ئەو دیمەنە، وەك دوا دیمەنی دەقی ئیدەکان خۆی لە خاڵی سڕبوون و چێژی سڕبوون کورت دەکاتەوە، نەك مرۆڤی کۆڵنەدەر و گومانکار، دیمەنی پێنجەم وێنەی مرۆڤی تێکشکاو و وەستان (وێنەی چێژی مردن) دەکێشێ، نەك جولە و هەڵسانەوە (چێژی داهێنان)! ئەو دیمەنە خودێکی ماندوو لە ژیان وێنا دەکات و لە رێگای ئەو وێناکردنەوە بێزاربوونی خۆی لە بیرکردنەوە و واقیع نیشان دەدات، ئەو دیمەنە دەچێتە پاڵ دیمەنە رەخنەئامێزەکانی دیکەوە و پێماندەڵێت هەموو فەزایەك، فەزای بیرکردنەوە نییە، بە راشکاوی پێماندەڵێت مرۆڤ بیرکردنەوە دەیکوژێ و چێژی ژیان لە بیرنەکردنەوەدایە... بەڵام من دەڵێم مرۆڤ دەتوانێ زێتر بێت، مرۆڤ هەنگاونانە بەرەو جولە و هێزی سەرکێشی، مرۆڤ خەون و خەیاڵە، ژیان لە پێشمانە، ژیان هەنگاونانە بەرەو نەزانراوەکان، چێژی ژیان لە بەرهەمهێنانە و کەشفکردندایە...

**دەرئەنجام:**
دەقی (ئیدەکان)ی شاعیر (محەمەد حوسێن رەسوڵ- موهەندیس) پێنج دیمەن دەنوێنێ و ئەو پێنج دیمەنەش دوو ئاراستە لە شێوازی بیرکردنەوە بەرێوەی دەبات، ئاراستەی خودئامێز و ئاراستەی سۆزئامێز، ئاراستەی یەکەمم بە بوێری و رەخنەگرتن لە واقیع و سیاسەت و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستۆتەوە، پێموایە(خود) بەرجەستە دەکات. ئاراستەی دووەمم بە سۆز و خۆشەویستی و پەیوەندییە مرۆییەکانەوە پەیوەست کردووە، پێموایە (خۆشەویستی) بەرهەم دەهێنێ.
لە پرۆسەی نوسینی ئەو دەقەدا کاتێك خودی رەخنەئامێز بیرکردنەوەکانی ناتوانێ ژیان بگۆڕێت، کاتێك بە دەسەڵات ناگات، خۆی بە شیعر دەسپێرێ، راستە شیعر لەسەر پەیوەندی نێوان خود و خۆشەویستی دەژی، بەڵام لە دەقی (ئیدەکان)دا ئەو پەیوەندییە بەلای خود و رەخنەگرتن لە واقیعدا دەشکێتەوە و دەقێکی رەخنەئامێز و خودێکی تێکشکاو دەخاتەوە!
لە کۆی ئەو نوسینەدا دەمەوێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بڵێم خودی رەخنەئامێز، بیرکەرەوە (کە زۆرترین پانتایی لە دەقی ناوبراودا داگیر کردووە) لەسەر پێدراوەکانی واقیع و زانراوەکان دەژی، بەڵام خودی سۆزئامێز و چێژ (کە بەشێکی کەمی پانتاییەکانی بەردەکەوێت) هەنگاونانە بەرەو ئەودیو واقیع و نەزانراوەکان، هەر لەسەر ئەو لێکدانەوەیەش پرسیاری (مرۆڤ ئەوەیە کە هەیە) یان (مرۆڤ دەتوانێ زێتر بێت لەوەی هەیە) بەرزکردۆتەوە و بڕوای خۆم بە پێچەوانەی دەقی ناوبراو بە لای دووەمدا خستووە.

## زمانی شیعریی لیریکی کوردی
## لە نێوان روانینی شاعیرانە و ئاگایی شیعریی
### (ژنێك لە بەفر داگیرم دەکات) وەك نموونە

دەقـی ئیبـداعی بەردەوام لەگەڵ ناونـان و دامەزراوە باوەکانـدا لە ململانێـدایە، بەردەوام لەگەڵ پانتایی رۆشنبیریی هەژار و چاوەڕوانی باوی خوێنەران نامۆ دەکەوێتەوە، بەو مانـایەش مەرج نییە هەمیشە دەق و وەرگر بکەونە سەر هەمان رێگا و هەمان بیرکردنەوە و دنیابینییەوە، بەڵکو یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی کارلێکردنی دەق و خوێنەر لە لەیەکنەچوونە، وەك چۆن یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی دەقی ئیبداعی هەنگاونانە بەرەو نادیار، بەرەو پڕشنگی جوانی، بەرەو ئـازادی... شـیعر بە بـێ ئـازادی هەناسـەی ژیـانی کـورتە... دەمەوێ بڵـێم مەرج نییـە شـیعر دەنگدانەوەی دەنگە باوەکانی پانتاییەکی دیاریکراوی رۆشنبیریی و چاوەڕوانی باوی خـوێنەران بێت، بەڵام گومان لە دەنگدانەوەی بێدەنگی شیعر ناکرێت، دەنگدانەوەی بێدەنگی لە دنیـابینی و جـوانی و شـیعرییەتەوە سـەرچاوەکانی خـۆی هەڵـدەگرێتەوە، کەچـی سـەرچاوەکانی دەنـگ لە دوتوێی رەنگدانەوەی سنورەکانی ماناو دەلالەتەکانییەوە دەسەڵاتی خۆی پرۆسیسـە دەکـات، بەو مانایەش بێدەنگی لە رێگای جیـابوونەوەی لە دەسـەڵات، فەزایەکـی پڕ لە ئاگـایی و جـوانی بـۆ خۆی دەسـازێنێت!! لێرەوە دەشـێ جوانی بێدەنگی هەوڵێك بێت، بـۆ بڕینـی داخـراو و رێگـا پێنەدراوەکـانی (دەسـەڵاتی چەسـپاو)، بە دیـوەکەی دیـکەش دەبێـت بڕوامـان بەوە هەبێـت، کە هەمیشە لە ناخی ناخەوەی ئاگاییەوە بێدەنگییەك خۆی حەشار داوە، دەبێت بڕوامان بـەوە هەبێت، کە هەمیشە ئیرۆسیەتی بێدەنگی وەك رووداو، کراوە و ئەکتیفە و نکۆڵی لە هەمووان دەکات، لە خـۆ لەیەکخشـانی سێکسـییانەی دەم و وشـە، لەو دەم قەڵەبـاڵغییەی کە لە تۆتۆلۆژیـای دەنـگەوە سەرچاوەی گرتووە... کەواتە ئەوەی کە دەگوترێت، گرنگ نییە، ئەوەی کە دەشـێ بگـوترێت و دەسەڵات (بە هەموو ماناکانییەوە) سانسۆری دەکات، گرنگە!

(نزگرە)

لەسەر با

ناوی هەردووکمان هەڵبکۆڵە

دوا نامەی کە ناردبووت

لە نزگرەی منداڵێك دەچوو

تازە ژیر بووبێتەوە

سەفەر هیچ سوودێکی نییە

تەنها سەرەتایەك نەبێت بۆ کۆتایی

کۆتایش لوغزێکە بۆ سەرەتایەکی تاڵ

با بە یەکەوە چاوەڕوانی باران بین

یا بە تەنیا چاوەڕوانی غوربەت بین.

(ژنێك لە بەفر گیرم دەکات، ئەیـوب گەلالـی، ل16.. بە داوای لێبـوردنەوە مـن هەنـدێ رسـتە و وشـەم لەو پـارچە شـیعرە قرتانـدووە، وەك سانسـۆر نـا، وەك چێـژ و جـوانی تـایبەت، وەك خوێنەرێکی بەشدار لە بەرهەمهێنانی دەقدا).

کـۆمەڵە شـیعری (ژنێـك لە بەفـر گیـرم دەکـات، چاپخـانەی رۆژهەڵات، هەولێـر، 2013)ی شاعیر(ئەیوب گەلالی)م خوێندەوە و سەرنجەکانی خۆم نوسییەوە، وەك ئەوەی هەستم ئاراسـتەم بکات، وەك جیهانبینی و کردە و جولە، نەك لەبەر ئەوەی، کە یەکەمجارە شیعری ئەیوب گەلالی دەخوێنمەوە، لەبەر ئەوە نا، کە ریتم و زمانی سادەی ئەو شیعرانە قـابیلی خوێندنەوەی جیـاواز نین، لەبەر ئەوەش نا، کە وەك دەق لە بازاڕی ئەدەبی کوردی تەماشایان نەجولانـدووە... بەڵکـو لەبەر ئەوەی، کە بە ئارەزووی خۆم پاشگری (دا)م لە ناونیشانی ئەو کۆمەڵە شیعرە قرتانـدوە، لەبەر ئەوەی، کە مەبەسـتمە سـەرنجەکانی خـۆم لەسـەر ئەو فەزا شـیعرییە سـادە و ریـتمە بە

جۆرێك لە جۆرەكان (خۆماڵی)یە تۆمار بكەم، كە وەك قەبارە بۆ ئاستێك لە شیعری لیركی كوردی (چوارین و پارچە و غەزەل، شیعری دڵداری...) دەگەڕێتەوە و وەك ناوەرۆكیش تەعبیر لە جوانی و سروشت و عەشق و ژیانی كۆمەڵایەتی... دەكات، ئەو جۆرە لە شیعر هەر لە كۆنەوە بۆ مەبەستی گۆرانی چڕین دادەنران، بۆ گەیشتن بە رۆشنبیری و زانیاری بۆ هەمووان.

دكتۆر (مارف خەزنەدار) لە كتێبەكەی (مێژووی ئەدەبی كورد- بەرگی یەكەم، ل173) دەڵێت بەرهەمی ئەدەبی كوردی لە رووی ناوەڕۆكەوە لە تێكرای دیالێكتەكانی زمانی كوردی دەكرێ بە دوو بەشەوە، (لیریك) و (ئێپیك). هەروەها دوو جۆر لە لیریك جیا دەكاتەوە: شیعری لیریكی خۆماڵی و شیعری لیریكی ئیسلامی. خەزنەدار پێیوایە لیریكی خۆماڵی لە زمانی ستانداردی خەڵكی كوردەوە نزیكە، لەبەر ئەوە دەشێ (شیعری میللی)یشی پێ بڵێین. زیاتر شاعیران ئەو شێوەیان گرتووە بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیێنە زۆربەی خەڵكی.

ئەدۆنیس لە كتێبی (شیعرییەتی عەرەبی) دا دەڵێت: شیعری جاهیلی بە شێوەی "سروود-ئاوازخوان"ی لەدایكبووە، واتە وەك بیستراو، نەك وەك خوێنراوە، وەك گۆرانی (Song) نەك وەك نوسین. هەر لەو بارەوە نوسەر و رەخنەگری عیراقی (نازم عۆدە) دەنوسێت: شیعری عەرەبی بە درێژایی مێژوو شیعری لیریكی بووە، ئەوەش لەگەڵ شیعری خۆرئاوایی پێچەوانە دەكەوێتەوە، چونكە شیعری خۆرئاوایی شانازی بە پلە بەرزەكانی درامایی بوونی خۆی دەكات، شیعری خۆرئاوایی لە وزە ناوەكییەكانی فەلسەفەی خۆرئاوا لە دایك بووە، ئەگەرچی ئەوە بەو مانایە نییە، كە شیعری عەرەبی بەرانبەر دنیا خاوەنی بیركردنەوەیەكی ستراتیژی نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعری عەرەبی نەیتوانیووە بوارێكی تیۆری پەتی بونیاد بنێت، تاكو لەوێوە خوێنەر بەرەو مەعریفەی شیعری، یان ئاگایی شیعری رابكێشێت، بەڵام دواتر لە كۆتایی چلەكان لە سەر دەستی شاعیری عیراقی (نازك مەلایكە) شێوازێكی دیكە لە نوسینی شیعریی هاتە كایەوە، كە بە قەسیدەی (تەفعیلە) ناو نرا، بەو مانایەش نازك مەلایكە هەر تەنها پێشەنگی جۆرێك لە مەعریفەی شیعریی نەبوو، بەڵكو لە دامەزراندنی گوتارێكی رەخنەییش بووە پێشەنگ، گوتارێك كە توانی بنەما هونەرییەكانی ناوەوەی قەسیدە كەشف بكات، بەمجۆرە گوتاری مەعریفی لای نازك مەلایكە و هەندێكی دیكە لە شاعیران بە شێوەیەكی بنەڕەتی بایەخیان بە (دەرككردن و وەسفكردنی بنەمای دەرككردن) دەدا، بەڵام لە بیرمان نەچێ ئەو شێوەیە لە گوتار، بۆ رەخنەگر و شاعیر (ت.س.ئێلییەت) دەگەڕێتەوە، بە دیوەكەی دیكەش وەك دەزانین هەموو ئەوانە بەشێك لە مەعریفەی شیعریی پێكدەهێنن. ئەگەر لەو بارەوە ئاوڕ لە ئەدەبی كوردی و ئەزموونی (گۆران 1904-1962) شاعیری سروشت و جوانی بدەینەوە، دەشێ بڵێین گۆران یەكەم شاعیری كوردە، كە بونیاد و شێوازی زاڵی كۆنی عەروزی تێكشكاند و جارێكی دیكە شیعری كوردی بۆ كێشی خۆماڵی (هیجا- پەنجە)، یان بۆ شیعری میللی كوردی گەڕاندەوە، لێرە لە سەر ئەو بنەمایەی كە مێژوونوسانی ئەدەبی كوردی قسەی لێدەكەن، ئەو كێشە شیعرییەی گۆران راستەوخۆ بە ئەدەبی میللی شێوە دیالێكتەكانی گۆران و هەورامییەوە بەندە، بەڵام گۆران و هاوڕێكانی توانیان پەیكەری قەسیدەی كوردی لە شێوە ستوونییە كلاسیكیەكەیەوە بۆ شێوەیەكی سەربەست بگۆڕن؟!

دەمەوێ بڵێم ئەگەر شێوەی ستوونی شیعری كلاسیكی كوردی راستەوخۆ لە (حوجرە و مزگەوت)ەوە سەری دەرهێنا بێت (وەك هەندێ لە مێژوونوسان دەڵێن، لەوانەش دكتۆر مارف خەزنەدار) ئەوە دەتوانین بڵێین هەر لەسەر ئەو شێوە دابەزینە ستوونییە (نێرسالاری)یە شیعری كلاسیكی كوردی هەوڵی داوە بەرگری لە ناسنامەی ئایینی ئیسلامی بكات، نەك ناسنامەی نەتەوەیی!! (هەڵبەتە مەبەستم نییە بڵێم شیعر ناسنامەی نەتەوەیە)... بەڵام شێوە شیعرییە سەربەستەكە یان ئازادەكەی گۆران و هاوڕێكانی بە تێكشكاندنی ئەو جۆرە لە بیركردنەوە و دەرچوون لەو پێوانە و وەزیفە مێژووییە رابوونەوە و توانیان وەزیفەیەكی ئیستێتیكی بۆ شیعری نوێی كوردی دابهێنن، كە هەڵگری زمانێكی پاراو و وێنەی شیعری بێت، بەو مانایەش شیعری

ئازاد، گەیشتن بوو بە دەقی والا! بە دیوەکەی دیکەش گۆران وەك شاعیرێکی رۆمانسی لە فۆرمێکی نوێدا توانیویەتی شێوە لیریکییەکەی شیعری کوردی پەرە پێبدات... وەك چۆن (هێمن 1921-1986)ی شاعیر توانیویەتی ئەو لیریکییەتە وەك کۆمەڵێ خۆزگەی بەدی نەهاتوو، بنەخشێنێ. هەر لەو پەنتاییەوە (ئەحمەد هەردی 1922-2006) وەك گەڕیدەیەکی ئەبەدی شیعری بە دەوری سێبەری رازو و خەونەکانی خۆی دەخولایەوە... هەر یەك لە (کامەران موکری 1929-1986) و (محەمەد ساڵح دیلان 1927-1990) و مەدهۆش و دڵزار و هێدی (خالیدی حیسامی) و پیربال مەحمود و خالید دلێر و پەشێو و فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی... ئەو شێوە لیریکییە وەك تایبەتمەندییەك لە تایبەتمەندییەکانی دەنگ، کێش، سەروا، هاوئاوازی و ریتمی ناوەوە... بەرز دەکەنەوە، ئەمڕۆش ئەحمەد محەمەد، ئیسماعیل خورماڵی، سەرکەوت رەسول، محەمەد کوردۆ، رەنج سەنگاوی، عەبدولڕەحمان بێلاف... بە شێوەیەك لە شێوەکان کار لەو زمانە سادەیە و لیریکیەدا دەکەن.

کەواتە لە لایەك دەتوانم بڵێم لە میانی ئەو بەراوردکردنەی نێوان شیعری خۆرهەڵاتی بەگشتی و شیعری خۆرئاواییەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر لە سەرەتاوە، واتە لە ئەدەبی کلاسیکەوە جیاوازی نێوان ئەو دوو شیعرە، جیاوازی نێوان دوو بیرکردنەوە و دوو دنیابینی بووە، چونکە یەکەمیان دژ بە ئەدەبی شەعبی هاتۆتە ناوەوە، یان لەبەر ئەوەی دژ بە سیستم و ئاکار و نۆرم و پێوانە باوەکان کاری کردووە، بۆیە بە چینی بالا و ئەرستۆکراتەوە لکێنراوە. دووەمیان وەك ئاشکرامان کرد سەر بە نۆرم و پێوانە باوەکانی سیستمی زمانی شەعبی و ئەدەبی میللی و فۆلکلۆرە. بەڵام من هەوڵی ئەوە نادەم، کە بڵێم (شیعر) دەکەوێتە دەرەوەی لیریکەوە، بەڵکو قسەی من لەسەر گرتنی گۆشە نیگای شاعیرانە و ئاگای شیعری، یان شیعریەت چڕ دەبێتەوە!

ئەگەر گۆشە نیگای شاعیرانە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە دیتن یان دنیابینی و خەونبینییەوە هەبێت، بەو مانایەی کە تەواوی سنورەکانی عەقڵ و یادەوەری دەبەزێنێ، ئەوە تێگەیشتنمان بۆ روانینی شاعیرانە دیتنی دنیا و شتەکانە بە چاوێکی نوێوە، ئەو هەڵوێستە نوێیە رەگەزێکی بنەڕەتییە لە رەگەزە بەرهەمهێنەرەکانی دەلالەتی شیعری، هەر بەو مانایەش شیعر دەبێتە روانینی شاعیرانە، خەونبینی، یان دنیابینی (الرؤیا).

دەمەوێت بڵێم شیعر تەجاوزی سنورەکانی عەقڵ و یادەوەری دەکات، لە دیارەوە هەنگاو بەرەو نادیار هەڵدەنێت، بۆ ئەوەی دنیایەکی دیکەی نوێ لە پەیوەندی نێوان وشەکان و شتەکان دروست بکات، چونکە شیعر هەر تەنها هۆنینەوە و ریتم و لاساییکردنەوە نییە، بەڵکو کەشفکردن و دنیابینییە. بەڵام ئاگای شیعریی یان گوتاری شیعریی لە وەزیفەیەکی دوانەییدا خۆی دەبینێتەوە لە لایەك بە ئەرکی راڤەکردن رادەبێتەوە، لە لایەکی دیکە هەوڵی دامەزراندنی بوارێکی مەعریفی لە بارەی رەوانبێژی شیعریی دەدات.

کەواتە وەك چۆن رەخنەگر نازم عوّدە بایەخی ئەو مەعریفە شیعرییەی بە نازك مەلایکەوە پەیوەست کرد، دەشێ لەو بارەوە جۆرێك لە هاوگونجان لە نێوان (شێخ نوری شێخ ساڵح، گۆران و هاوڕێکانی) و (نازك مەلایکە و بەدر شاکر سەیاب و هاوڕێکانی)دا بدۆزینەوە. چونکە ئەوان توانیان هەم دنیابینییەکی نوێ بە شیعر ببەخشن، وەك چۆن توانیان ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و مەعریفە و ئاگایی شیعریی لەو بنبەستبوونە رزگار بکەن، کە (مێژوو) وەزیفەکانی دیاری دەکرد، بەو مانایەش شیعری نوێ لە (بەرکار)ەوە بەرەو (بکەر) و رووداو هەنگاوی هەڵێنا، زمانی شیعریی لە ئاوازخوانی و هەرزەگۆییەوە بەرەو ئیستێتیکا و شیعرییەت بۆوە. لە لاساییکردنەوە و بەرگری کردنەوە بەرەو کەشفکردن و خەونبینییەوە...

بە کورتی ئەو سەرنجانەی دەمەوێ لەو نوسینەدا بە خوێنەرانی بگەیەنم، لەسەر دوو بنەما وەستاوە، یەکەمیان قسەکردنە لە روانینی شاعیرانە، ئەویدیکەیان ئاگای شیعرییە. بەڵام بەر لەوەی بە شێوەیەکی گشتی سەرنجەکانم بخەمە روو، دەمەوێ دەستخۆشی لە (ئەیوب گەلاڵی)ی شاعیر بکەم، چونکە تا سنوری شیعر و خۆزگە توانیوویەتی وشە بە رستەوە بکات، بە هەستێکی سادە و دەربڕینی رەوان و ئیقاعی سەرئاوکەوتوو، هەوڵی داوە شیعر وەك بەفر داگیر بکات؟!

هاوڕێی شاعیر ئیتر (تۆ و شیعر و خۆزگە) دەستتان کردووە بە یەکدا، بەڵام قسە لەو دەست تێکەڵکردنەیە، کە تا چەند خەملێوە! تەنها خەملێنیش بەس نییە، چونکە شیعر زۆرجار بۆ هەمووان وەك (با) دێ و وەك (باران) ژیان تەڕ دەکات، شیعر بۆ هەمووان زۆرجار عەشق و خۆزگە و مەرگ و شکست تێکەڵ بە یەکتر دەکات، بەڵام لەبیرمان نەچێ کاری ئەدەبی بە سروشتی خۆی بکەرە، کاری ئەدەبی بە سروشتی خۆی رووداوە، دەمەوێ بڵێم نابێت بەو شێوە (باوە) پێشوازی لە شیعر بکەین، نابێت هەر شتێ هاتوو و نەگەڕاوە قبووڵی بکەین، چونکە ژیان کورتە، تەنها ئاوڕ لە ئیبداع دەداتەوە.. پێویستە لە پشت ئەو پێشوازیکردنە دنیابینی و خەون و خەیاڵی شاعیرانەمان هەبێت، هەڵگری ئاگایی شیعریی و پرس و ئاگایی سەردەم بین، دەبێت زنجیرەی وشە سادەکان و چاوەڕوانی باوی خوێنەران لەیەکتر بترازێنین، من مەبەستم ئەوە نییە، وشە سادەکان بە وشەی ناسادە ئاڵوگۆڕ بکەین، بەڵکو دەمەوێ بڵێم با ئەو گوێچکە و رێچکە و بیرکردنەوە (پەککەوتەیە) و ئەو وەزیفە مێژووییەی شیعر بگۆڕین، کە خووی بە پرسیاری تەقلیدی و بەکار هێنانی تەقلیدییانەی وشە سادەکان و هەرزەگۆیی و نائامادەیی هونەری گرتووە و لەگەڵ گفتوگۆی کراوە و جیاواز و فرە رەهەند ناکۆك دەکەوێتەوە، با ئەو تێڕوانین و چاوەڕوانییە (هەستی سادە و دەربڕینی رەوان و ئیقاعی سەرئاوکەوتوو) ئەو تێڕوانین و چاوەڕوانییە باوەی کە خوێنەرە باوەکان شانازی پێوە دەکەن و شارەزایی و زیرەکی خۆیانی تێدا دەبیننەوە، بخەینە گۆمە مەنگەکەی مێژووەوە..
بە کورتی سەرنجەکانم لەسەر کۆمەڵە شیعری (ژنێك لە بەفر داگیرم دەکات) قسەکردن نییە، لە سنووری دیاری شیعر، لە سنورە باوەکانی شیعر، بەڵکو دەمەوێ رێگایەك بۆ سنورە نادیارەکانی شیعر خۆش بکەم، قسەی من ناچێتە خانەی هەستی سادە و دەربڕینی رەوان و ریتمی شیعرییەوە، بەڵکو ئاماژە کردنە بە دۆزینەوەی ساتە بێ وێنەکان! شیعر گرتنی ئەو ساتە بە جێماو و بێ وێنانەیە، کە لە مرۆڤ دەکەوێ، گوتنی نەگوتراو و وسبە لێکراو و پەراوێزخراوەکانە، بەرجەستەکردنی لەبیر کراوەکان و دەست لێنەدراوەکانە، شیعر قسەکردن نییە لە دیار، کە بە شێوەیەکی زۆر سادە لە کۆی ئەمڕۆی شێوە لیریکییەکەی شیعری کوردی دەبینرێت، بەڵکو شیعر کەشفکردن و رامکردنی بێدەنگی وشەیە، بێدەنگییەك کە رووخسارە مەزنەکەی خۆی لە جوانی و کرانەوەدا هەڵدەگرێتەوە، بێدەنگییەك کە هەمیشە ئامادەیی گوتنی تێدایە، نەك خۆ بە دەستەوەدان، بەڵکو ئامادەیە وەك رووداو، وەك ئاگایی بە نێوماندا درێژ بێتەوە و خۆی زیاد لە روویەك (دەروونی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تیۆلۆژی...هتد) بنەخشێنێت، شیعر ئەو بێدەنگیەیە، کە جۆرێك لە جوانی و ئاگاییمان پێدەبەخشێت، شیعر قسەکردنە لەو بێدەنگییە بێ ئەوەی وشە بە فیڕۆ بدات! شیعر جۆرێکە لە خۆ رووتکردنەوە، بەو مانایەی کە بێدەنگی لە دوتوێی خۆیدا نێودژییەکی داپۆشراوی هەڵگرتووە، پێویستی بە کەشفکردنە، بەڵام لە سەر بنەمای لەیەکنزیکردنەوەی ئیرۆسیەتی (زمان و رووداو). بە بڕوای من ئەوەی لەو کۆمەڵە شیعرە تەخشان و پەخشان کراوە دەنگ و وشەیە، دووبارە من قسە لە هەستی سادە و دەربڕینی رەوان و ئیقاعی وشە ناکەم.. جوانی شیعر لەوەدایە بە کورترین دەستەواژە، رووانینێکی بەرفرەوان بخاتەوە، لە سێبەری بێدەنگی بە ریتمی سەردەم دەنگبداتەوە...

من و شەو
جادەمان جێهێشت
لە کۆتایی رێگادا
شەو خۆری لە ئامێز گرت
من جێگای بە تاڵی تۆ
(کەیوان میهرەگان-و:مەریوان هەڵەبجەیی)

دەمەوێ بڵێم شیعر پەناگەی روانین و بیرکردنەوە و جێبەخۆ نەگرتنی وشەیە، بەو مانایە نا، کە وشە دەگات، وشە سەما دەنەخشێنێ، بەو مانایە نا، کە ئاوازخوانی و گۆرانی و هەرزەگۆییە، بەڵکو بەو مانایە، کە لە نێوان رووتبوونەوە و پۆشین، لە نێوان خەون و راستی، گەیشتن و

نەگەیشتن... شیعر دیار نامێنێ و چێژ جێگای دەگرێتەوە! کەواتە شیعر بەرجەستەکردنی رووتی و پۆشینە لە ساتە بێ وێنەکاندا، شیعر کەوتنە نێو بۆشاییەکانی خەیاڵە، بە ئیقاعی سەردەم.

# ڕەشبردنەوەی بۆشایی
# لە دنیای شیعریی شاڵاو حەبیبەدا

**سەرەتا**

هەمیشە نوسەر پێش ئەوەی خودی خۆی بدۆزێتەوە، دەکەوێتە نێو (بوون)ی زمانەوە! ئەو قسەیە بەرەو ئەوەمان دەبات، کە دەقی داهێنەرانە نە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی بابەت، نە بە شێوەیەکی گشتی (ئیگۆ-خود، یان من) لێی بەرپرسیارە؟!

ئەگەر لایەنی (بابەتی) بە جۆرێك لە جۆرەکان لەوێوە ئاماژە بە زمان بکات، کە وادەکات کردەی تێگەیشتن ئاسان بکەوێتەوە، ئەوە لایەنی (خودی) و بەکارهێنانە تایبەتییەکانی دانەر، ئاماژە بە مەعریفە و فیکرو خەیاڵ دەکات. لایەنی یەکەم دەکەوێتە نێو مێژوو، بەڵام لایەنی دووەم بە هوشیارییەوە دەلکێت. ڕاستە هوشیاریی بەشێکی سەرەکی دەقی داهێنەرانەی پێکدەهێنێت، بەڵام لە بیرمان نەچێ دەقی داهێنەرانە لەوێوە دەردەکەوێت، کە کۆی دەسەڵاتەکان دەخاتە ژێر ئیقاع و پرسیاری سەردەمی خۆیەوە، بە مانایەکی دیکە هەمیشە ئەدەب و هونەر لە ڕێگای هاوژیانی و گفتوگۆوە، لە ڕێگای دنیابینیەوە وێناکردنی دیکەی جیاواز بەرهەم دەهێنێت، وێناکردنێك کە پێشبینیکردن و جوانی و خەیاڵ... ڕۆڵی تێدا دەبینێت.

واقیعی گوماناویی/ ساتمەکردن لە مانا لێڵەکان

تەنیا ئەگەر نەختێك توندتر
دەستی یەك بکوشین
لەوانەیە زستان
یەك دوو قولانج لە شار
دوور بکەوێتەوە

"کتێبی زستان- شاڵاو حەبیبە، 2014، ل17"

(شاڵاو حەبیبە) لە کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی هەوڵدەدا ساتمە بە خوێنەران بکات! ئەو (کردەیە) دیار نییە وەك ئەوەی زمان قسەمان پێدەکات، خۆی بنوێنێ؟! بەو مانایەش چەند شیعرییە یان دەستکرد من ئەو هەڵسەنگاندنە بۆ خوێنەران جێدەهێڵم... لە بەرانبەریشدا دەمەوێ بڵێم دەشێ هەندێ لە خوێنەران لە ساتمەکردندا بەربنەوە نێو گومان، بەڵام دووچاری هیچ کێشەیەکی مەعریفی نابن، هەندێکی دیکە لە خوێندنەوەدا بەردەبنەوە نێو دڵەڕاوکێ بێ ئەوەی دەست لە بەخشندەیی ماناکان بشۆن، هەندێکیان بەردەبنەوە نێو بۆشایی و ڕەش دەیانباتەوە، بەڵام چێژ دەیانگرێتەوە! (گومان) و (دڵەڕاوکێ) و (چێژ) سێ تەوەرەن، ساتمە شیعرییەکان دروستیان دەکەن، بەڵام من وایدەبینم بایەخی شیعریی هەر تەنها لەو تەوەرانەدا خۆی نەبینێتەوە، بەڵکو لە ڕەشبردنەوەی بۆشایی بەرجەستەتر دەردەکەوێت.

ئەگەر (گومان) لە شیعرەکانی شاڵاودا پەیوەندی نێوان شوێن و کات لە واقیعدا تۆخ بکاتەوە، ئەوە (دڵەڕاوکێ) لێڵی ماناکان چڕ دەکاتەوە! وەك دەزانین شیعر لە واقیعێکی گوماناویدا سەر دەردەکات، بەڵام مەرج نییە شوێن و کاتی شیعریی وەك پێویست سنورەکانیان دیار بێت... وەك چۆن لێڵی ماناکان خوێنەر دەخاتە دڵەڕاوکێوە، بەو مانایەش (واقیعی گوماناویی) و (دڵەڕاوکێی مانا لێڵەکان) بە نێو یەکدا دەچن و یەك ئەویدیکە تەواو دەکات، دەمەوێ بڵێم وەك چۆن واقیعی گوماناویی هەڵگری دڵەڕاوکێیە، بە هەمان شێوە ئەو مانا لێڵانەی لە دڵەڕاوکێوە لە دایك دەبن، دەبنە هۆکاری سەرەکی واقیعی پڕ لە گومانی شیعریی! لێرە خوێنەر لە داخستنی کتێبدا، گومانی شیعریی دەڕەوێتەوە، بە دیوەکەی دیکەش لە زۆربەی جار لە بەدواداچوونی لێڵی ماناکاندا بە ڕۆناکییەك دەگات، کە لە بێداربوونەوەی ماناکاندا هەڵدەقوڵێت. کەواتە خوێنەران دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی شاڵاو حەبیبە ئەوەی لە داخستنی کتێب لە دەستی دەدەن، لە

بێداربوونەوەی ماناکاندا دەیقۆزنەوە، ئەوەی لە جێگیربوون بەجێیدەهێڵن، لە گەڕانی بەردەوامدا دەیدۆزنەوە...

**ڕەشبردنەوەی بۆشایی/ ساتمەکردن لە تاریکی**

بێزاری بۆ باخێکی بردم
منداڵێك
بە بۆیە کێشابووی
"کەسێك لێرەوە تێپەڕی، شاڵاو حەبیبە، 2008،ل21"

(ڕەشبردنەوەی بۆشایی) وەك لە ناونیشانی ئەو نوسینەدا هاتووە، یان وەك لە شیعرەکانی شاڵاودا وەك خوێنەرێك دەیبینم، لە رووی مانـاوە پەیوەنـدییەکی لۆژیکی بە تـاریکی بۆشـاییەوە هەیە، مرۆڤ لە تاریکی بۆشاییەوە ساتمە دەکات، لە رووی دەلالەتەوە پەیوەندی بە جۆرێك لە رەشبینییەوە دەکات، واتە خوێنەران لە ناوکۆییەك ساتمە دەکەن، کە بە شێوەیەکی باو بە مانایان ناگەیەنێت، هەڵبەتە مانـایەك کە لێیراهـاتوون و قسـەکردن دەیانبـاتەوە سـەری، بەڵکو دەکەونە کەلێن و بۆشاییەوە، کەلێن و بۆشاییەك کە جگە لە مانای لێڵ و بێدارکردنەوەی مانـا هەنـدێکجار بە تاریکییان دەگەیەنێت، ئەو تاریکییەش جۆرێك لە رەشبینی بۆ خوێنەر دەسازێنێ، بۆیە دەبێ خوێنەر لە خوێندنەوەدا چرای خۆی پێبێ بۆ بەدواداچوون و تەئویلکردنی تاریکی! دەشێ لە رووی رەخنەی ئەدەبییەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە (وولفگانگ ئایزەر Wolfgang Iser 1926-2007) بیر بخەینەوە، لای ئایزەر مەرجی کارلێکردنی (دەق) و (خوێنەر) لەیەکنەچوونە! ئەو لەیەکنەچوونە، نەچوونەوە سەر ناوکۆیی باو و روانینی بـاوی نوسـەر و خـوێنەرە، کاتێك هەر یەك لە نوسـەر و خـوێنەر ناسـنامەی یەکتـر لەبیـر دەکەن. یـان خۆیـان لە ناسـنامە کۆنەکەیـان دەکەنەوە، لەو کـاتەدا هەر یەك لە سـەر ئەویـدیکە، یـان لە دانوسـتان لەگەڵ یەکتـردا حەقیقەتـی خۆیان لە سەر "ناشت" وێنا دەکەن: بێزاری بۆ باخێکمان دەبات، منداڵێك بە بۆیە کێشاوویەتی... لە باخی واقیعەوە بۆ باخی سەر کاغەز... لە سەر بنەمای ئەو بۆشـاییە و ناشـتە پەیوەنـدی نـوێ دادەمەزرێ! بێگومـان دامەزرانـدنی پەیوەنـدی نـوێ لە نێـوان ئەو دوو رسـتەیە یـان نوسـەر و خوێنەر، لە سەر پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییانەوە دێت کە خـوێنەر سـاتمەی لێکـردووە، لە نێـوان دوو سەوزایی (سەوزایی واقیع) و (سەوزایی بۆیە) تەئویلکردنی بۆشاییەکان ناکەونە سەر یەك ناسنامە، ئەو (لەیەکنەچوونە)ی سـەوزاییەکان پشت بە تەئـویلی جیـاواز دەبەسـتێت. بەڵام وەك دەزانین لە سەر ناسنامەی کۆن، زۆرجاران تەئویلکردن بۆ وەهم دەگۆڕێ.

هەڵبـەتە ئەو وێـنەیەی لە خوێندنەوەی(سـەوزایی واقیـع) و(سـەوزایی بـۆیە) دروسـت دەبێـت، پەیوەندییەکی راسـتەوخۆی بە لێوردبـوونەوە و رامـانەوە هەیە، دەمەوێ بڵـێم ئەگەر مـرۆڤ لە تـاریکی سـاتمە بکـات، ئەوە خـوێنەرانی شـاڵاو حەبیـبە لە لێوردبـوونەوەی نهلیسـتییەوە سـاتمە دەکەن، یان لە ناشتەوە ساتمە دەکەن، چونکە کاتێك خوێنەر لە (سەوزایی واقیع) بـۆ (سـەوزایی بۆیە) هەنگاو دەنێ، دەکەوێت! ئەگەرچی رەشبردنەوەی بۆشایی لە لایەك بە چەمکی بۆشـایی و سپێتی و کەلێن و دابڕانەکان... ئایزەرەوە دەلکێ، لە لایەکی دیکە پەیوەندی بە ماوەی گرژبووی نێوان وشەکانەوە دەکات، ئەوە ئەو گرژبوونەوەیە خوێنەران دەخاتە رامانەوە!

(چەمکی بۆشایی) و (ماوەی گرژبوون) لە سەر پەیوەندی نوێی نێوان وشەکان وەستاوە، خودی ئەو پەیوەندییە نوێنەرایەتی دەق دەکات، ئەو چـرایەی کە خـوێنەریش بـۆ رۆنـاککردنەوە لەگەڵ خۆی دەیگێڕێ وەك بنەڕەتی خودی نوێنەرایەتی ئەزموونی رۆشنبیریی خوێنەر دەکات، ئەوەی کە ئەو خوێندنەوەیەش دەوروژێنێ پەیوەندی بەو پەرچەکـرداره دەلالـی و ئیسـتێتیکیانەوە هەیە، کە پشت بە واقیعی گومانـاوی دڵەڕاوکێ دەبەسـتێ و لەو نوسـینەدا لە چەمکـی (رەشـبردنەوەی بۆشاییەکان)دا کـورت کـراوەتەوە... کەواتە تێگەیشـتن لە رەشـبردنەوەی بۆشـایی تێگەیشـتنە لە ماوەی گرژبوو و لێوردبوونەوە لەو پەیوەنـدییە نـوێیەی کە دەکەوێـتە نێـوان وشـەکان و چـرای خەیاڵی خوێنەرەوە.

**ماوەی گرژبوو/ ئاگایی نهلیستی**

کاتێك لە خوێندنەوە بیر لە رستەیەك دەکەینەوە (دوای تەواوبوونی رستەکە) ئەوە ئێمە ئامادەین لە شێوەی رستەی دیکە، بیر لە بەردەوامبوون بکەینەوە.. بە دیاریکراوی رستەی دواتر دەبێ پەیوەندی بە رستەی یەکەمەوە بکات، بەمجۆرە خوێندنەوەی دەق بەبێ ماندووبوون بەرەوپێشەوە دەچێت... بەڵام ئەگەر رستەی دووەم و (دواتر) بە هیچ شتێکەوە بەند نەبوو، ئەوە جەریانی بیرکردنەوەی خوێنەر دەپچڕێ، یان دووچاری تەگەرە، رەشبردنەوەی بۆشایی، یان دووچاری گرژبوون و موفاجەئە دەبێ... لەوێوە زیندەگی لە دەستدەدات و دەکەوێتە چاڵێك (بۆشاییەك) کە لەو نێوانەدا دروست بووە... ئەگەر خوێنەر بیەوێ جەرەیانەکەی درێژە پێبدات، دەبێ چرای خۆی هەبێ، تاکو ئەو وەستانە (بۆشاییە) رۆناك بکاتەوە؟!

هێندە جوان خەوتووی دەڵێی کوژراوی لە شیعرێکی تردا

هەستە لە خەو

دەنوسم

هاتبووم شیعرێکت بۆ بخوێنمەوە خەوتبووی لە شیعرێکی تردا

-کێ نوسیبووی؟

" کتێبێك لە بارەی ئەو گوڵەی کە هەزار ساڵە تەقێنراوە و چەند هەزار ساڵە لێم دەگەڕێت، شاڵاو حەبیبە"

وەك لە خوێندنەوەدا بۆمان دەردەکەوێت ماوەی گرژبووی پەیوەندییەکان و بۆشایی نێوان وشەکان پشت بە کەلەپوری لێوردبوونەوە دەبەستێت، بەڵام لێوردبوونەوەیەکی نهلیستییانە، ئەگەر نهلیستیی پەیوەندی بە (واقیعی گوماناویی) و (دڵەڕاوکێی مانا لێڵەکان)ەوە بکات، ئەوە مەبەست لە کەلەپوری لێوردبوونەوە لە کۆمەڵگای داخراودا پەیوەندی بە ناوکۆیی کراوەوە هەیە، چونکە کۆمەڵگا داخراوەکان هەمیشە بەندەی ناوکۆییە ئەخلاقیەکانن نەك لێوردبوونەوە!

لە سەر ئەو بنەمایەش جیاوازی نێوان نهلیستییەتیەت و ئاژاوەگێریمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە ئاژاوەگێریی لە لێوردبوونەوە و رامان دەرناکەوێت، بەڵکو لە رەفتاردا بەرجەستە دەبێت، بەڵام لێوردبوونەوەی نهلیستی لە زەمەنەدایە!

هەڵبەتە زمان لای هایدگەر حەقیقەت دەخاتە روو، بەڵام زمان لای شاڵاو حەبیبە هەڵگری لێوردبوونەوەیە، بەو مانایەش شیعری ئەو سەر بە حەقیقەت نییە، بەڵکو لە دنیایەك دەژی کە لێوردبوونەوە دیدگاکانی دادەمەزرێنێ، ئەوەش وا دەکات خودی شاعیر بە نێو سیاقەکاندا پەرت ببێ و بکەوێتە نێو جولەی زەمەنەکانەوە نەك رووداوەکان، ئەوەش تەواو پێچەوانەی تێزەکەی هایدگەرە بۆ زمان و شیعر و بوون!

شاڵاو حەبیبە هەمیشە لە فەوزای وێرانکردنی سیاقەکان دوور دەکەوێتەوە، لە نێو زەمەنی رووخانە یەك لە دوا یەکەکاندا خۆی دەنوێنێ و دەبێتە کوڕی ئەزموونە وێرانەکەی مرۆڤایەتی و لە هەموو زەمان و مەکانێکەوە سەر دەردەهێنێت! هەر لەوێشەوە بە ئاگاییەکی نهلیستی دەنوسێت و بەرەو ئەزموونی نهلیستیانەمان دەکاتەوە، لە سەر ئەو بنەمایەش زمانی ئەو ئاگاییەکی نهلیستی دەخاتەوە، یان تەڵەیەکی ئامادەکراوە، نەك هەر دەمانخاتە پەسنی مانایەکی دیکەی نوێوە و مانایەکی نوێ بێدار دەکاتەوە، بەڵکو هەوڵی ئەزموونێکی دیکە لەگەڵ زمان دەدا و بەرەو کەوتن و بۆشایی یەك لە دوا یەکمان دەکاتەوە، نەك سەلماندنی رووخانە یەك لە دوا یەکەکان... بەو مانایەش زمانی شیعریی شاڵاو حەبیبە زەمەنی وجودی جێدەهێڵێت و بەرەو زەمەنی عەدەمیمان دەبات!

کەواتە لەپڕ دەرکەوتنی ئەو پەیوەندە نوێیانەی نێوان وشەکان، یان بێدارکردنەوەی مانا و رۆناککردنەوەی مانا لێڵەکان لە دووتوێی زمانی کردەدا خۆی دروست دەکاتەوە، ئەوە پەیامی سەردەمێکە بۆ بۆشاییەکان، پەیامی رێبوارێکە بە نێو بۆشاییەکانی زەمان و مەکاندا بە ئاگاییەکی نهلیستییەوە رەتدەبێت، کتێبێکی کراوەیە خوێنەران بۆ رۆیشتن بە نێو بۆشاییەکاندا هاندەدات، پەیامی نەوەستان و بەدواداگەڕانە و لە سەر خود ڕاناوەستێ، لە بۆشاییەکەوە بەرەو بۆشاییەکی

دیکە و لە عەدەمێکەوە بەرەو عەدەمێکی دیکە هەنگاو دەنێت، لە زەمەن و مەکاندا دەتوێتەوە بۆ ئەوەی بە عەدەمـدا گـوزەر بکـات، بەڵام وەك گوتمـان نـاکەوێتە نێـو فەوزاوە، بەڵکـو بە بێدارکردنەوەی مەعریفەی شیعرییەوە دەلکێت، خوێنەران لە نێوان رەشبردنەوەی بۆشایی عەدەمی و بێدارکردنەوەی ئاگایی، هەنگاو دەنێن... لە نێوان لێوردبوونەوە و بێدارکردنەوەی مانا لێڵەکان دووبارە بەدواداگەڕانی خوێنەران دەستپێدەکاتەوە، لە نێوان وێنە و دۆزینەوەی مانا خوێنەران چێژ لە بۆشاییەکان وەردەگرن.

**دەرئەنجام:**

لە کۆی ئەو نوسینەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە شیعرەکانی شاڵاو حەبیبە سەر بە مانا باوەکانی زمان نین، ناکەونە سەر ئەوەی زمان دەمانبات، بەڵکو زۆربەیان ساتمە بە خوێنەران دەکەن و بەرەو مانـای لێـڵ و بێـدارکرنەوەی مانـا دەڕۆن و واقیعێکـی گومانـاوی دروسـت دەکەن، لە دەرئەنجامیشدا خوێنەران دەخەنە دڵەڕاوکێوە. بەڵام بەشێك لە شیعرەکانی خوێنەران دەخەنە سەر رەشبردنەوەی بۆشایی و بەرەو دۆزینەوە و بەدواداگەڕانـی بەردەوام هانیانـدەدەن، لەو بەدواداگەڕانەشدا خوێنەران زەمەنی وجودی جێدەهێڵێن و لە لێوردبوونەوەی بۆشایی چێژ لە تاریکی و نهلیستییەت وەردەگرن. لەو بەشەدا شاڵاو حەبیبە سەر بە ئاگایی نهلیستییە و ناکەوێتە نێو حەقیقەتی زمانی باوەوە.

## (بەشی دووەم)

## تێگەیشتن و ڕاڤەکردن

## نووسەرانی کورد

هیگل پێیوایە مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە خودی خۆی ئاگادار دەکاتەوە، بەو مانایەی کە بوونی لە بوونی شتە سروشتیەکان دەکات، بەو مانایەی کە بوونی خۆی بۆ خودی خۆیەتی. بەڵام شتەکانی دیکە یەك شێوە لە بوونیان هەیە. لە سەر ئەو بنەمایە لە سەر مرۆڤ پێویستە بەو شێوەیە بژی کە بۆ خۆی هەیە، یان بەو شێوەیە بژی، کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، چونکە هەمیشە مرۆڤ بە ئاڕاستەی دۆزینەوە و ناسینەوەی خودی خۆیەتی، کاتێك ڕاستەوخۆ دەیگاتێ و لە دەرەوە بۆی دەردەکەوێت.
مرۆڤ لە ڕێگای لێکچواندنی خۆی بە شتەکانی دەرەوە، خۆی دەناسێتەوە، بۆیە هەمیشە کار بۆ دەستلێدان و گۆڕینی شتەکانی دەرەوەی خۆی دەکات، چونکە دەیەوێت خودی خۆی ئەو کاتە ببینێ، کە بە شێوەیەکی بابەتیانە پراکتیزە دەبێ. بەڵام چۆن خود دەتوانێ نوێنەرایەتی خۆی بکات؟ من نامەوێ ئەو شێوەیە لە قسەکردن وەك بانگەشەیەك بۆ خودگەرایی بە بیر ئێوە بهێنمەوە، وەك چۆن لە بەرانبەریشدا مەبەستم وروژاندنی عەدەمگەرایی نییە، بەڵکو دەمەوێ لە نێوان خودگەرایی و عەدەمگەرایی بەرەو پرۆسەی نووسین هەنگاو بنێم، دەمەوێ بڵێم لە دەرەوەی خودگەرایی و بابەتگەرایی پرسیاری نووسەر هەر تەنها پرسیاری خۆ دۆزینەوە نییە، بەڵکو پرسیاری ئەویدیکە دۆزینەوەشە... نووسەر ئەو کاتە خۆی دەبینێ، کە بەر ئەویدیکەی جیاواز دەکەوێت، نووسەر لە ڕێگای زمانی نووسینەوە بە سەر دنیا و ئەویدیکەدا دەکرێتەوە.
کرانەوە لە دنیای نووسیندا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە توانای بینین و خەون و خەیاڵ و خوێندنەوە و نیگەرانییەکانی نووسەرەوە هەیە، بە دیوەکەی دیکە پەیوەندی بە ئەوانیدیکە و سەردەم و جیاوازییەوە دەکات. دەمەوێت بڵێم (کلتور) و (جیاوازی) تەواوکەر و دەوڵەمەندکەری یەکترین، بە هەمان شێوە (نووسەر) و (خوێنەر)یش؟!
بێگومان دەق (ئەدەبی و هونەری) تێگەیشتنمان بۆ دنیا و مرۆڤ وجوانی، تێگەیشتنمان بۆ پەیوەندییە مرۆییەکان بەرفرەوان و دەوڵەمەند دەکات، لەوێوە کە خوێندنەوە خۆراکی مێشکە، بەڵام دەبێ ئەو خۆراکە جورئەت و وزەی دەستلێدانمان بۆ دنیا تێدا بوروژێنێ؟ بەو مانایەش ئەوەندەی لە ڕێگای خوێندنەوە سنورەکانی ئاگایی و دەرککردنمان بەرفرەوان دەکەین، ئەوەندەش لە دانوستاندن و بەرکەوتن، خۆمان لە ڕێگای ئەویدیکەی جیاواز دەناسینەوە! پێویستە نووسەر لە ئاستی بەرزی ئەو مەعریفە و ڕۆشنبیرییەدا بێت، کە بوونی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە، بەو مانایەش دنیای نووسین و خوێندنەوە، بێ باگکراوەندی فیکری و مەعریفی و دنیابینی سەردەم هەناسەی تەنگە، ئەدیب و نووسەریش بێ بوێری بەرکەوتن لەگەڵ ئەویدیکەی جیاواز، ناتوانێ لە جۆگەی بەر ماڵان بپەڕێتەوە!
دەشێ ئەو بیرکردنەوەیە لەسەر زاری نووسەری بە ناوبانگی فەرەنسی سیمۆن دیبۆڤوار لە (یادەوەری کچێکی مولتەزیم)دا بەمجۆرە ببینین، کە دەڵێت: لە منداڵی ئەرکی دایك و بەخێوکەرەکەم (لویز) ئەوە بوو، کە سکم برسی نەبێت، پاشان ڕستەیەکی جوان دەخاتە ڕوو، دەڵێت ئەو کات بۆ من دنیا ئەوەندەی لە ڕێگای زارمەوە دەچووە ناومەوە، ئەوەندە لە ڕێگای دەستلێدانەوە ئاشنایەتیم لەگەڵیدا نەبوو، بۆیە نەمدەتوانی قبولی بکەم.ل16... دەمەوێ لە پرسیاری چۆن دنیا قبول دەکەین، چۆن دنیا قبولمان دەکات، بڵێم: دنیا تەنها لە ڕێگای بینینەوە نایەتە ناومانەوە، بەڵکو پێویستە توانای بینیمان لە ڕێگای بەرکەوتن بە ئەویدیکەی جیاواز بخەملێنین، بەو مانایەش نووسەر پێویستە لە ڕێگای (خوێندنەوە) و (گفتوگۆ)وە بەشداری لە دنیادا بکات!
هەڵبەتە هیچ بینینێك بە بێ توانای بیرکردنەوە و مەعریفەی بەرفرەوان، سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت، هیچ بەرکەوتنێك بەبێ بڕوابوون بە خۆ و بە ئەویدیکەی جیاواز قاچی هەنگاونانی نییە، کەواتە بۆ ئەوەی لە ڕێگای زمانی نووسینەوە دەرکەوین، دەبێ بەو شێوەیە بنووسین، کە

خۆمـانی تێـدا دەبینیـنـەوە، دەبێ لەگەڵ ریتمـی سـەردەم و ئاگـایی و مەعـریفە رێ بکەیـن، لەو پێگەیەوە جورئەتی ئەوەمان دەبێت گفتوگۆوە لەگەڵ دنیای ئەویدیکەدا دابمەزرێنین...
فەلسەفە بە دەوری حەقیقەت و جوانی و رەوشتدا دەخولێتەوە، ئەدەب و هونەریش بە شێوەیەکی دیکە مـامەڵە لەگەڵ هەمـان ئەو تەوەرانەدا دەکـات. ئەفلاتـوون و موریـدەکانی بەهـای ئەدەب و هونەر بە بەها مەعنەوی و بەها ئەخلاقییەکانی بەرهەمێك یەکسان دەکەن... منیش دەڵێم ئەوەی لە دەقی نووسین پێویستە جەختی لێ بکرێتەوە هەر تەنها زمان و خەیاڵ و جوانگوتن (ئاستی تەکنیکی) نییە، بەڵکو جورئەتی تەجاوزکردنی چیگوتن و بەرجەستەکردنی رووە جیاوازەکـانی (بابەتی گوتن)یشە...
دەتوانم بڵێم ئەدەب و هونەر و بە تایبەتی گێڕانەوەی کوردی تا ئەندازەیەك توانیـویەتی بەشێکی زۆری حەقیقەتە جیاوازەکانی دنیای ئێمە و نێو ماڵی کوردی بە هەموو ئاڵۆزی لایەنە نائارام و جیاوازەکـانی هەژاری و پەروەردە و سـێکس و چەوسـانەوە و دادپەروەری ... بەرجەسـتە بکاتەوە، دووبارە جیهانێك لە خەیاڵ، جیهانێك لە کـاغەز، جیهـانێکی لە زمـان خـۆش و لە فەزا جوان دابڕێژێتەوە، جیهانێك کە دەتوانین بەشێك لە ئاڵۆزی و پشێوی خۆمانی تێدا هەڵگرینەوە، خەون و غەریزە و زایەڵەی دەنگە کپبووەکانمانی تێدا ببیسینەوە، بەڵام نەیتوانیوە لە رێگای ئەو زمان و فەزایە کوردییە، گفتوگۆی (بەردەوام) لەگەڵ ئەویدیکەی جیاواز بسـازێنێ، چـونکە ئەو فەزا ئەدەبی و هونەرییە کوردییە لە میـانی ئەزمـوونی خۆیدا وەك پێویسـت نەیتوانیـوە ئاسـۆی چاوەڕوانی چەسپاو بەتاڵ بکاتەوە، نەیتوانیوە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری باو بگۆڕێت! دەقی ئەدەبی و هونەری چەندە نەتوانێ گۆڕان لە ئاسۆی چاوەڕوانی باو دروست بکات، ئەوەنـدە لە هونەری کۆنسیومەر و کاڵ و کرچ نزیك دەبێتەوە!
سـەردەمێك بـوو، پـۆل ریکـۆر پێمـانی دەگـوت: دەقـی گێـڕانـەوە دەکـەوێـتە دووتـوێی ئەو مـاوە شـاراوەیەی کە لە نێـوان (خـود) و (دنیـای دەرەوە) دایە.. لێـرەدا پرسـیار ئەوەیە گێـڕانـەوەی کـوردی چـۆن بەر ئەویـدیکەی جیـاواز دەکەوێـت؟ لە کـامە پـێگەوە دەتـوانین گفتوگـۆ لەگەڵ ئەویدیکەدا بکەین؟ ئایا جێ پێیەکمان لە دنیای ئەدەب و هونەر بۆ خۆ کردۆتەوە؟ لە کامە ئاستدا دەتوانین خۆمان بەرجەستە بکەین، ئاستە بەرزەکانی (تەکنیك) یان لە (بـابەت) و دروسـتکردنی رووداوی جیاوازدا، لە جـورئەتی چیگـوتن، یـان لە ئاسـتە بەرزەکـانی جوانگوتنـدا، بە کـورتی نووسینی کوردی چۆن و چ بۆ ئەویدیکەی جیاواز دەگێڕێتەوە؟
لە سەرەتادا گوتمان مرۆڤ پێویستە بەو شێوەیە بژی کە بۆ خۆی هەیە، بەڵام لە بیرمـان نەچـێ ژیان وەستانی تێدا نییە، دەبێ لە نەوەستانەوە مرۆڤ بە ئاراستەی دۆزینەوە و ناسینەوە هەنگـاو بنێت، بەو مانایەش کاتێك چاوێك رووداوێك لە جولەی ژیان دەکاتەوە، یان رووداوێـك دەگرێـت و ئاشنای دەبێـت، یـان رووداوێـك خەلـق دەکـات، دەبێـتە گێـڕەرەوەی ئەو رووداوە، لە رێگـای گرتنی ئەو رووداوەوە خودی گێڕەرەوە بە شێوەیەکی بابەتیانە خۆی بە جێ دەهێنێ، بـۆ ئەوەی چاوە بێئاگاکانی دیکەی لێ بە ئاگا بهێنێتەوە، ئەوەش واتە ئاشنابوونی خود لەگەڵ دنیای شـتەکان و دیاردەکـان، لەگەڵ دنیـای ئەویـدیکەی جیـاواز، لە رێگـای پرۆسـەی خەڵقکردنـی مانـاو دەلالەتەکانی ئەو دیاردانە و بردنیان بۆ بواری ئاگایی فەردی و پاشان ئاگایی دەستەجەمعییەوە، هەر لە رێگای ئەو کردەیە خودگەرایی و بـابەتگەرایی پراکتیـزە دەبێـت و خـودی گێـڕەرەوە لە میانی زەمەنی گێڕانەوەدا خۆی لە دنیای ئەویدیکەی جیاوازدا دەدۆزێتەوە، بەو مانایەش هەمیشە پرسیاری نووسینی کـوردی چـۆن و چ بـۆ ئەویـدیکەی جیـاواز دەگێـڕێتەوە، پێویسـتی بە نـوێ بوونەوە و دانوستان و داهێنان هەیە.
ژیان وەستانی نییە، دنیای ئەدەب و هونەریش دنیایەکی وەستا و راگوزەر نییە، خۆشی ئەدەب و هونەر تەنها خۆشییەکی ساتەوەختی لە کار کەوتوو نییە، دەقی ئەدەبی سەرکەوتوو هەر بەوەنده نابێ بەسە بکات، هیچ کارێکی ئەدەبی و هونەری سەرکەوتوو لە دنیادا نییە، کۆمەڵێك چەمك و فیکـر و فەلسـەفەی زینـدوومان بـۆ نەخـاتە نێـو ژیـانەوە، هـیچ کـارێکی ئەدەبـی و هـونەری سەرکەوتوو لە دنیادا نییە، هەڵگری دنیـابینی و خەون و پرسـی سـەردەم نەبێت، هـیچ کـارێکی

ئەدەبی و هونەری، سەرکەوتوو نییە، هەڵگری ئەزموونێکی بەرفرەوانی مەعریفە و ئاگایی نەبێت... ژیان بەردەوامی دەنەخشێنێت، نووسەری داهێنەر لە سەر سێ پێگەی بنەڕەتی وەستاوە: مەعریفەی بەردەوام، خەیاڵی کراوە، جورئەتی تەجاوزکردن.

کەواتە دنیای داهێنان و بەهای دەقی داهێنەرانە، مەرج نییە، لەگەڵ پێوەرەکانی خوێنەر و رۆشنبیریی باو یەکبگرێتەوە، بەڵکو بایەخی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و پانتایی رۆشنبیری باو دووچاری شۆك و ئاوەژوو بوونەوە دەکات! بایەخی خۆی لەوەدا هەڵدەگرێتەوە، کە پێوەرە هونەرییە باوەکان تەجاوز دەکات و بۆچوون و پێوەری نوێ دادەهێنێ، بۆ ئەوەی لە رێگای پرسی نوێوە بەردەوامی بە دانوستان و گفتوگۆ زیندووەکانی بدات، نووسەر و خوێنەری داهێنەرانە چەند لە نووسین و خوێندنەوە بەرەو پێش بچێت، ئەوەندە واز لە گریمانەکان دەهێنێ و بە کۆمەڵێك بۆچووندا دەچێتەوە و کۆمەڵێ پرسیاری نوێ ئاڕاستە دەکات و کۆمەڵێ چاوەڕوانی دیکە بۆ ژیان دەخاتەوە.

هەولێر 2014/5/29

## رۆشنبیر
## پۆستەچی نێوان گەل و دەسەڵات نییە

خوێندنەوەیەك بۆ كایەكانی رۆشنبیریی لە گفتوگۆی نێوان (نینار) و (ئەدۆنیس)دا
نینار ئەسبر لە ساڵی 2001 كتێبێكی بە ناوی "شەوی یەكەم" لە دەزگای (ئەلنەهار) لە بەیروت بە چاپ گەیاندووە، بەڵام لە بنەڕەتدا هونەرمەندی شێوەكارییە، لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵێك فیلمی بەرهەمهێناوە، هەندێك لە كارە هونەرییەكانی لە ڤێستڤاڵی "كوتیە كور" لە پاریس پێشان دراون. هونەرمەند نینار ئەسبر لەو سەد پرسیارەی كە لە كتێبێكدا بە ناوی (گفتوگۆیەك لەگەڵ باوكم) ئەنجامی داوە و بۆ یەكەمجار لە دەزگای پەخشی فەرەنسی بڵاو بۆوە، لە زمانی سویدییەوە (هیوا قادر) كردوویە بە كوردی و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لە ساڵی 2012 چاپ و بڵاوی كردۆتەوە. نینار بە قسەی خۆی بە دوای دەسەڵاتی ونبووی باوكیدا وێڵە، ئەو پیاوەی كە ئامادەیی دەسەڵاتی بە سەر پانتایی شیعریدا زاڵە "باوك نییە، بەڵكو هاوڕێیە".

(1)

دنیای ئەمڕۆ، دنیای پرس و گۆڕان و شۆڕشی بەیەكگەیشتنو زانیارییەكانە، دنیای یەكتر قبووڵكردن و گفتوگۆ و دانوستاندنە، دنیای ئەمڕۆ، دنیای چوونە نێو زەمەن و تێگەیشتنە لەو زەمەنە هەنووكەییە زیندووەی كە ئێستاكان بەڕێوە دەبات، نەك گەڕانەوە بۆ حوكمە حازر بە دەستەكان و فیكرە لە قالب دراوەكان، بۆیە مرۆڤ بەر لەوەی لەسەر حەقیقەتێكی دیاریكراو و فیكرێكی لە قالبدراو بوەستێ، پێویستە لە دەرەوەی سیستمەكانەوە، خوێندنەوەیەكی جیاوازی بۆ ئێستاكان هەبێت، پێویستە لە دەرەوەی سیستمە دیاریكراوەكانەوە سەیری دنیا بكات، وەك چۆن گرنگیشە بە وزەیەكی پڕ لە بەخشش بیر بكاتەوە و لە كاتی خۆی دەست بۆ واقیع و كۆتاییەكان بەرێت؟!

نینار ئەسبر، لە زۆر لە شوێنەكانی ئەو گفتوگۆیە، لە كاتی خۆی دەست دەخاتە سەر مەسەلەكان و قسە لە واقیع و كۆتاییەكان دەكات، بۆیە لە بەرانبەر ئەو شێوە قسەكردن و بیركردنەوەیەی نینار، ئەدۆنیس دووچاری جۆرێك لە شۆك و كەوتن دێت، مەبەستی من لە (كەوتن)ی ئەدۆنیس ونكردنی دەسەڵات و ونبوونە لە نێو سیستمدا، یان ونبوونی ئەدۆنیسە لە كۆی ئەو پەیوەندیی و پێكهاتە بەیەكەوە بەستراوەی، كە هەنگاوەكانی رێكخستووە؟! وەك چۆن ئەوەی كە ئەدۆنیس لەو گفتوگۆیە سەرسام دەكات، جورئەت و بەرفرەوانی ئەو ئازادییە، كە نینار تێیدا دەجوڵێتەوە. بە مانایەكی دیكە نینار، ئەدۆنیسی باوك دەخاتە دەرەوەی ئەو قەناعەتە سیستماتیزەكراوەی كە ساڵانێكە كۆی دەكاتەوە! نینار، ئەدۆنیسی باوك بۆ كۆتاییەكان و دەرەوەی سیستم و دەسەڵاتێكی دیاریكراو، كێش دەكات.

نینار دەڵێ من پێموایە چەمكی (وڵات) و (نەتەوە) ئینسانەكان ئەكەن بە كۆیلە، وایان لێدەكەن ئینسانەكان گیرۆدەی دەسەڵات بن- ل140. لە بارەی راستی و ئازادی و پێكەوە ژیانەوە دەڵێت، من پێكەوە ژیانێكم دەوێت ئازادی خۆمی تێدا بپارێزم.ل67. ئەو گفتوگۆیەی نێوان (ئەدۆنیس) و (نینار)ی كچی، دەشێ دوو فۆرم لە رۆشنبیرمان نیشان بدات، رۆشنبیرێك كە خاوەنی ئەزموونێكی قووڵ و بەرفرەوانە و پەیوەستە بەكێشە رۆشنبیرییە گشتییەكانەوە و ماوەیەكی زۆرە لە كایەكانی رۆشنبیریی بەشدارە و خاوەن هەژموونێكی بەرفرەوانە، ماوەیەكی زۆرە دەسەڵاتی فیكر و مەعریفە و داهێنانی بە دەستەوەیە و وێنەیەكی دانپێنراوی بۆ خۆی فەراهەم كردووە، جگە لەوەش بە مانا سارتەرییەكەی لە دەرەوەی كایەكانی خۆی قسە دەكات، لە دەرەوەی بیركردنەوە و داهێنان و بەرهەمهێنانی ئاگایی و رۆشنبیریی و رەخنەدا قسە لە كایە جیاوازەكانی كۆمەڵگا دەكات، بەرانبەر رۆشنبیرێكی ئازاد و مۆدێرن، رۆشنبیرێك كە لە نێو سیستمێكی دیاریكراوی فیكر و بیركردنەوە قەتیس نابێ و هەمیشە قسە لە كۆتاییەكان دەكات، لە نێو پانتاییەكی بەرفرەوان لە ئازادی درێژە بە پرۆژە و چالاكیەكانی خۆی دەدات، رۆشنبیرێك كە بڕوای بە سیستمێكی دیاریكراوی زمان و سیستمێكی دیاریكراوی ژیان نییە، بەڵكو هەموو

پرۆژە و سەرمایە رەمزییەکەی خۆی لە کلیکێکی هەنووکەیدا بەرهەم دەهێنێتەوە، هەمیشە لە هەڵبژاردندا چەمکی دابڕان پەیڕەو دەکات.
وەك دەزانین ئەدۆنیس هەر لە سەرەتای ژیانییەوە وەك رۆشنگەرێك، لە پاڵ ئەرکە خەباتگێڕییەکەی، کە بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفە و داهێنانی ئەدەبییە.. هەوڵی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی داوە و بە بڕوابوون بە عەلمانییەت و سیستمێکی دیاریکراوی زمان، توانیویەتی چالاکی رۆشنبیری و ئیبداعەکانی خۆی پەرە پێبدات و لەسەر ئەو بنەمایەش سەرمایەیەکی رەمزی بە دەست هێناوە. ئەدۆنیس ئەو سەرمایە رەمزییەی خۆی لە زیاد لە پانتاییەکی ئەدەبی و فیکری و دواجار وەك گۆچانی ژیان خستۆتە کار! لێرەدا دەپرسم ئایا ئەوەندە بەسە کە رۆشنبیر سەرمایە رەمزییەکانی لە پانتاییەکی دیکە و گشتیدا بەکار بهێنێ، یان دەبێ لە یەك کاتدا پارێزگاری لە سەربەخۆیی و ئەکتیڤی خۆی بکات و بە دوای سەرکەوتنی پرۆژەکانییەوە بێ، نەك هەر هێندە بەڵکو هەمیشە لە سەرنەکەوتنی پرۆژەکانی هەنووکەیی خۆی دووبارە بەرهەم بهێنێتەوە؟! ئایا ئەرکی رۆشنبیر نوێنەرایەتیکردنی خەڵکە، یان داهێنانی کایەکانی فیکر و مەعریفە؟
نینار وەك شێوەکارێك نەك هەر سەر بە سیستمێکی دیاریکراوی زمان نییە، بەڵکو هەوڵدەدات لە ئێستایەکاندا بژی تا بە پرۆژەکانی خۆی بەشداری لە داڕشتنی قسە و باسی کۆتاییەکان بکات و لەناوەندی دیمەنەکانیدا دەربکەوێت، دەیەوێ لە هەنووکەیی خۆی پەیوەندییەکی دیکەی تازە لەگەڵ دنیا و شتەکان دروست بکاتەوە.
بە بڕوای من ئەگەر گرفتی ئەدۆنیس وەك رۆشنبیرێك لەگەڵ ئێستای خۆی، ونبوون بێ لە نێو سیستم و بەدوادانەچوونی پرۆژە هەنووکەییەکانی بێت؟! ئەوە گرفتی نینار لەگەڵ خودی ئەو سیستم و دەسەڵاتەدایە کە ئەدۆنیسی باوکی قووتداوە، سیستم و دەسەڵاتێك، کە ئەدۆنیسی باوکی غەرقی خۆی کردووە و وای لێکردووە کە بە چەمکەکانی بیر بکاتەوە، بە ئەندازەی سنوورەکانی هەنگاو بنێت، سیستم و دەسەڵاتێك کە دەستی بە سەر پرۆژەکان و عەقڵ و ئازادیدا گرتووە.. لە هەمان کاتدا گومان و دوودڵی و گرفتی نینار، وەك ئەوەی لە هەندێ شوێنی ئەو گفتوگۆیە بە ئاشکرا خوێنەر هەستی پێدەکات، لەگەڵ پرۆژە و فیکرەکانی خۆیدایە، وەك شێوە تیۆرییەکەی نا، بەڵکو بەو مانایەی کە هەموو چەمك و فیکرێك بەپێی گۆڕینی پەیوەندییان بە واقیعەوە ئەوانیش دەگۆڕێن.. بە کورتی لە کۆی ئەو قسانەوە دەمەوێ بڵێم رەنگە گرفتەکانی نینار راستەوخۆ پەیوەندی بە زەمەنی کۆتاییەکانەوە هەبێت، کە لە دوای ئازادی و لە دوای گۆڕانکارییەکانەوە دێتە بەرهەم، چونکە ئەو زەمەنە نادیارەی کە لە دوای گۆڕانکارییەکان بەرەو رووی دەبینەوە، زەمەنی تاودان و پشتگوێ خستن و مۆڵەت نەدانە، بەپێچەوانەی زەمەنی لاهوتی و زەمەنی ئایدیۆلۆژی کە زەمەنی چاوەڕوانی هەتا هەتاییە!
(2)
ئەمڕۆ رۆشنبیر وەك چۆن تەنها توێژەر نییە، بە دیوەکەی دیکەش پۆستەچی نێوان گەل و دەسەڵات نییە، هەڵبەتە ئەو قسەیەی (عەلی حەرب) لەبارەی رۆشنبیرەوە لەسەر ئەوە وەستاوە، کە ئەگەر کەشفکردنی حەقیقەت، هەتا دوێنێ وەك ئەرکە هەرە پڕ بایەخەکەی رۆشنبیر سەیر کرابێ، ئەمڕۆ کەشفکردنی حەقیقەتەکان ئەرکێکە بە باشترین شێوە رۆژنامە و هۆیەکانی راگەیاندن دەستەبەری دەکەن، ئەمڕۆ میدیا و هۆیەکانی راگەیاند، کۆمەڵگا لەرووداوو هەواڵە پەنهانەکان ئاگادار دەکاتەوە و تیشك دەخاتە سەر شتە پەنهانەکان و ریسوا ئامێزەکانەوە، بەو مانایەش رۆشنبیر بە مانا تەقلیدییەکەی لە خەڵکێکی ئاسایی بەولاتر شتێکی دیکە نییە، یان رەنگە خەڵکی ئاسایی لەم بارەوە لە رۆشنبیر کەمتر نەزانن.
بێگومان هەموو داهێنەرێك بە پێی بەرهەمهێنانی مەعریفە و داهێنانە فیکرییەکانی خۆی کار دەکات، بەڵام جیهان لە ئێستا پێکهاتووە، هەر لە ئێستاوە کاریگەری خۆی بە سەر پەیوەندییەکان بەجێ دەهێڵێ! جیهان لە ئێستا پێکهاتووە هەمیشە لە تازەکردنەوەی پەیوەندییەکانیدایە.. کەواتە ئەوە تەنها ئەو کەسەی دەنوسێت و کتێب دادەنێ نییە، کە گومان لە زەمەن دەکات! هەر ئەو

کەسەی دەنوسێت نییە، کە قسە بە تەکنەلۆژیا دەڵێ و خوێنەر دەخاتە نێو هەوڵی دڵتەزێنەوە، بەڵکو ئەو کەسەش دەگرێتەوە، کە بەپێی چوونە نێو شوێنە نوێیەکان و پەیوەندییە نوێیەکان، بیر دەکاتەوە، یان بەپێی هەڵدانی شێوازە نوێیەکانی گفتوگۆکردن و گێڕانەوە و تەعبیرکردن، نەخشە بۆ ماناکان دەکێشێت.
ئەگەر وەك ڕۆشنبیر بۆ خودی مارکس (کارل مارکس 5 مایو 1818 إلى 14 مارس 1883) بگەڕێینەوە کە خاوەنی گەورەترین دەستپێکردنی گۆڕانە، مارکس ئەگەرچی لە کۆمەڵێك کایەی جیاوازدا کاری کردووە، بەڵام لە هەموو کایەکاندا کۆمەڵێك چەمکی فیکری و فەلسەفی داهێناوە، وەك چۆن لەپێکهاتەی ئاگایی گشتیدا بەشداری جیدی هەبووە، بەشداری بێ ژمارەیشی لە ڕێکخستنە سیاسیو خەباتگێڕییەکان و تەکەتولاتی کۆمەڵایەتیدا نوواندووە.. دەمەوێ بڵێم ڕاستە ئەرکی ڕۆشنبیر داهێنانی فیکرە، یان دانانی تیۆرە بۆ کارکردن، کە ڕێگا بۆ گۆڕانکارییەکان خۆش دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ هەمیشە لەهەنگاونان بەرەو نادیار دەست پێشخەری بکات. چونکە هەموو ئەوانەی داهێنان و بەرهەمهێنانەوەی فیکر و فەلسەفە و خوێندنەوەی رەخنەگرانە.. بە کاری خۆیان دەزانن، ناکەونە نێو شوێنکاتێکی دیاریکراو و سیستمێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو شوێنکاتەکان دەبڕن و ڕێگایەك بۆ پرۆسیسەکردنی کردە و کاریگەرییەکانیان دەسازێنن. ڕۆشنبیر بۆ ئەوەی پرۆسیسەی عەقڵی خۆی بکات، نابێ چاوەڕێی ئەوە بێت (یەکێك) بێت و دەرگاکانی حەقیقەتی بۆ بکاتەوە، بەڵکو ڕۆشنبیر پێویستە هەمیشە لە ڕێگای داهێنانی فیکر و رەخنە و دانانی تیۆرە و خوێندنەوەی بەرهەمهێنەوە تەواوی ڕێگایەکان بۆ گۆڕانکاریی خۆش بکات و بەردەوام لە بەدواداچوونی پرۆژەکانەوە دووبارە هەنووکەیی بەرهەم بهێنێتەوە.

(3)

(نینار) لە پێشەکی کتێبی ناوبراودا دەڵێت باوکم لە کاتی ئەو گفتوگۆیانەدا وەك باوکێکی کلاسیکی وەڵامی منی داوەتەوە و کاردانەوەشی بەرانبەرم هەبووە، ئەوەش شتێك بووم من چاوەڕێم نەدەکرد..ل6. لێرەدا نینار وەك چۆن جەخت لە پەیوەندییەکی دیکەی جیاواز دەکاتەوە، وەك ڕۆشنبیرێکی ئازاد هەوڵی هەڵوەشانەوەی ئەو گوتارە زاڵەش دەدات، کە کار بۆ سنوردارکردنی حەقیقەت دەکات، لە سەر ئەو بنەمایەی کە زۆر جار ڕۆشنبیر بەناوی ئازادی، زۆرداری بەرهەم هێناوە، بەناوی عەقڵیەتی قوربانیخواز مرۆڤی پەرپووتی بەرهەم هێناوە، بە ناوی گۆڕانکاری دووبارە قەیرانەکانی بەرهەم هێناوەتەوە.
کەواتە بە بڕوای نینار باشتر وایە مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئازادی لە ڕێگای تۆڕی نوێی چەمکەکانی بەرهەمهێنانو داهێنان و چالاکی و خوێندنەوە و لێپرسراوییەت و بەشداربوونەوە بێت، وەك چۆن دەبێ ڕۆشنبیر لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی فیکر و لۆژیك و میکانیزمی واقیع و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی چەسپاو، خۆی بدۆزێتەوە، بە هەمان شێوەش پێویستە توانای چالاکی و پرۆژەی فیکری و داهێنانەکانی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکاندا هەڵگرێتەوە. بەو مانایە هەمیشە فیکر لە ڕێگای دووبارە فۆرمەلەکردن و پێکهاتەکانیدا وەك ئامرازێك بۆ گۆڕانکاری خۆی دەخاتەوە،

(4)

نینار دەڵێت لە ڕێگای پرسیارەکان و وەڵامەکانەوە تێگەیشتم کە من کێم و چۆن بیر دەکەمەوە. لە لای خۆم هەندێك شتم لە ئەدۆنیسی باوك دیت، کە پێشتر بەر لەوەی بچینە نێو ئەو یارییەوە ئەو شتانەم لێنەدیبوو! چونکە نینار لەو گفتوگۆیەدا وەك ڕۆشنبیرێکی زۆر ئازاد قسە دەکات و تەواوی سیستمەکان دەخاتە دواوە، یەکێك لەو سیستمانەی کە نینار بڕوانەبوونی خۆی بەرانبەر دەردەبڕێت و بە شێوەیەکی دیکەی جیاواز پرسیارەکانی ئاراستە دەکات، سیستمی زمان و سیستمی خێزان و دەسەڵاتی باوکایەتییە. لەبەر هەندێ لە بەرانبەر ئەو وزە ڕۆشنبیرییە نوێیەی نینار، هەمیشە ئەدۆنیس لە وەڵامەکانیدا بە سۆزەوە شتگەلێك دەڵێت، بۆ ئەوەی دڵنیایی بخاتەوە. وەك چۆن کۆمەڵێك شتی دیکەش کە نیگەرانی لێدەتکێ! لە نێوان دڵنیایی و نیگەرانی کچ و باوك

دەگەنە ئەوەی کە هەتا لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکانیش پێویستە ئافرەت، رۆشنبیر، زیاد لە پێویست بە هێز بێت، بۆ ئەوەی بە سەر ئەو گیروگرفتانەدا زاڵ بێت، کە دووچاری کۆمەڵگاکەی دەبنەوە. وەك چۆن پێویستە رۆشنبیر ئازاد بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ کارە رەخنەییەکانی بەرەوپێشەوە بەرێت و ژیان بخاتە جولەی بەردەوام و گۆڕانکاری بەردەوامەوە.

هەندێك لە پرسیارەکانی ئەو کتێبە ئاسان و هەندێکیش ئاڵۆزن. چونکە نینار بە مافی خۆی دەزانێ زۆر بە ئازادی هەندێك پرسیار بکات، کە پەیوەندی بە کایەی شیعریی و ئەدەبییەوە نەبێت، دەیەوێت وەك باوك هەندێك پرسیاری لێبکات، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی باوکایەتی و تۆتۆلۆژییەتی ئەو دەسەڵاتە بخاتە بەر رەخنە و بەدواداچوونی ئێستای بیرکردنەوەوە. کاتێك کچەکەی لە بارەی چەمکی مێینە و مێیینەوە پرسیای لێدەکات، ئەدۆنیس پێی دەڵێت پرسیارەکانت زۆر تیۆرین، بۆیە لە دەرئەنجامدا ناتوانم وەڵامێکی راستت بدەمەوە، بەڵکو تەنها دەتوانم هەندێك بۆچوون و هەستی خۆم بخەمە روو، بەڵام رەنگە پەیوەندی بە واقیعەوە نەبێت. سەرەڕای ئەوەش دەڵێت پرسیارەکانت دەکەونە نێوان دوو کۆمەڵگاوە یەکێکیان هاوچەرخە و ئەویدیکەیان وا نییە، پێی دەڵێت من وا هەستدەکەم کە تۆ گرفتت لەگەڵ ئەو دوو کۆمەڵگایە هەبێت، بەڵام من لە هەر کوێ بم شوێنێکم بۆ خۆم خەڵق کردووە، من هەمیشە دەڵێم نیشتیمانم زمانمە، پەیوەندی من بە دنیای زمان بە هێزترە لە پەیوەندیم بە شوێن و خەڵکەوە.

## "شەوی جیهان"
## لە "دیاردەگەرایی خود"ی "محەمەد تەها حوسێن"دا

بێگومان تێزی زمان وەك قەوارەیەکی ئاراستەکراوی مەتریال، کە "من" ئاراستەکانی دیاری دەکات و زمان وەك شتێکی رووت و ئازاد، کە خۆی قسان دەکات... زمان وەك مانا و زمان وەك دەلالەت، وەك جێگیربوون و گۆڕان، تێگەیشتن و راڤەکردن... قابیلی قسەی جۆراوجۆرە، زمان ئەو کاتە دەتوانێ هەنگاو بهاوێژێ، کە ستراکتۆرەکانی خۆی بەیان کردبێ، ئەو کاتە دەبزوێ، کە بتوانێ بنەماکانی پێشووی خۆی هەڵوەشێنێتەوە، کە دروشم و کلێشەکانی دنیای کۆنی تەجاوز کردبێت، زمان لە ئاستەکانی داهێناندا دەبزوێ، زمان لە داهێناندا رابردووی خۆی دەوڵەمەند دەکات، زمانی داهێنان هەرگیز بۆ رابردوو ناگەڕێتەوە، بەڵکو رابردوو بە جۆرێکی دیکەی جیاواز بەرهەم دەهێنێتەوە...
"کریشنا مۆرتی" لە کتێبی "رزگاری" وەرگێڕانی "سەعید سەیدی" پێیوایە خود بریتییە لە خەیاڵ و بیرەوەری و ئاکام و ئەزموون و بڕیاری جۆراوجۆر کە دەکرێت ناویان بەرین و کە ناکرێ ناویان بەرین. ئەو پێناسە بەنێویەکداچووە، وەك تاریك و روونی خود لای "محەمەد تەها حوسێن" کە پێکهاتووی مێژوویيەکی بەرخوردی تاکە لەگەڵ ژینگە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەر و تێکەڵاوە لەگەڵ وەڵام و جولانەوە و مامەڵە و ئینجا سیستماتیك کردنی پاڵنەر و غەریزە ناوەکییەکان، لە زۆر شوێن بە یەك دەگەنەوە... بێگومان هیچ یەکێك لە پێناسەکان، ئاڵۆزی خود و بیروڕا جیاوازەکان ناشارنەوە، خود بەپێی تێگەیشتنی بۆ چەمکی ئازادی وەك زمان قسان دەکات و بەپێی یاسا و رێساکانی (کۆ) وەك زمان قسەی پێدەکرێت؟! چەمکی خود و چەمکەکانی دیکە لە بوارە جۆراوجۆرەکانەوە لە کتێبی "دیاردەگەرایی خود، چەند خوێندنەوەیەکی سایکۆفەلسەفی بۆ خودی کوردی، چ 2015" قسەی لێکراوە و قسەی پێکراوە، ئەوەش بەو مانایە نییە، کە هیچ چەمکێك لەو چەمکە فیکری و فەلسەفی و سایکۆلۆجیانەی لەو کتێبەدا قسە و باسی لێکراوە و پێکراوە، هەڵگری یەك پێناسە و یەك تێگەیشتن و یەك راڤەکردنی دیاریکراو بن! مرۆڤ لە پرۆسەیەکی بەردەوامی چنینی خود و بونیادنانی خود دایە... ژیان بەردەوامی دەینەخشێنێت، فیکر و مەعریفە و خەیاڵی مرۆڤایەتیش لە فرە رەهەندی و جیاوازییەوە سەرچاوە دەگرێت!
نوسەر ئازادە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێ کارە رەخنەییەکانی بەرەوپێشەوە بەرێت و ژیان لە جولەی بەردەوام و گۆڕانکاری بەردەوامەوە بنوسێتەوە، پێویستە خاوەنی مەعریفەیەکی بەرفرەوان بێت، بۆ ئەوەی بە سەر گیروگرفتەکانی ناوکۆییدا زاڵ بێت، پێویستە لە ئاستێکی بەرزی ئیستێتیکیدا بێت. هەموو نوسەرێك بە پێی بەرهەمهێنانی زمان و مەعریفە و داهێنانە فیکرییەکانی خۆی کار دەکات! دەمەوێ بڵێم پێویستە نوسەر خاوەنی مەعریفەیەکی بەرز و کراوە بێت و خەیاڵی زمان ئازاد بکات، چونکە جیهان لە ئێستا پێکهاتووە، مەعریفە کاریگەری خۆی بە سەر پەیوەندییەکان بەجێ دەهێڵێ، بەشێکی زۆری ساتەوەختی نوسین ئێستای فیکر، ئێستای واقیع بەڕێوەی دەبات!
دیاردەگەرایی خود خودە یونیڤێرساڵ و واقیعیەکەی خۆمان وەك خۆی وێنە دەکێشێ و بە ئەمەکەوە ئەوەی هەیە دەیخاتە روو بێ کەش و فشە مێژوویی و ناونانە شۆڕشگێرییە بێ ناوەڕۆکەکان. بوێری ئەو کتێبە لەوەدایە ناتوانێ چیدی لە سەیرکردنی سێبەرەکانی سەر دیوار بڕیار لەسەر بوونی خۆمان بدەین، ئەو کتێبە پێیوایە ئەگەر پەرۆشی خۆمان بێت دەبێ لەمەلا چۆن بین و چی بین و چەندمان لەبار دابێت ئەوەندە خۆمان دەرخەین، با چیتر خورافیانە وەك ریمۆن ئارۆن دەڵێ شۆڕشگێر نەبین. ئەوە قسەی نوسەرە لە بارەی کتێبەکەی خۆیەوە، بەڵام من دەڵێم مەحاڵە لە رێگای فۆرمەکانی زانینەوە خۆمان لە نەزانین رزگار بکەین، لە رێگای فۆرمەکانی رۆناکییەوە "تاریکی جیهان" رزگار بکەین... لەو بارەوە من نامەوێ قسە لە کتێبی دیاردەگەرایی خود بکەم، چونکە قسان زۆر هەڵدەگرێت، بەڵکو هەوڵدەدەم ستایلی نوسەر لە

نێوان رستەی درێژ و سوود وەرگرتن لە پڕشنگەکانی مەعریفەی سەردەم دیاری بکەم، نەك بەو مانایەی کە بڕوام بە ستایل هەیە، بەڵکو بەو مانایەی کە زمانی نوسین دەکەوێتە نێوان مانا و و مانا بەخشین، تێگەیشتن و راڤەکردن، جێگیربوون و گۆڕان... لێرەوە دەتوانم بڵێم زمانی ئەو کتێبە لە "قسەی خۆم" و بابەتی "قسەیەك لە بارەی دیاردەناسییەوە" توندی پێوە دیارە (توندوتیژی شەڕ و وێرانکارانە نا، بەڵکو توندوتیژی زمان) لەو دوو بابەتەدا منی نوسەر وەك سێنتەر و منی زمان وەك مانا قسان دەکات، من نامەوێ بڵێم توندوتیژی لە کۆمەڵگای کوردی دەربهێنی کۆمەڵگای کوردی هەرەس دێنێ، بەڵکو دەمەوێ بە مانا فرۆیدییەکەی بڵێم نوسەر لە قسەکردندا چەمکی (نەست) رابەرایەتی دەکات... بەڵام لە بابەتی "ئۆنتۆلۆژیای خود و خودی کوردی"یەوە ئەو توندتیژییە، ئەو منە، کەم کەم دەڕەوێتەوە و نوسەر لە نەستەوە دەکەویتە (ناوکۆیی) فرۆیدییەوە (مەبەستم لە ناوکۆیی فرۆیدی هێزی گێڕانەوەی فرۆیدییە) زمان دەکەوێتە مانا بەخشینەوە، خوێنەر لە میانی مانا بەخشینی زمان و ناوکۆیی فرۆیدییەوە بە شێنەیی بە پڕشنگی زانینەوە تێدەپەڕێت، دەتوانێ لە رێگای راڤەکردنەوە، رەهەندی دیکەی جیاواز بدۆزێتەوە و چێژ لەو راڤەکردن و بە یادهێنانەوە وەرگرێت...

تێزی توندوتیژی (جان جاك لۆسێرکل) لە کتێبی (توندوتیژی زمان) ئاماژەی پێداوە و یەکێك لە بنەماکانی ئەو تێزە عەقڵی ناوەکی "عەقڵی باتینی"یە، کە سیگمۆند فرۆید پێیوایە هەرێمێکی تاریکە لە نێو دەروونی مرۆڤ و ناکەوێتە ژێر رێکخستنی هیچ سیستمێکەوە و غەریزەکانی تێدا بەرەڵڵان... (محەمەد تەها حوسێن) وەك نوسەر لە نێو تاریکی واقیعی کوردی زۆر جاران زمانی نوسین بەرەڵڵا دەکات، بۆ ئەوەی بەشێك لە مەعریفە و رۆناکی زمان وەدەست بهێنێ، بۆ ئەوەی بەشێکی خودی کوردی رۆناك بکاتەوە! بەڵام ماڵی زمان دڵنیایی ناس ناکات، هەمیشە مرۆڤ لە خواستی دۆزینەوەی مانایەکی دیکە و بەکارهێنانێکی دیکە و تێڕوانینێکی دیکەدا دەژی، ژیان هەرگیز چارەسەری نەزانینمان ناکات، بەڵکو هەمیشە وەك شێوازێکی دیکەی ئەزموونە جیاوازەکان دەکەوێتەوە... زمانی نوسەر لە بەشی "خود وەك چێژبەر" لەبەر مۆمەکەی باشلار بە نەرمی دەسووتێ و مانا دەبەخشێ لەگەڵ چاوی پشیلەکەی شاعیر رۆشنایی بە هەموو لایەکدا بڵاو دەکاتەوە.

نوسین تێگەیشتن و راڤەکردنە، نوسین کرانەوەیە، نەك بەو مانایەی کە پەیوەندی بە نوسەرەوە هەیە، بەڵکو بەو مانایەش کە پەیوەندی بە خوێنەرەوە دەکات... کتێبی "دیاردەگەرایی خود" لە منی نوسەرەوە تێگەیشتن و لەوێوە بەرەو راڤەکردنی منی خوێنەر دەبێتەوە! ئەگەر توندوتیژی کۆمەڵگای کوردی، ئەگەر توندی زمانی نوسەر، ئەگەر منی نوسەر وەك سێنتەر پەنجەرەی بەدواداچوون و دۆزینەوە و خەیاڵ دابخات، ئەوە فەزا کراوەکانی کۆمەڵگا و راڤەکردنی منی خوێنەر دەرگا لەسەر رەهەندەکانی مانا و خەیاڵ و چێژ دەکاتەوە! کێشەی نێوان نوسەر و خوێنەر کێشەی نێوان مرۆڤی ئاراستەکراو و مرۆڤی یاخییە، مرۆڤی دڵنیا و مرۆڤی بە گومان، کێشەی زمان کێشەی نێوان تێگەیشتنی منی نوسەر و راڤەکردنی منی خوێنەرە، کێشەی نێوان عەقڵ و خەیاڵە... دەشێ بەشێکی زۆری توندوتیژی زمانی نوسین لەو کتێبەدا بە واقیعی کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە، وەك چۆن بەشێکی زۆری راڤەکردنی خوێنەر بە پڕشنگە جیاواز و کراوەکانی سەردەمەوە بەند بکەین... یەکەمیان لە تێگەیشتنی زمانی کوردی و ئاراستەکردنی زمانەوە خۆی دەنوێنێ، دووەمیان لە رووتی زمان و ئازادی راڤەکردنەوەیە، لە نێوان ئازادی نوسین و ئاراستەکردنی نوسین، کتێبی "دیاردەگەرایی خود" وێنەی خودی کوردی و مەعریفەی سەردەم بە دوو زمان دەکێشێت...

سوکرات لە پێناسەکردنی مرۆڤدا دەڵێت بە دوو قاچ دەڕوات و بێ باڵ و پەڕە. ئەگەر مرۆڤ ئەو گیانەوەرە بێ پەڕ و باڵە بێت، کە بە دوو قاچ دەڕوات، ئەو رووتە بێت، کە سوکرات وێنەی دەکات، ئەوە مرۆڤی کوردی و خودی کوردی بەو هەموو پەڕ و باڵەوە، بەو هەموو تاریکییەوە وەك ئەو کتێبە دەینەخشێنێ، لە مریشك دەچێ، مریشکێکی دەستەمۆ... دەشێ ئەوە هەر قسەی من بێ، بۆ زمانی ئاراستەکراو و زمانی ئازاد، بۆ جێگیربوون و گۆڕان، بۆ عەقڵ

و خەیاڵ... دەشێ تێگەیشتن بۆ زمانی رووت (ئەبستراك) ئەوە بێ، کە زمان وەك شتێکی رووت، لە دەرەوەی جەستەی کلتوردا خۆشی لە ئازاد بوونی خۆی وەردەگرێ، بەوەی کە پاشای هەموو کۆیە لە رابردوو و ئێستا و داهاتوودا.. بەڵام "چۆمسکی" دەڵێت: من قسە بە رستیەك دەکەم، کە بەر لە من کەس قسەی پێنەکردووە، چونکە من رێزمان بە رێگای تایبەتی خۆم بە کار دەهێنم! ئەوە کێشەی جیاوازی نێوان گوتنەکانە، نێوان منەکان، نێوان مریشك و مرۆڤ... ئەوە مرۆڤە ئازادی بونیاد دەنێت، ئەوە مرۆڤە لە پرۆسەیەکی بەردەوامی چنینی خود و بونیادنانەوەی خود دایە... ئەوە مریشکە بێ باڵ و پەڕ نـاژی! بەڵام ئەو قسانە نە خودی کوردی لەکەدار دەکات، نە مەعریفەی مرۆڤایەتی، نە مریشك بۆ چێژ رووت دەکاتەوە و نە مرۆڤ دەباتەوە سەر سروشتی گیانەوەر... من دەمەوێ بڵێم ژیان بێ مرۆڤ بوونی نییە، مرۆڤیش بێ جیاوازی بوونی نییە... دەمەوێ بڵێم ژیان بێ پەیوەندی بوونی نییە، پەیوەندی مرۆڤ لە ئەزموونەوە سەرچاوە دەگرێت، بە دیوەکەی دیکەش ئەزموون لە پەیوەندی دروست دەبێت، پەیوەندی ئەو ئاوێنەیە کە مرۆڤ خۆی تێدا دەبینێتەوە، مرۆڤ بێ پەیوەندی بوونی نییە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە خۆی بگات، دەبێ لە پەیوەندی بگات.. مریشکیش بێ پەڕو باڵ دەخورێت؟! بەڵام دەبێ بزانین ژیان هەرگیز چارەسەری نەزانینمان ناکات، ئەوە زمانە قسان دەکات، بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکەوێتە نێو خەیاڵی زمانەوە... بەڵام ئایا کەسی قسەکەر چۆن ئەوە دەڵێ، کە دەیەوێت، ئەوە جیاوازییە، واتە چۆن بە شێوازی خۆی دەدوێت؟!

لە نێوان تاریکی و رۆناکی، ئەزموون و خود... پەیوەندییەکی مێژوویی هەیە، دیدی هەست بۆ نەست رۆناکە، بەڵام دیدی نەست بۆ هەست تاریکە. بە مانایەکی دیکە بەشێکی گەورەی خودی کوردی لە تاریکی دەژی، بەشێکی گەورەی زمانی کوردی تێر مانا نەبووە، زمانی کوردی وەك مانا خۆی بەیان نەکردووە، بەشێکی گەورەی فیکر و مەعریفە رۆناکی رابەرایەتی دەکات، زمانی فیکر و مەعریفە لە رێگای ماناوە دێتەوە، زمانی کوردی بە فیکر و مەعریفە نامۆیە... ئەگەرچی هەرگیز " مرۆڤ -شەوی جیهان، یان ناوکی خود بە مانا هیگلییەکەی" تەواو رۆناك نابێتەوە، هەرگیز زمان لە پارێزگاریکردن و پیسکردن تێر نابێت... بەڵام ئەو کتێبە دەیەوێت لە نێوان پارێزگاریکردن و پیسکردن، لە رێگای بەشێك لە رۆناکییە جیاوازەکانی سەردەمەوە، بەشێك لە تاریکی خودی کوردی بڕەوێنێتەوە.

منی خوێنەر لە کتێبی "دیاردەگەرایی خود" فیکر و مەعریفە دەچنێ، بە دوای بوارەکانی دەروونشیکاری فرۆید و فرۆم و ئەدلەر و رۆجەرز و سیکنەر...دا دەڕوات و لەوێوە تێگەیشتن یارمەتی بە بیرهێنانەوە و بەدواداچوون و راڤەکردنی دەدات، منی خوێنەر لە تێگەیشتنەوە چێژ لە بەیادهێنانەوەکان وەردەگرێت... دەشێ بۆ رستە درێژەکانی ئەو تێگەیشتنە دوو بنەما دەستنیشان بکەم، یەکەمیان لە جێگای پارێزگاریکردن، سفتییە و نوسەر بە زمانێکی سفت دەدوێ! دووەمیان لە جێگای پیسکردن، شەهوەت... سفتی بە درێژبوونەوەی رستەکانەوەمان دەبەستێتەوە و شەهوەت بە هەڵڕژانی مەعریفەوە. بنەمای سفتی زمان بۆ تێگەیشتن لە واقیع و ئەنتی واقیع و من و ئەنتی منی کوردی دەگەڕێتەوە و بنەمای شەهوەتیش لەسەر رەخنەگرتن و راڤەکردن و بەدواداچوون خۆی بونیاد دەنێت، لە نێوان تێگەیشتن و راڤەکردن، لە نێوان پارێزگاریکردن و پیسکردن، شەهوەتی رستە درێژەکان چێژی نوسین دەخاتەوە، ئەو چێژە لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوە لە ئازاری واقیع دروست بووە! سفتی تێگەیشتن لەسەر وەستان وەستاوە و راڤەکردن لەسەر هەنگاونان، لە نێوان وەستان و رۆیشتن، لە نێوان درێژی رستەکان و هەڵڕژانی مەعریفە، لە نێوان سفتی و شەهوەت... ئازار و چێژ دوو رووی "دیاردەگەرایی خود" دەنەخشێنن...

## هیرمینۆتیکا
## لە پەیوەندی نێوان تێگەیشتن و ڕاڤەکردندا

یەکێك لەو کتێبانەی کە لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردی توانیویەتی تا ڕادەیەك هەوڵی ناساندنی زاراوە و چەمك و مێژووی هیرمینۆتیکا بدات، کتێبی (هیرمینۆتیکا)یە، کە (سالار عوسمان) لە ساڵی 2011 لە چاپخانەی (خانی) لە دهۆك بە چاپی گەیاندووە. بەڵام ئەو کتێبە ڕەنگە لای خوێنەری کوردی ئەوەندە بەرکەوتنێکی توونودتۆڵ دروست نەکات! چونکە لەلایەك ناونیشانێکی رووتی لەخۆگرتووە، لەلایەکی دیکە کتێبخانەی کوردی بەگشتی لەو بارەوە کەمترین کتێبی چاپکراوی تێدا دەبینرێت، واتە هیچ بایەخێك بەو جۆرە کتێبانە نەدراوە. ئەگەر مەبەستی من لە ناونیشانی رووت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاگایی و وریایی خوێنەری کوردی و ئەزموونی خوێنەری کوردییەوە هەبێ، ئەوە لە بەشی دووەمی ڕستەکەم هەوڵمداوە دەستخۆشی لە (سالار عوسمان) بکەم کە زیرەکانە ئەو ناونیشانە رووت و گشتییەی بۆ کتێبەکەی تەرخان کردووە، چونکە دەشێ ئەو ڕاشکاویە بێتە دەریچەیەك، بۆ بەدواداچوونێکی وردتری ئەو ڕێچکە و تیۆرە بەرفرەوانە و زێتر خوێنەر لەو ڕێگە گشتییەوە بەدوای خۆیدا کێش بکات؟!

بەشێوەیەکی گشتی لەو چەند دێرەدا قسە لە خوێنەرانێك دەکەم، کە لەدووتوێی ڕۆشنبیرییەکی رووکارئامێز و سادە و کەمخوێندا دەجولێنەوە، کەمتر ئاگایان لە دنیای فیکر و مەعریفە و داهێنان هەیە... بێگومان ئەگەرچی خوێنەری کوردی زێتر بەو لایەدا دەشکێتەوە (لێرەدا نامەوێ قسە لە هۆکارەکان بکەم) بەڵام نابێ خوێنەرانێکیش لەبیر بکەین، کە خۆیان لە دنیا پڕ ئیشکالەکانی مەعریفە و مەعریفەی سەردەمدا دەبیننەوە. ئەگەر لەرێگەی دنیای پڕ ئیشکالی مەعریفە و مەعریفەی سەردەمەوە قسە لە ناونیشانێکی گشتگیری وەك ئەو کتێبە بکەین، دەکەوینە بەرانبەر دوو بۆچوون: بۆچوونی یەکەم، کە نزیکە لە بۆچوونی نوسەر و بەرگری لەو رووتی و ساکارییەی ناونیشان دەکات (تۆ بڵێی کتێبێکی کوردیمان لەبارەی هیرمینۆتیکاوە نەبێت؟ ل8) ئەوەش خوێنەری کەمخوێنی کوردیمان بیر دەخاتەوە، کە بەشێکی فرە پێکدەهێنن. بۆچوونی دووەم، ڕاستەوخۆ ئاماژە بە هەناسە کورتی بۆچوونی یەکەم و کەمئەزموونی لە بەدواداچوونی مەعریفە و مەعریفەی سەردەم دەکات.

بەکورتی کتێبی هیرمینۆتیکا، ئەگەرچی خۆی لە ناساندنێکی سادەی زاراوە و چەمك و تیۆردا دەبینێتەوە، بەڵام من بە یەکێك لەو بەرهەمە ڕێکوپێکانەی دەبینم کە توانیوویەتی چەندین لایەنی ئەو تیۆرە بەشێوەیەکی کورت و سادە بەرجەستە بکات، هەر لەوێشەوە قسەکردنەکانی خۆی لەسەر زمان وەك هۆشمەندی وماڵی تایبەتی بوون و پۆلینکردنی هیرمینۆتیکا بەسەر چوار قۆناغی کلاسیکی و ڕۆمانسی و فەلسەفی و ڕوانگە جیاوازەکان درێژ دەکاتەوە، بە پشتبەستنی کۆمەڵێك بیریار و فەیلەسوفی وەك: شلایرماخەر و دێلتا و هۆسرەل و هایدگەر و گادامێر... لەلایەکی دیکە لەبەر ئەوەی هیرمینۆتیکا لەنێو جیهانی دەق کار دەکات، هەوڵیداوە دەق و جۆرەکانی دەق بناسێنێ و دەق و نادەق لێکجیا بکاتەوە...

وەك گوتم یەکێك لەو لایەنانەی کە ئەو کتێبە تێیدا تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بووە، ڕێکوپێکی گەیاندنە نەك هەر وەك زمان، بەڵکو وەك مێژوو و ناساندنی بیروڕای جیاواز و خۆ لادان لە ئیشکالە پڕ کێشەکانی بواری هیرمینۆتیکا، کە دەشێ ئەوە یەکێك لە ئەرکە هەرە قورسەکانی نوسەرێك بێ، کە بیەوێ شێوەیەکی ئەکادیمی بێ لایەن وەرگرێ! چونکە وەك بۆخۆی دەڵێ هیرمینۆتیکا جیهانی بێ سنووری هونەری تێگەیشتن و فەلسەفەی پرسیار و جولەی ئیدراك و ئاخافتنی دیالۆگئامێزی سەراپای مرۆڤایەتییە.. ل9. بەڵام ئەو ڕێکوپێکییە تا ئەو سنورە دەتوانێ خۆی بپارێزێ کە نەچێتە قوڵاییەکانی تێگەیشتنەوە، یان بە مانایەکی دیکە بەریەککەوتنەکان و داهێنانە ورد و جیاوازەکان بەکاری بنەڕەتی خۆی دانەنێ؟! لێرەوە تێگەیشتن بۆ کارێکی لەو جۆرە تا ئەو ئەندازەیە دەتوانێ خۆی بناسێنێ، کە دەریچەیەکە بۆ بەدواداچوون و مەیلی بەدواداچوون، چونکە مەیلی بەدواداچوون و تێگەیشتن لەسەر بنەمای پێشوازیکردن دیاری

دەكرێت. ئەوەش دەمانحاتە سەر ئەو ریتمەی كە تێگەیشتن لە هیرمینۆتیكا وەك هێزی فیكری دەردەكەوێت و هاوشانی دەرككردن دەكەوێتەوە. بەڵام "راڤەكردن" لە پلەی دووەم دێت و شتێكە دەخرێتە سەر تێگەیشتن. جیاوازی نێوان تێگەیشتن و راڤەكردن لای "كلادینیۆس 1710-1754" ئەوەیە كە كاتێك مرۆڤ ناتوانێت لە كارە مێژووییەكان بگات، ئەو كاتە بە راڤەكردنیان هەڵدەسێت، لێرە تێگەیشتن بنەڕەتە و راڤەكردن چالاكییەكی لاوەكییە. جگە لە تێگەیشتن و راڤەكردن چەمكێكی دیكە خۆی دەنوێنێ ئەویش "لێكدانەوە"یە... لێكدانەوە بۆخۆی بە پەرەپێدانی ئەوەی تێگەیشتن دەیخاتە روو، دیاری دەكرێت.

وەك دەزانین لەگەڵ "دێلتا 1833-1911" تێگەیشتن دیاری كرا، بەو مانایەی كە چالاكییەكی ناوەكییانەی مرۆییەو دەكەوێتە پشت مەیلەكانی ژیان و بەرەو میسالیەت دەچێت. دێلتای سەر بە قوتابخانەی مێژووگەرییەو سەد ساڵ بەر لە "فوكۆ" جیاوازی كردووە لەنێوان "زانستی سروشتی" كە چارەسەری فاكتە هەستییەكان دەكات و پشت بە راڤەكردن دەبەستێت و "زانستی مرۆیی" كە چارەسەری مانا ناوەكییەكان دەكات و بە تێگەیشتنەوە بەندە. بەو مانایە سروشت لێكدەدرێتەوە، بەڵام ژیانی رۆحی دەبێ تێیبگەین. ژیانی رۆحی ئاراستەكەی بەرەو بیركردنەوەی خودگەراییە و لە دەرەوە بەرەو ناوەوەیە و بە هاوژیانی تەعبیری لێدەكرێت.

تێگەیشتن لە شارەزابوونی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام گەڕانەوە بۆ ژیان بە مانا سۆفییەكەی نا، بەڵكو گەڕانەوە بۆ شارەزابوون.. فەلسەفەی دێلتای پێیوایە مەعریفە لە ئەزموونی ژیان دروست دەبێت لە رێگای ئەو تیۆرە فەلسەفە لە گرفتەكانی رۆژانەوە سەرچاوە دەگرێت، ژیانیش نە لەسەر خودی باڵا و نە لە پێوانەی پێشوو دێتە بەرهەم، بەڵكو لە خودی ژیانەوە بونیاد دەنرێت.

بەڵام تێگەیشتن وەك تیۆر لەلایەن "شلیرماخر 1768-1834" دیاری كراوە و دەكەوێتە سەدەی هەڤدەمەوە. شلیرماخر هەڵوێستێكی كلاسیكیانەی بەرانبەر هیرمینۆتیكا هەیە، پێیوایە دەق لە ناوەندێكی زمانەوانی پێكهاتووەو فیكری دانەر بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. كەواتە لەڕووی زمانەوانییەوە ئاماژە بە زمان دەكات، لەڕووی دەروونیەوە ئاماژە بە خودی داهێنەر دەكات. لای شلیرماخر پەیوەندی ئەو دووانە پەیوەندییەكی جەدەلییە. هەروەها هەر چەندە دەق وەك زەمەن لێمان دوور كەوێتەوە تەمومژاوی خۆی نیشان دەدات و دووچاری بەدحاڵیبوونمان دەكات. بەدتێگەیشتن ئەو كاتە دروست دەبێت كە بەشێوەیەكی ریكوپێك لە دەق ناگەین، جا بۆیە هانا بۆ راڤەكردنی دەبەین، لێرەدا راڤەكردن هونەری دووركەوتنەوەیە لە بەدتێگەیشتن. بەو مانایە شلیرماخر راڤەكردن پێش تێگەیشتن دەخات، هەر لەوێشەوە بڕوای خۆی بەرانبەر ئیبداعكاری راڤەكردن رادەگەیەنیت، ئەگەرچی كاری ئیبداعی راڤەكار لای شلیرماخر لە بابەتی دەقی زمانییەوە هەڵناقوولێت وەك لای كلادینیوس دەبینرێت، بەڵكو رەهەندی دەروونی بۆ زیاد دەكات. راڤەكاریش دەبێ هەڵگری دوو بەهرە بێت، یەكەمیان بەهرەی زمانەوانی، دووەم توانای ئەوەی هەبێت بچێتە ناخی داهێنەرەوە. ئەوەش بەرەو ئەوەمان دەبات كە هەموو دەقێك دوو لایەنی هەیە، لایەنی بابەتی كە ئاماژە بە زمان دەكات و وادەكات كردەی تێگەیشتن ئاسان بكەوێتەوە، لایەنی خودی كە ئاماژە بە دانەر دەكات و لە بەكارهێنانی تایبەتی زمانەوە دەردەكەوێت، هەردووكیشیان ئەزموونی دانەر لەخۆ دەگرن. ئەو دوو لایەنە بابەتی و خودییە یان زمانەوانی و دەروونییە، رێسای بنەڕەتی و شێوازی دیاریكراوی هونەری تەئویلكردن دەستنیشان دەكەن و بەبێ ئەو دووانەش ناتوانین لە بەدحاڵیبوون رزگارمان بێت.

شلیرماخر پێیوایە هەموو گیروگرفتەكانی راڤەكردن، تێگەیشتنیش دەگرێتەوە. بەڵام گادامێر تانە لە چەمكی بەدحاڵیبوونی شلیرماخر دەدات و دەڵێت: بەدتێگەیشتن بۆخۆی جۆرێكە لە تێگەیشتن، كە لەگەڵ نیازی دانەر یەكناگرێتەوە.

تێگەیشتن لە رێگای گوتراوەكان و ئاگایی مرۆییەوە لەدایك نابێت، بەڵكو لە هەڵقوولینی شتەكانەوە دێتە بەرهەم، ئەو شتانەی كە بەرەو روویان دەبینینەوە.. لەو حەقیقەتانەی كە دەركییان دەكەین... بەڵام ئایا دەرككردن لە بۆشاییەوەیە؟ وەك هایدگەر دەڵێت مرۆڤ لە

وجودییەوە دەبینرێت، لە ماوەی ئەو بوونەدا تێگەیشتنێك بۆ ماهیەتی تەواوی وجودی ئەو مرۆڤە دیاری دەكرێت، بەڵام ئەو تێگەیشتنە جێگیر نییە، كەواتە بوونی مرۆیی لەمیانی ئەو تێگەیشتنەدا (لە هەمان كاتتدا) كردەیەكی بەردەوامە لە تێگەیشتنی دیاردەكانی بوون، هیرمینۆتیكا لای هایدگەر پرۆسەیەكە لە -تێگەیشتن-ی بوون، تێگەیشتنیش توانای شیاوی دەرككردنی تاكە لە ناوكۆیی ژیانی وجودییانەی لە جیهاندا. بەو مانایەش تێگەیشتن شتێك نییە بە دەستی بهێنین و خاوەندارێتی بكەین، بەڵكو فۆرمێكە لە فۆرمەكانی بوون لە جیهاندا یان رەگەزێكە لە دامەزراندنی ئەو بوونە و لەسەر ئەو بنەمایە تێگەیشتن لەڕووی وجودییەوە بنەڕەت و پێشینەیەكی وجودییانەیە. تێگەیشتن لە بۆشاییەوە نایەت، بەڵكو لە تێگەیشتنی بوونەوە دێت، لە مەعریفەی سەرەتایی لە بارەی دەق و جۆرەكەیەوەیە. هایدگەر لە رێگای دامەزراندنی وجودی مەعریفییەوە پێیوایە "تێگەیشتن" و "بوون" دوو شتی هاوپەیوەستن یان یەكگرتوون.
لای گادامێر هەموو هەوڵ و چالاكییەك بۆ تێگەیشتن ساتەوەختێكی ژیانی خودی كلتور دەگەیەنێت، بە مانایەكی دیكە هەموو كلتورێك تێگەیشتنێكی دیاریكراوی لەخۆدا هەڵگرتووە، لەبەر ئەوەی تێگەیشتن پەیوەندی بە كلتوری دیاریكراوەوە هەیە، كەواتە كلتور بەپێی دنیابینی خۆی دەیسازێنێ. لێرەدا تێگەیشتن لە وەرگرتنی نیازی نوسەرەوە هەڵناقوولێت! نیازی دانەر ئاسۆی تێگەیشتن دیاری ناكات، بەڵكو ئەو ئاسۆیە راڤەكار پڕی دەكاتەوە، راستە راڤەكار شوێنی ناوەندی زمانەوانی پڕ ناكاتەوە، بەڵكو لەگەڵ شێوەكانی زمانەوانی مامەڵە دەكات، ئەو فۆرمانەش بەرەو تێگەیشتنی تایبەتمان دەبەن، ئەو تێگەیشتنەش دەكەوێتە دەرەوەی زمانی دەقەوە. بەمجۆرە وەك دەردەكەوێت تێگەیشتن هەمیشە لای گادامێر راڤەكردن بووە، راڤەكردنیش هەمیشە رەگەزێكی بونتاتنەری ناوەكییانەی تێگەیشتن بووە، بەیەكەوە لكاندنی ناوەكییانەی تێگەیشتن و راڤەكردن لە گرفتی هیرمینۆتیكیدا بەرەو رەگەزی سێیەممان دەبەن ئەویش جێبەجێكردنە، جێبەجێكردن جەوهەری حەقیقی تێگەیشتنە. بەمجۆرە تێگەیشتن پرۆسەیەكی گفتوگۆئامێزی بونیادتنەرەو نە بەكۆتا دەگات و نە بابەتگەرانە دەكەوێتەوەو نە گرنگی بە میتۆد دەدات.
لەمڕۆماندا هیرمینۆتیكا بەتەواوی دەستی بە دۆزینەوەی مێژووی تایبەتی خۆی كردووە، نەك هەر پێوانە تایبەتەكانی، بەڵكو هەموو ئەو هۆكارانەشی كەشفكردووە كە تا رۆژانی ئەمڕۆ بەهۆی زاڵبوونی پێوانە تەقلیدییەكان، توانای ئەوەیان نەبوو رۆناكی ببینن، یەكێك لەو هۆكارە گرنگانەش خودی خوێنەرە و خوێندنەوە ئەو مەرجە زەرورییەیە كە تەواوی كردە تەئویلییە ئەدەبییەكان لەخۆدەگرێ، بەڵام كتێبی هیرمینۆتیكا كەمترین قسەی لە خوێنەر و جۆرەكانی خوێنەر كردووە، كە بوونی دەق لەخۆ دەگرێ و دەق دەكاتەوە. لێرەدا بەبڕوای من دووبارە قسەكردن لە هیرمینۆتیكا، وەك وەڵامدانەوە، یا باشتر بڵێین وەك رەتكردنەوەی سیمۆتیكا... (سیمۆتیكا ئەو بەشەیە لە زانستی زمان كە كار لە سنورێكی دیاریكراوی نیشانەكان "دەلالەت" دەكات.. ل33.) جەختكردنە لەسەر بچوككردنەوەی سیمۆتیكا و گەورەكردنی هیرمینۆتیكا.. ئەو قسەكردنە بەشێكی زۆری دەكەوێتە سەر بیریارانی ئەو بوارە، قسەكردنێكی تا رادەیەك لاوەكی دەكەوێتەوە. چونكە وەك دەزانین بەپێی هەر یەك لە میتۆدی هیرمینۆتیكی و سیمیۆلۆژی پێناسەی دەق دەگۆڕێت، یان ئەگەر روونتر قسە بكەین دەشێ بڵێین هەر بیریارێك لە بیریارانی ئەو دوو بوارە مەعریفی و رۆشنبیرییە تا رادەیەكی زۆر هەڵگری پێناسە و تێگەیشتنی تایبەتن بۆ دەق، ئەوەش بۆ كۆی ئەو بیروباوەڕو باگكراوەندە مەعریفیانە دەگەڕێتەوە كە هەر بیریارێك تێزەكەی خۆی لەسەر بونیاد ناوە.
بەگشتی لای سیمیۆلۆژییەكان دەق كۆمەڵێك داڵە و دەبێ تەئویل بكرێت، ئەو كاتەش دەق بوونی هەیە، كە دەخوێنرێتەوە، هیچ دەقێك بێ بوونی خوێنەر بوونی نییە، بەو مانایەش سیمیۆلۆژیا لەسەر زنجیرەیەكی بێ كۆتایی لە بەرهەمهێنانەوەی داڵ دەژیت. قسەكردنێكی دیكە هەیە، كە دەگوترێت دەق ئەوە نییە، كە تەئویل دەكرێت، بەڵكو ئەو فەزاو پانتایەیە كە تەئویلی تێدا روودەدات، فەزای هەر یەك لە خوێنەر و نوسەرە. لەو بارەیەوە "دریدا" لە وتاری

"دەرمانخـانەی ئەفلاتـوون"دا دەڵێت: نوسـین نە تریـاکە نە ژەهـر، بەڵکـو ژەهـر و تریـاکە، بە مانایەکی دیکە فارماکۆنە. کۆی ئەو قسانە راستەوخۆ پەیوەندی بە جیاوازییەوە دەکات، واتە دەق جیاوازییە، جیاوازیش ئەوەیە کە سنوورە بەرانبەرەکان کۆ دەکاتەوە.
بەڵام ناوهێنانی دەق وەك کار، زێتر بـۆ میتـۆدی هیرمینـۆتیکی دەگەڕێتەوە.. کـار ئەو ناوەنـدە سـەربەخۆیەیە کە (هونەرمەند/نوسـەر) لەمیانیـدا دەتـوانێ ئەزمـوونی بـوونی خـۆی بەرەو پێدراوێکی جێگیر بەرێت، جێگیرکردنـی ئەزمـوون وەك "گـادامێر" دەڵێـت وادەکـات کـارەکە لەلایەن خـوێنەرانەوە دووبـارە بەرهەم بهێنـرێتەوە، واتە ئەو ناوەنـدە شـیاوی بەشـداریکردن و گۆڕین و گواستنەوەیە ، ئەو بەشداریکردن و گـۆڕین و گواسـتنەوەیە لە گەیشـتن بە خـوێنەرەوە دێتەدی.
لەیەکەمدا دەق وەك ئەوەی خوێنەر دەیەوێت قسان دەکات و بەهای دەقیش وەك "بارت" دەڵێـت: بەو ئاراستەیە دیاری دەکرێت کە خوێنەر لەرێگەیەوە هەوڵی دووبارە نوسینەوەی دەدات.
بەڵام لە دووەمیانـدا کـار بـابەتی تەئـویلکردنە و هونەرمەنـد یـان نوسـەر بەرهەمـی دەهێنـێ. رەسەنایەتی کاری هونەری/ئەدەبی سەرەڕای توانای پرسیار وروژاندن، لەسەر وەڵامـدانەوەی پرسیارەکان دەوەستێ.
دواجار دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم دەشێ کتێبی هیرمینۆتیکا وەك بەرهەمێك خـۆی لە ناسـاندن و سـادەکردنەوەی هیرمینۆتیکـادا بـدۆزێتەوە و پانتـاییەکی لەبـار بـێ بـۆ خـوێنەری کـوردی و شارەزابوونی خوێنەری کوردی بە بەشێکی ئەو بوارە زیندووە و بەدیوەکەی دیکەش ناوهێنان و ناساندنی چەندین بیریار و فەیلەسوفی بواری ناوبراو، خۆی لە ئەرك و مانـدووبونی نوسـەری ئەو کتێبەدا دەبینێتەوە.

## چەمکی "بونیادی شاراوە"
## لە خوێندنەوەیەکی فینۆمینۆلۆجیانەدا

**پێشەکی:**
ئەگەرچی بارودۆخی رەخنەی ئەدەبی کوردی قەیراناوییە، بەڵام ئەوە هەرگیز بەو مانایە نییە، کە ئەو چەند قەڵەمەی لەو بوارەدا بیرکردنەوە و کاری جیدی پێشکەش دەکەن، فەرامۆش بکەین.. هەڵبەتە چەند قەڵەمێك هەن توانیوویانە ئاستی بیرکردنەوە و بینین و بەدواداچوون و رەهەندەکانی مانا و فەزا ئیستاتیکییەکان لە دەقدا بخەملێنن، هەموو ئەوانەش دەکەونە سەر خوێندنەوە و نوسین وەك دوو رووی یەك کردە، چونکە خوێندنەوە هەڵناوەشێتەوە و بە دەوری نوسیندا دەخولێتەوە، نەك هەر هێندە بەڵکو خودی نوسینە، بەڵام بە رێگایەکی دیکە. هەروەك نوسین هەڵناوەشێتەوە بەدەوری خوێندنەوەدا دەخولێتەوە و بۆ خۆی خوێندنەوەیە، بەڵام بە رێگایەکی دیکە. بەو مانایە دووانەی (خوێندنەوە/نوسین) و (نوسین/خوێندنەوە) لە یەکتر جیا نابنەوە. هیچ شتێك لە نوسیندا نییە خوێندنەوە نەبێت، وەك چۆن هیچ شتێك لە خوێندنەوەدا نییە نوسین نەبێت.

(نەجات حەمید ئەحمەد) لەژێر ناونیشانی (تیۆری بونیادی شاراوە) و دواتریش لە کتێبی (زمان و فیکر لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا) کە لە بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2013) چاپکراوە.. قسە لە (ئازادی خوێندنەوە) دەکات، بەڵام نەك بەو مانایەی کە میتۆدی (ئازادی تەئویلکردن) وەك لای (رۆلان بارت 1915-1980) هاتووە، لە سەر (مانای مەجازی دەق) راست بێتەوە، بەڵکو لەوێوە کە (نوسینی نێو بیرکردنەوە یان پێش نوسینی یەکەم)، بونیادی مانای لە نێو خۆیدا هەڵگرتووە.. هەر لەوێشە بە بڕوای ئەو دەبێ هەموو دەقێك هەڵگری (یەك بونیاد لە مانا) بێت، ئەو تێگەیشتنەش لە رووی ئۆنتۆلۆجییەوە بە (گەوهەری بوون) دادەنێت و (دەق)یش بە شێوەی بوون دەچوێنێ! بەڵام بارت بڕوای بە تەئویکردنی بێ سنور هەیە، لەوێوە کە ماناکان جێگیر دەبن و لە نێوانیاندا ململانێ دروست دەبێ، لە دوای دروستبوونی ئەو ململانێیە ئیتر دەگۆڕین، دەق بەردەوام لەسەر خۆوەپاشدانی مانا راستەبێتەوە، بەردەوام ماناکان دەڕۆن، بەڵام پرسیارەکان دەمێننەوە.
ئەو خوێندنەوە فینۆمینۆلۆجیەی بەر دەستتان، جگە لە هەوڵێك بۆ بەدواداچوونی چەمکی (بونیاد)، کاتێك لە رێگای دەق لە مانای (بوون) نزیك دەبێتەوە و چەمکی (ئیپۆکی Epoche)، کاتێك لە (فینۆمینە-دیاردە) وەك بابەت ورد دەبێتەوە، شتێکی دیکە نییە.
وەك ئاماژەم بۆ کرد، ئەگەر بۆچوونی یەکەمیان پەیوەندی بە نوسینی (نێو بیرکردنەوە) بێ، نەك نوسینی سەر کاغەز (فیعلی دەرکەوتن)، ئەوە بیرکردنەوەی دووەمیان کردەی درككردن لە رێگای (ئاگایی بێگەرد)ەوە دەبینێ.. دەمەوێ بڵێم فینۆمینۆلۆجیای (هۆسرەل 1859-1938) چەمکی ئیپۆکی بە مانای وەستان لە حوکمدان و خۆ نەبەستنەوە بە تێڕوانینی پێشترەوە، یان وەرگرتنی شتەکان وەك چۆن بۆ ئاگایی تاك دەردەکەون، بەکار دەهێنێت.
خاڵی بەهێزی ئەو دوو بیرکردنەوەیە لەوەدایە کە حەقیقەت رێژەییە! ئەگەر لە تیۆری بونیادی شاراوە هەمیشە خۆمان لە دوای (هەڵوەشانەوە)ی حەقیقەتەوە ببینینەوە! ئەوە لە فینۆمینۆلۆجیا ئەو کاتە حەقیقەت بوونی هەیە، کە رووبەڕووی شتەکان دەبینەوە، لەوێشەوە بوونی ئاگامەندی یان شعور وەك (دازاین) بەڵگەیە بۆ (بابەت) و دەکەوێتە دەرەوەی ئەو ناوەڕۆکە گیانەکییەی کە

(دێکارت 1596-1650) لە بۆچوونە میتافیزیکەکەیدا بەرجەستەی کردووە! بەڵام لە بونیادی شاراوەدا (بونیاد) هەمیشە بەڵگەکانی خۆی لە ساتەوەختی (دەرکەوتن) هەڵدەوەشێنێتەوە.

**حەقیقەتی بوون**

**لە نێوان بونیاد و مانادا**

گۆرگیاسی سۆفیستایی دەڵێ: حەقیقەت بوونی نییە، ئەگەر لەو باوەڕەدابین کە هەیە، ئەوە نایناسین، ئەگەر بیناسین، ئەوە ناتوانین راییگەیەنین.. (بڕوانە: فینۆمینۆلۆجی، د. کەمال محەمەد، چاپخانەی بینایی 2013، ل42) وەك دەزانین حەقیقەت لە هەموو ئەو ناسین و نەناسینە دەبێتە بەشێك لە ئەزموونی مرۆڤ و بە جیهانی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤەوە دەلکێ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە ئەزموونی کەسیدا، وەك تایبەتمەندی کەسایەتی.. مەرج نییە بتوانین بەشداری خۆمان لە حەقیقەتدا نیشان بدەین، دەمەوێ بگەمە پرسیارێك ئەویش ئەوەیە ئەگەر سروشتی مرۆیی گشتی نەبێ، چۆن بتوانین لە سەر (مانا)یەکی دیاریکراو رێکبکەوین؟!

کاتێك قسەکردن لە چەمك و  مانای دیاریکراوی (بونیاد) دەبێ بە قسەکردن لە گەوهەری (بوون) بەو مانایەی کە (نەجات حەمید) لە تیۆری بونیادی شاراوە هەڵوەستەی لەسەر کردووە، ئەوە کێشەی مانا وەك بونیاد مۆرکێکی بونگەرایانەی هەبووەکان بەخۆوە دەبینێ، واتە بونیاد دەبێتە سەرەتای هەموو بوون و هەبوون، یان بە مانا (سارتەر 1913-1960)ییەکەی بوون و نەبوون.. لێرەدا (بونیاد) بەرانبەر واقیعی مرۆییانە، یان (دازاین) بە مانا (هایدیگەر 1889-1976)ییەکە دەوەستێ! بەڵام لای بوونگەراکان مرۆڤ ئەوەیە کە خۆی داوا دەکات وابێ، ئەوەش پاش دەرکەوتنی لە جیهانی بووندا لە بارەی خۆیەوە دەیخاتە روو، بەو مانایەش دازاین هەم بوونە و هەم هەبوون، بە هەمان شێوە (بونیاد) لای نەجات حەمید سەرەتای هەبوون و بوونەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە! بەڵام بیرکردنەوەی دووەم کاتیگۆرییەکەی (ئەرستۆ 384-322 پ.ز)ی بەسەردا ساغ دەبێتەوە، چونکە جیاوازی لە نێوان بوونی (مرۆڤ) و (بابەت)ەکانی دیکە ناکات.. لای (دێکارت)یش هەمان کاتیگۆری لە لۆجیکەکەیدا بەسەر هەموو جۆرە بوونەوەرێکدا سەپێنراوە.

(ئەفلاتوون 428-346) (بوون) دەکات بە دوو بەش، هەر بەشە و لەویدی دادەبڕێت، بەڵام (ئەرستۆ) بە پێچەوانەی مامۆستاکەی پەیوەندی نێوان (فۆرمی هەمەکی) و (بابەتی هەندەکی) بە پێویست دەزانێت.. وەك ئاماژەمان بۆ کرد، بە هەمان شێوەش (دێکارت) سیستەمە میتافیزیکیەکەی خۆی لەسەر هەمان فیکرە دامەزراندووە، بەڵام ئەوە فەلسەفەی گیانەکی (دێکارت)ە، نەك (ئەرستۆ) کە زەمینە بۆ سەرهەڵدانی رێبازی فینۆمینۆلۆجیای هۆسرەل خۆش دەکات..

فینۆمینۆلۆجیا بە واقیعەوە بەندە، بەڵام هۆسرەل وەك دێکارت لە گومانەوە قسە ناکات، بەڵکو لە هەڵوێستی سروشتیانەوە یان (خستنە نێو کەوانە) کە خۆ رزگارکردنە لە کارتێکردنی هەموو (پێش بیر) و (پێش بڕیارێك) هەنگاو بۆ ئاستی تێگەیشتن دەنێت.. بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە راستەوخۆ دەکەوێتە بەر رەخنەی هایدیگەر، چونکە بەرای ئەو مەحاڵە دیاردەیەك لە دەوروبەر دابڕین و لە نێو کەوانەی دابنێین.. (بڕوانە فینۆمینۆلۆجی ل104)

هۆسرەل دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ بابەتی بیرکردنەوە بکات، بەو شێوەیەی کە دەکەوێتە بەرچاو، بەو شێوەیەی کە خۆی دەردەخات.. دەیەوێ ئاگامەندانە بیناسێ و ناوەڕۆکی خەسڵەتەکانی بخوێنێتەوە! گرفتی هۆسرەل وەك دێکارت لەوەدا نییە کە ئاگامەندی لە گوماندا دەژی و دەبێ خۆی رزگار بکات، بەڵکو لەوێوە سەر هەڵدەدات کە دەبێ لە چ رێگایەکەوە ئاگامەندی خۆی بگەیەنێتە بابەت و چۆن ناوەڕۆکی ئاگامەندی کەشف بکات؟! بەمجۆرەش ئاگامەندی دەبێ راستەوخۆ و بێلایەنانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.. بە دیوەکەی دیکەش هەر ئاواش دەبێ هەوڵی دیتنی بابەت بدرێت، (بەڵام نەك وەك راستەقینەیەکی (بەرز-ترانسندنتال Transcendental) و جیاواز، بەو مانایەش هیچ شتێ لەو دیوو فینۆمینەی فینۆمینۆلۆجیاوە بوونی نییە) لەو خاڵەشەوە بوونگەراکان لە هۆسرەل جیا دەبنەوە، چونکە دەبێ ئەو هەبووە واتە (مرۆڤ) بەو

جۆرە ببینین، کە خۆی دەردەخات، ئەویش دازاینە، کە بوونێکی رووتی هەیە و ئەو هەر چییەك بێت، لەسەر بوونی رادەوەستێت! بێگومان بەشێکی زۆری ئەو بۆچوونە لەوێوە هاتووە کە هۆسرەل ئاگامەندی و بابەت بە تەواوکەری یەکتر دادەنێت و لەیەکیان دانابڕێت.
هۆسرەل ئاگامەندی بۆ (شت) دەگەڕێنێتەوە، وەك چۆن دێکارت ئاگامەندی و بابەتی ئاگامەندی بە دوو (شت) دادەنێت، ئەو دوو (شت)ەش (گیان و لەش) مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا دەکەن و بەرانبەر یەکدی دەوەستن، لەبەر ئەوەی ئاگامەندی (روو- لە دەرە)، تیشك دەخاتە سەر بابەتەکە و هەوڵی ناسینی دەدات.. (بڕوانە: د. محەمەد کەمال، فەلسەفەی سارتەر، ناوەندی رۆشنبیریی کورد-ئوسترالیا،2002، ل26).
بەڵام لە تیۆری بونیادی شاراوەدا هەموو بونیادێك کە سیستمی دەربڕین لەخۆکردنی خۆی تەواو دەکات، دەبێتە مێژوو بەو مانایەی کۆتایی بە دەوری بونایەتیی خۆی دێنێ، لەبەر ئەوەی لە بناغەوە بونیاد سیفەتێکی خۆ هەڵوەشانەوە و خۆ دروستکردنەوەی بەردەوامی هەیە، ئەوە هەموو بونیادێك کە چووە ژێر دەسەڵاتی سیستمەوە وەزیفەیەك جێبەجێ دەکات و دەچێتە ماناکانی بە مێژووبوونەوە و هەر مانایەکی سیستمداریش کە چووە نێو مێژووەوە و بە تەواوکردنی دەورەکانی ئەوە مردنی خۆی بەیان دەکات.. ماناکانی بونیاد ئەو کاتە زیندوون کە لە ساتی دروستبوونی یەکەمی بە بونیاد بووندان، پێش ئەوەی بگوازرێنەوە نێو زمانی نوسراوەوە (ئەوەی من ناوم نا فیعلی دەرکەوتن) سیفەتی رەهابوونی ئازاد هەڵدەگرێت.. هەموو بوونێکی بەرجەستەیی و نا بەرجەستەیی هەڵگری بونیادێك لە مانا دەبێت لە دەرەوەی سیستمە ئەو لە دەرەوە بوونەش ئازادیی چۆنێتی بەخشینی بە بونیادکردن بە کەسەکان دەبەخشێت، کە چۆنیان ویست هەر ئاواش ئەو بوونانەی مانا بخەنە زمانەوە، لێرەدا زمان بوونی نابێت لە شێوە خوێنراوە و نوسراوەکەیدا بەڵکو زمان چۆنێتی بە بونیادبوونە، نەك بە مانا بوون، چونکە مانا دەرئەنجامی بوونە، نەك خولقێنەری بوون، هۆی ئەو پارادۆکسی بوونەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مانا نە کۆتاییەکی لە بونیادا هەیە و نە کۆتایی بوونیشە... (هێلی ژێر رستەکان، لەلایەن من دانراوە...بڕوانە، زمان و فیکر..، ل11)
دەشێ بیرکردنەوەی نەجات حەمید لە (خۆ هەڵوەشانەوە) و (خۆ دروستکردنەوە) وەك مانا، راستەوخۆ بیرکردنەوەی (لەناوچوونی لەش) و (مانەوەی گیان)مان بیر بخاتەوە، واتە بە بیرکردنەوە ئایدیالیستیەکەی (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆ) و لەوێشەوە (دێکارت)وە بەند بێت؟!
بەڵام لەلایەکی دیکە ئەگەر (بونیاد) وەك گەوهەری (بوون) فینۆمینە بێ و فینۆمینە وەك بەرهەمهێنانی مانا تەماشا بکەین، ئەوە پێویست ناکات بیر لە بوونی (بونیاد) بکەینەوە، نەك بەو مانایەی کە گەوهەری بوون دەخەینە نێو دوو کەوانەوە، بەڵکو بەو مانایەی کە خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە..
نەجات حەمید بونیادگەرییانە قسە لە بونیاد دەکات و هەموو شتێك لە بونیاددا دەبینێتەوە! بونیادگەرەکان، بونیاد (structure) وەك بونیادنان، یان وەك ئەوەی بناغەی شتێکە و بابەتێکی سیستماتیکە و فۆرمی تایبەت بە خۆی هەیە و یەکەیەکی خودییە.. سەیر دەکەن، هەر لەوێشەوە لە مانای فۆرم (form) نزیك دەبنەوە! دەمەوێ بڵێم بونیادگەرەکان بونیاد وەك بونیادی شتێك دەبینن، کە پێکهاتە و فۆرمی سەربەخۆی هەیە، پێکهاتە و یەکگرتنی چەندین رەگەز دەنوێنێ، بەو مانایە بونیاد لای بونیادگەرەکان تۆڕێکە لە پەیوەندی رەگەزە یەك لە دوا یەکەکان، هەر لە رێگای ئەو تۆڕە بونیادییەشەوە (مانا) دێتە بەرهەم. بەڵام جیاوازی نێوان بونیادەگەراکان و تیۆری بونیادی شاراوە لە بەرهەمهێنانی (فرە مانایی) و بە (هەڵمبوونی مانا) دایە؟! دواجار دەتوانم بڵێم چەمکی (فینۆمینە/بونیاد) لەوەدایە کە خۆیان دەردەخەن و بوونی خۆیان ئاشکرا دەکەن. بەڵام ئەگەر لای بوونگەراکان بۆ ناسینی فینۆمینە گرنگی بە دازاین بدرێت، لە تیۆری بونیادی شاراوەدا (مانا/بە هەڵمبوون) وەك دەرئەنجامی (بوون/بونیاد) ئەو بایەخەی هەیە؟!

**هیچگەرایی دەربڕین**
**لەنێوان هەڵوەشانەوە و بونیادنانەوەدا**

چەمکی بوون لای بوونگەراکان راستەوخۆ پەیوەندی بە فیعلی فرێدانەوە دەکات، واتە (دازاین/مرۆڤ) ئەو هەبووەیە کە فڕێدراوە، بێ بڕیاردانی خۆی هێنراوەتە ئێرە.. چەمکی (فڕێدان)، فیعلی بوونی دازاین دیاری دەکات، بەو مانایەش ئەگەر سەیری هیچێتی بوونی دازاین بکەین، دەبینین لەوێوەیە، کە زەمینەی بوونی خۆی نییە! چونکە دازاین کە (خۆ)ی خۆیەتی، هەمانکات دەبێت بە زەمینە بۆ بوونی ئەو زەمینەیە... کەواتە بوونی دازاین جگە لەوەی کە دەیەوێت ببێت بە زەمینەی بۆ بوونی هیچیدیکە نییە.. (بڕوانە: بوون و کات، و: محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم 2013، ل379، 380). ئەو هیچگەرایەیەی دازاین دەشێ لە (هەموو شتێ رەوایە)ی ئیڤان کارامازۆفی- دیستۆفیسکی- مێژووەکەی دەست پێبکات!!.. بەڵام لای نەجات حەمید، ئەوە بونیادە زەمینەیەکی چەسپاوی بۆ سەلماندنی بوونی خۆی دەست ناکەوێت، کاتێك (سیستمی دەربڕین) لەخۆ کردنی خۆی تەواو کرد، دەبێتە مێژوو، واتە کۆتایی بە دەوری بونایەتیی خۆی دێنێ و مردنی خۆی بەیان دەکات (هەڵدەوەشێتەوە).. لێرە هەڵوەشانەوەی بوون، (یان بە هەڵمبوونی ماناکانی بوون) وەك هەستێکی نزیك لە عەدەم، دەبێ بە زەمینە بۆ بوونی ئەو زەمینەیە! لە بونیادی شاراوەدا ئەو مردن و هەڵوەشانەوەیە، یان بوون بە زەمینە بۆ بوونی ئەو زەمینەیە، راستەوخۆ لە هیچێتی زمان و مانای بە هەڵمبوودا خۆی هەڵدەگرێتەوە!!

بەڵام ئەگەر ئەو هیچێتییە یان وەك من ناوم نا ئەو بە هەڵمبوونە، بونیادی رووکەش دەستنیشان بکات.. ئەوە بونیادی شاراوە و ماناکانی بونیادی شاراوە زێندووێتی خۆیان لە ساتی دروستبوونی یەکەمی بە بونیاد بوون و پێش ئەوەی بگوازرێنەوە نێو زمانی نوسراوەوە (پێش دەرکەوتن) هەڵدەگرنەوە، بەو مانایەش بونیادی شاراوە ئەو بونیادەیە، کە لە ساتی خۆ دروستکردنەوەدا دەردەکەوێت، یان ساتی (پێش بە زمان بوون) و دەرکەوتن. بەڵام بونیادی رووکەش لە (ساتی بە زمان بوون)دایە. بە گشتی دەشێ هیچگەرایی بونیادی رووکەش و بونیادی شاراوە لە دروشمی (ژیان و مردن بەرانبەر بە ئاوێنە)ی (داندیزم) نزیك بکەینەوە، بەو مانایەش (سیستمی دەربڕین)ی نەجات حەمید تەنها دەتوانێ لە بەرانبەر (بونیاد) وەك (خالق) بوەستێ! سیستمی دەربڕین هەمیشە پێویستی بە بونیادە، تا لەگەڵیدا درێژە بە پەیوەندییەکی غەمگینانە بدات... (بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: کامۆ، مرۆڤی یاخی، و:ئازاد بەرزنجی، کتێبخانەی ئەندێشە-سلێمانی، 2012، ل92، 97)

لە لایەکی دیکە چەمکی (رووکەش) و (شاراوە) کۆمەڵێ پرسیار لەخۆ دەگرن، ئەگەر هایدیگەرانەش قسە بکەین: ئەوە زمان لە پێش بوونی دازاین هەیە. دیاردەی زمان رەگی لە نێو پێکهاتەی بوونگەرانەی دەرخستنەکەی دازاین داکوتاوە.. ئەوەی لە نێو زمانیش دەناسرێت مانایە..( بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە، بوون و کات، ل236)

لێرەدا بۆ قەڵەمکێشی یەکێك لە پرسیارەکانم هەوڵدەدەم قسە لە (سیستمی دەربڕین) بکەم، بۆ ئەو قسەکردنەش پێویستە بزانین کە دەربڕین دوو خەسڵەتی هەیە، یەکەمیان گەیاندنی مانایە. دووەم، ئاماژە کردن بۆ شتێکی دیکە، کە ئەو شتە خودی دەربڕینەکە نییە. ئەو دوو خەسڵەتە پێکەوە گرێدراون و هیچ دەربڕینێك نییە، ئەو دوو خەسڵەتەی نەبێت، هیچ دەربڕینێك نییە، مانا نەبەخشێت، چونکە ئاماژە بۆ شتێك دەکات، مادام دەربڕین ئاماژەکردنە، دەبێ مانا ببەخشێت، مانا ئەو خەسڵەتەیە، کە لە رێگای دەربڕین ئاماژە بۆ بابەتەکەی دەکات. بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا (مانا و بابەت/بونیادی رووکەش و بونیادی شاراوە) چەند لە یەك دەچن؟

هۆسرەل لەو باوەڕەدایە، کە ئێمە ناتوانین مانا و بابەتە دەرەکییەکەی دەربڕینەکە ئاماژەی بۆ دەکات، بە لێکچوو دابنێین.. دوو هۆکار بۆ ئەو وەڵامە نێگەتیفە دەدۆزێتەوە، یەکەم: هەندێجار دوو دەربڕین ئاماژە بۆ یەك بابەت دەکەن، کەچی دوو مانای جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە: ئەوەی لە جەنگی (جینا)دا سەرکەوت لە جەنگی (واترلۆ)دا دۆڕا. ئەو دەربڕینە دوو مانای

جیاوازی هەیە (دۆڕان/سەرکەوتن) بەڵام ئەو دوو مانا جیاوازە بۆ یەك بابەتی دەرەکی یان یەك کەس بە کار هێنراوە، ئەویش (ناپلیۆن)ە. دووەم: دەشێ دوو جۆر دەربڕین یەك مانایان هەبێت و ئاماژەکردنەکەیان جیاواز بێت.. مرۆڤ لە دوو دەربڕینی جیاوازدا یەك مانا دەبەخشێت، بەڵام ئاماژەکردنەکە جیاوازە، بۆ نموونە: سوکرات مرۆڤە. ئەو مرۆڤە کار دەکات. لێرەدا مرۆڤ یەك مانای هەیە.

وەك دەبین دەکەوینە نێوان مادده کە لە دەنگ و نوسیندایە لەگەڵ ئایدیای ماناکەی... بەشی ماتەری هەموو خەسڵەتە سروشتیەکانی تێدایە، لە سێ ڕەهەند پێکدێت و لە نێو کات و شوێن دایە، بەڵام مانا خاوەنی سێ ڕەهەند نییە، لە نێو کات و شوێندا نییە.. بۆ نموونە مانای (مێز) دوای تەواو بوونی دەربڕینەکە و لەناوچوونی مێزەکەش هەر دەمێنێتەوە، لەمڕووەوە مانا بۆ هۆسرەل دەبێت بە جەوهەری دەربڕین.. (بڕوانە: فینۆمینۆلۆجی، ل48) بەڵام لای نەجات حەمید بە گشتی مانا لە فیعلی دەرکەوتن (کەوتنە سەر کاغەز، وەك نوسین) بە هەڵم دەبێت؟!

شێوە و گەوهەر

بێگومان قسەکردن لە ناسینی بیرۆکە و گەوهەر بە مانا هۆسرەلییەکەی وەك ئاماژەمان بۆ کرد، قسە کردنە لە فینۆمینە، ئەوەش دەکەوێتە دەرەوەی ئەو تێگەیشتنە ئەفلاتوونیەی کە نایەوێ فۆرم و جەوهەر لە یەك جیا بکاتەوە. ئەو قسەکردنە لە کێشەی (مەبەستگەرایی) بەو مانایەی کە پەیوەندی نێوان ئاگامەندی و جیهان دیاری دەکات، شێوە قسەکردنێکە هەوڵدەدات لەو هەڵوێست و بۆچوونە ئایدیالیستانەمان دوور خاتەوە، کە دەسەڵاتێکی ڕەها بۆ دامەزراندنی مانا بە ئاگامەندی دەدەن و بایەخ بە جیهانی دەرەکی نادەن.

لە کتێبی زمان و فیکر لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا هەموو دەقێك شێوەی بونیادەکانی بوونە نەك گەوهەرەکەی، چونکە (گەوهەری هەموو بونیادەکانی بوون) لە سەرەتایەتی بیرکردنەوە و نوسینی یەکەمدایە، لەوێدایە، کە هێشتا شێوە لە دایك نەبووە و تەنانەت زمانیش بریتییە لە زمانی بە شێوەی نەبوو کە پاش بە دەقبوونی بونیادەکان ئەوسا بۆ دۆزینەوەی هۆکاری هەر دەقێك پێویستیمان بە دۆزینەوەی هۆکارە پێشینەکانی بە دەق بوونە، کە بە جارێك ڕەهایەتی بونیادەکان بە زیندوویی لە زمانی سێیەمی بە شێوە بووندا دەپارێزێ.. (بڕوانە: زمان و فیکر ل14،13).

بیریارانی فینۆمینۆلۆجی ئامادەبوونی بابەت بە گرنگ دەزانن و پێیانوایە هەموو بیرکردنەوەیەك ڕوو لەو بابەتە دەکات، کە دەیەوێت بیناسێت.. کەچی لە تیۆری بونیادی شاراوە، بونیاد دەبێ بە شێوەیەك لە دەق، وەکو (مۆری پەنجە)، تایبەتمەندێتی بوونی کەسایەتی هەڵدەگرێت، بەو مانایە شێوەکانی بوون لە بناغەوە بردنی بیرکردنەوەی سەرەتاییە بۆ ئەو زنجیرە شێوە گۆڕینانەی کە بوون بە خۆیانەوە دەیانبینێ... (بڕوانە: زمان و فیکر ل14،13)

**دەرئەنجام:**

بە کورتی لەو بەداواداچوونەدا دەتوانم دوو خاڵی سەرەکی دەستنیشان بکەم:-

یەکەم: وەك دەبینین بابەتی تێگەیشتن (بونیاد/ بابەت) لە هەردوو لادا جێگیرە، بەڵام مەرجەکانی تێگەیشتن تاکو ئەمڕۆ لە گۆڕانی بەردەوامدان و ناکەونە سەر (بیرکردنەوە/مانا)ی تێگەیشتنەوە، بەڵکو لێرەدا لەلایەك دەچێتەوە سەر بردنی بیرکردنەوە بۆ سەرەتایەکانی بیرکردنەوە، لە لایەکی دیکە بەرەو خۆ ڕزگارکردن لە پێش بیرەکان و گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان و دانان هەنگاو دەنێت! یەکەمیان بەردەوامیەتی خۆی لە هەڵوەشانەوە و خۆدروستکردنەوەدا دەبینێتەوە. دووەمیان خۆی لە تێگەیشتنی ڕەسەنانەدا دەدۆزێتەوە، بۆ تێگەیشتنی ڕەسەنانەش پێویستە بابەتەکە بە تەنیا بخەینە نێو دوو کەوانەوە و ڕاستەوخۆ ڕووی تێبکەین، لەو حاڵەتەدا بابەتەکە بەو جۆرەی هەیە، خۆی بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات و لە ئەزموونەکەماندا دەبێت بە دیاردە یان فینۆمینە.

دووەم: ئەگەر گومانی نەجات حەمید پەیوەندی بە فاشیەتی زمان و وەهمی مانا و باوەڕپێهێنانی فێڵبازانە و چەسپاندنی لۆجیکی نابوونایەتی بێت لە بیرکردنەوەدا، پرسیار ئەوەیە ئەوە نەجات

حەمید چۆن دەتوانێ تێگەیشتن وەك کاتیگۆرییەکی ئۆنتۆلۆجی دابمەزرێنێ؟! بە دیوەکەی دیکە ئەگەر هۆسرەل لە رێگای گومان کردن لە پێش بیرەکان، بابەت بخاتە نێو دوو کەوانەوە.. پرسیار ئەوەیە ئایا زمان دەکەوێتە کوێ؟

لە کۆتاییی ئەو دوو خاڵەشەوە دەگەینە دوو جۆر لە درککردن، لای هۆسرەل، دەرککردنی یەکەم، دەرککردنی بابەتە تاکەکان، دەرککردنی دووەم، درککردنی جەوهەر، یان ناوەڕۆکی دیاردەیە، ئەو دوو درککردنەش لێکجیا نابنەوە. بەڵام لە تیۆری بونیادی شاراوەدا وەك لە سەرەوە قسەم لێکرد، ئەو دوو شێوەیە لە درککردن دەکەوێتە نێوان (بونیاد) وەك جەوهەر و (مانا) وەك بیرۆکەیەکی بە هەڵمبوو!؟

دواجار دەمەوێت بڵێم ئەگەر هۆسرەل فینۆمینۆلۆجیا لە نێو ئایدیالیزمدا گیر بکات، وەك شێوازە (کانت 1724-1804)ی و دێکارتیەکە تەماشای بکات؟! ئەوە تیۆری بونیادی شاراوە ئەو ئازادییەی خوێندنەوە، کە لە سەرەتادا بانگەشەی بۆ دەکات، لە نێو پارادۆکسی (هیچگەرایی) وەك هەستێکی نزیك لە عەدەم و (مۆری پەنجە) وەك تایبەتمەندی بوونی کەسایەتی، تێکەڵ بە یەکتر دەکات.

## (بەشی سێیەم)

## پەراوێزی خوێندنەوە

## شیعر
## شێوازی بەیەکەوە گونجاندنی زەمەنەکان

**کات بەشی خۆشەویستی ناکات**
**ناچارم لە زەمەنی قسە ببڕم و**
**بیدەمە دەم زەمەنی دڵەخوپێ**

لە کۆمەڵە شیعری (ڕۆژانێك من ئۆکۆردیۆنم دەژەند، دلاوەر قەرەداغی، ل104)

لە نێوان زەمەنی (خۆشەویستی) و زەمەنی (قسەکردن) دوو جیاوازی گەورە هەیە: خۆشەویستی پەیوەندی بە زەمەنی ستوونییەوە هەیە و قسەکردن بە زەمەنی ئاسۆیی، یەکەمیان ناوەکییە، دووەمیان دەرەکی، یەکەمیان زەمەنی ڕێکەوت و زەمەنی پچراوە، دووەمیان زەمەنی بەیەکگەیشتن و زەمەنی بەردەوامییە، یەکەمیان شیعرە و دووەمیان گێڕانەوە! زەمەنی خۆشەویستی زەمەنی دڵەخورپەیە، زەمەنی قسەکردن زەمەنی یادەوەرییە... زەمەنی گێڕانەوە لە بیرکردنەوە هەڵدەقوڵێت، ئاکامی ئەزموون و بیرەوەرییە... زەمەنی شیعریی کردەیەکە مەرج نییە پشت بە تێگەیشتنی فیکری و ئەزموون و بیرەوەری ببەستێت! کردەی شیعریی ئەزموون نییە، بیرەوەری نییە، فیکر نییە... کردەی شیعریی دڵەخورپەیەکی ساتەوەختییە، شیعرییەت لە خود سەرچاوە ناگرێت، خود شیعر ناناسێت، خود ئەو کاتە شیعر دەناسێت کە کەوتۆتە نێو شیعرەوە، لە ساتەوەختی نوسینی شیعردا خود بوونی نییە، خود بە ئەزموونی خودەوە بەندە، شیعر لە شیعرییەتەوەیە...

(گاستۆن ڕۆپناڵ- Gaston Roupnel) پێیوایە واقیعی زەمەن تەنها لە چرکەسات دایە، یان زەمەن واقیعێکە بە چرکەسات ئابلۆقەدراوە و دەکەوێتە نێوان دوو عەدەمەوە. بەڵام لای (هنری برگسۆن لویس) زەمەن (پێشبینیکردن، حَدْس)ی دەیموومەیە، برگسۆن ڕەهایی لە بەردەوامییدا دەبینێتەوە، پێیوایە بەردەوامی زەمەنی حەقیقییە.. دەیەوێ بوون لەسەر دەیموومە وێنا بکات. (گاستۆن باشلار) کتێبی (جدلیە الزمن) لە سەر تێزەکەی ڕۆپناڵ هەڵدەنێ و دیموومەی زەمەن بەو مانایەی کە لای برگسۆن هەیە، ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت زەمەن بەیەکەوەنوساو نییە، بەڵکو لەیەکجیایە (متصل نییە، منفصلە).. هەروەها دەڵێ بەهۆی فیکری بەیەکەوەنوساوەوە (متصل) ناتوانین بەشێوەیەکی جەوهەری بەرەو یەکێکی دیکە بگوازینەوە..

یادەوەری لە ڕێگای ئەزموونێکەوە ڕەوتی فیکری بەجێ دەهێنێ... (ئالان بادیۆ) لە کتێبی (لە ستایشی خۆشەویستیدا) دەڵێ خۆشەویستی بڕوابوونە، حەقیقەتەکەی لە سودەفەبوونیدایە. خۆشەویستی بەرەو فیکرەیەکمان دەبات، کە پێیوایە ناتوانین دنیا ئەزموون بکەین، تەنها لە دیدی جیاوازەوە نەبێت! خۆشەویستی جیاوازی بەرجەستە دەکات... زەمەنی شیعریی لە دەرەوەی بەیەکگەیشتنە و دنیا لە بارێکی سەختدایە، دنیا بەکار هێنراوە، بەکارهێنراوێکی بێ ژمار... قۆناغی منداڵی و گەنجیی و پیریی لە زەمەنی گێڕانەوەدا لە ژمار نایەن، بەڵام زەمەنی شیعریی بۆ تەمەن ناگەڕێتەوە، شیعرییەت بە تەمەن پێوانە ناکرێت، زەمەنی شیعریی بە داهێنان دەپێورێت، بە شیعرییەت پێوانە دەکرێت! زەمەنی گێڕانەوە گەورەکان بەسەرچووە، زەمەن زەمەنی ساتەوەختی شیعر و خۆشەویستی و دڵەخورپەیە! زەمەنی گێڕانەوە زەمەنی بەردەوامی و حیکایەتەکانی بەر ئاگردانە، زەمەنی شیعر زەمەنی ساتەوەخت و لەناکاوە...

ئەگەرچی دەیموومە پێدراوی ڕاستەوخۆی ئاگاییە، بەڵام ئەو دیموومەیە دەستەمۆیە، کەواتە (ئاگایی دەیموومە) لە شارەزایی دەرەکی وەرگیراوە، چ بەهۆی (دابڕان یان بەردەوامی) بێت. بەو مانایەش لای باشلار ئاگاییمان بە زەمەن، ئاگاییە بە ساتەوەخت: زەمەن واقیعی نییە تەنها لە چرکەساتدا نەبێت. لای باشلار هونەر، دابڕان لەگەڵ بەردەوامی ژیانی (ڕۆژانەی باو) دروست دەکات. چونکە بەردەوامی ژیان نابەردەوامی لەدایکبوونە. ئێمە لەو ساتەوەختەدا دەژین، هەر لەو حاڵەتەدا هەستدەکەین هەین، واتە لەو ساتەوەختە و بەهۆی ئەو چرکەساتەوە هەست بە بوونی خۆمان دەکەین. لەنێوان هەستکردن بە ئێستا و هەستکردن بە ژیان

هاویەکییەکی (وەکیەکی) رەها هەیە. لێرە لە دیدی ژیانەوە دەتوانین هەوڵدەین بەهۆی ئێستاوە لە رابردوو بگەین، بەبێ ئەوەی بەردەوام هەوڵدەین بەهۆی رابردوو راڤەی ئێستا بکەین.
(دلاوەر قەرەداغی) شێوازی گێڕانەوە بە وزەی شیعریی بارگاوی دەکات، هەناسەی شیعریی بە گێڕانەوە درێژ دەکاتەوە، گێڕانەوە بە شیعرییەت دەکاتەوە، شیعرییەت بە گێڕانەوە دەنەخشێنێ... دلاوەری شاعیر لە گێڕانەوە دەکاتەوە و بە دڵەخورپێی دەلکێنێ، لە زەمەنی شیعرییەت دەکاتەوە و بە ئەویدیکەی بۆگێڕەوەی دەسپێرێ! دنیای شیعر لای دلاوەری شاعیر سەر بە شێوازی بەیەکەوە گونجاندنی زەمەنەکانە؟! هەر شاعیرێك زەمەنی خۆی پرۆسیسە دەکات، دلاوەر زەمەنی تایبەت بەخۆی هەیە، دەشێ بڵێم لە کۆی بەرهەمە شیعرییەکانیدا تا کۆمەڵە شیعری (رۆژانێك من ئۆکۆردیۆنم دەژەند، چاپی ناوەندی رۆشنبیریی ئەندێشە، 2015) هەوڵدەدات زەمەنی گێڕانەوە بە شیعر بارگاوی بکات! مەبەستمە بڵێم بۆ جوانکردنی زەمەنی گێڕانەوە وزەی شیعریی لە چنینی دەستەواژەی شیعرییدا هەڵدەگرێتەوە، وەك چۆن هەوڵدەدات زەمەنی شیعریی بە گێڕانە بارگاوی بکات، واتە شیعرییەت لە رێگای زەمەنی ئەویدیکەی جیاواز تاقی دەکاتەوە! دلاوەر قەرداغی دەکەوێتە نێوان دوو عەدەمەوە، شیعرییەت و ئەویدیکەی جیاواز... جیاوازی نێوان (شیرکۆ بێکەس) و (دلاوەر قەرەداغی) لە شێوازی بەیەکەوە گونجاندنی زەمەنەکاندا ئەوەیە، کە شیرکۆ بێکەس لە پێناو بەردەوامی شیعرییەت دەنەخشێنێ، دلاوەر قەرەداغی لە پێناو عەدەمییەت! شێرکۆ بێکەس مێژووگەریی دەکاتە بابەتی شیعرییەت، دلاوەر قەرداغی عەدەمییەت دەکاتە بابەتی شیعرییەت... هەموو ئەوانەش دوو تێگەیشتنی جیاواز و دوو بیرکردنەوەی جیاواز و دوو دنیابینی جیاواز رابەرایەتیان دەکات...
(هانز جۆرج گادامێر) پێیوایە هەر کەسێك زەمەنی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر کەسێك زەمەنێکی سەربەخۆی هەیە.. (ئێمە لەپڕ بەئاگا دێین کە کەسێك پیر بووە، یان زەمەنی منداڵی تێپەڕاندووە) بەمجۆرە گادامێر زەمەنی برگسۆنی بە زەمەنی کاتژمێر دادەنێت، زەمەنی کاتژمێریش دەکەوێتە دەرەوەی زەمەنی تایبەتیمانەوە. لە نێوان زەمەنی کاتژمێر و زەمەنی تایبەتدا دلاوەر قەرداغی خۆی بە عەدەمەوە هەڵواسیوە، عەدەمیەت بە شیعرەوە دەکات و شیعرییەت لە عەدەمەوە هەڵدەگرێتەوە.

## شیعر و سێبەر

لەبەر چریکەی جەنگی بێدەنگی کۆترەکان
خۆمان رووت رووت دەکەینەوە
رووت رووت و قووت
حەقیقەت بە رووتیەوە جوانە
"حەمە عەباس"

(ئێمە لە زەمەنێکدا دەژین کە بە مانا "پرۆست"ییەکەی ونبووە. ئێمە لە چاوەڕوانی زەمەنێکداین کە بە مانا "بیکت"یەکەی قابیلی چاوەڕوانی نییە) هەڵبەتە بەشێکی بەرفرەوان لە هێزی ئەو دوو رستەیە، دەشێ لەوێوە لە خەیاڵ و شیعرەوە نزیك بێتەوە، کە دەکەوێتە دەرەوەی عەقڵ و واقیعی باو، دەکەوێتە بێدەنگی و بۆشاییەوە، بێگومان لەو دیوو عەقڵ و واقیع، گوتارێك بۆ حەقیقەت بوونی نییە، جگە لە زمانی خەیاڵ و زمانی جوانی نەبێت، لە هەر کوێ، ئەو دیوو واقیع ئامادە بێت، خەیاڵیش ئامادەیە، لە هەر کوێ بێدەنگی و بۆشایی ئامادە بێت شیعر و جوانی ئامادەیە. کەواتە ئەگەر خەیاڵ لە واقیع جیاواز بێت و شیعریش لە رێگای ئەو جیاوازییەوە، لە رێگای بێدەنگی و بۆشاییەوە پەیوەندی بە خەیاڵەوە بکات، ئەوە دەتوانین بڵێین هەرچەندە ماوەی نێوان نوسەری ئەدەبی و خەیاڵ کەمتر بێتەوە، ئەوەندە رووبەری ئیبداع بەرفرەوانتر دەبێت. وەك دیارە ئەو هەڵگرتنەوەیە راستەوخۆ لە دەستەواژە بەناوبانگەکەی (نیفەری)یەوە وەرگیراوە کە دەڵێت: تا مەودای روانین بەرفرەوانتر بێت، رووبەری گوزارشتکردن بەرتەسك دەبێتەوە.

کۆمەڵە شیعری (سێبەری خۆتم لێ حەرام مەکە)ی (حەمە عەباس) کە لە (63) ناونیشانی شیعری پێکهاتووە، لە رووی دەلالەتەوە تەعبیر لە هەست و سۆزی خودێکی یاخی دەکات، بەڵام یاخی بوونێك کە زێتر خۆی لە (ئاشکراکردنی) شتە ماددی و مەعنەوییەکاندا دەبینێتەوە، نەك لە (بەرجەستەکردنی) دەنگە دەنگێك، کە هەمیشە لە ماناکانەوە خۆی دەخاتەوە و دەسەڵاتی خۆی لە مانا زاڵەکانەوە دەنوێنێ! یاخی بوونێك، کە لە رێگای نوسینەوەی سێبەری بێدەنگی خۆی هەڵدەگرێتەوە، نەك لە رێگای ئەو دەسەڵات و فەزا داخراوەی کە ماددیەتی دەنگە دەنگ بۆخۆی دەیسازێنێت! راستە گەلێکجار سێبەر و بێدەنگی، سێبەر و خەیاڵ دەبێتە کۆیلەی دەنگ، بەڵام نوسینەوەی سێبەر و بێدەنگییەکیش هەیە، کە رووخسارە مەزنەکەی خۆی لە نێرگزییەتە کراوەکەیدا هەڵدەگرێتەوە، ئەو سێبەر و بێدەنگییە، ئەو خەیاڵە ئەگەرچی لە بەرامبەر دەنگ و ماددیەتی دەنگ، کە دیار و کەشفکراوە، پێویستی بە کەشفکردن هەیە، بەڵام هەمیشە لە ناوەوە و لە خوێندنەوەی داهێنەرانەدا دەبێتە شوێنی وڕووژان.. دەمەوێت بڵێم (حەمە عەباس) هەمیشە هەوڵدەدات لە رێگای نوسینەوەی سێبەر و بێدەنگی، لە رێگای سێبەر و خەیاڵ، پارێزگاری لە خودی خۆی بکات! بەڵام رەنگە پرسیاری سەرەکی خوێنەر راستەوخۆ بکەوێتە نێوان شیعرییەت و ئاگاییەوە، یان بە مانایەکی دیکە ئەوە بێت: ئایا لە (نوسینەوەی سێبەر و بێدەنگی/ سێبەر و خەیاڵ) خود هەمیشە ئامادەیە/ گوتن هەمیشە رووداوە؟!

بە بڕوای من ئەگەر (خودی ئامادە) لە نوسینەوەی سێبەر و بێدەنگیدا توانای بەرهەمهێنانی ئاگایی هەبێ، ئەوە، ئەو ئاگاییە لە ساتەوەختی خوێندنەوەدا بە نێوماندا درێژ دەبێتەوە و خۆی زیاد لە روویەك (دەروونی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تیۆلۆژی...هتد) دەنەخشێنێت. بەڵام ئەگەر (خودی ئامادە)، وزەی بەرهەمهێنانی شیعرییەتی لەخۆدا هەڵگرتبێ، ئەوە وەك جۆرێك لە خۆ رووتکردنەوە بەرجەستە دەبێت، شیعریش ناکەوێتە دەرەوەی خۆ رووتکردنەوەوە. کەواتە نوسینەوەی سێبەر و بێدەنگی هەمیشە لە دوتوێی خۆیدا نێودژییەکی داپۆشراوی هەڵگرتووە.. بۆیە وەك رووداو، هەمیشە کراوە و ئەکتیفە و نکۆڵی لە هەمووان دەکات، بەڵام وەك ئاگایی دەشێ نکۆڵی لێکراو بێت! بەو مانایەش نوسینەوەی سێبەر و خەیاڵ نکۆڵیکردنە لەو دەم قەڵەباڵغییەی کە لە تۆتۆلۆژیی دەنگەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر لەوێشەوە تۆتۆلۆژیای دەسەڵاتی ماددیانەی دەنگ پێمانبڵێت:- ئەوەی کە دەگوترێت، گرنگ نییە، ئەوەی کە دەشێ

بگوترێت و (دەسەڵات) بە هەموو ماناكانییەوە سانسۆری دەكات، ئەو، گرنگە! هەر لەوێشەوە هیراركییەتی سێبەر و بێدەنگی، هیراركییەتی سێبەر و خەیاڵ، دەسەڵاتی رەهای دەنگ و دەنگدانەوە دەبڕێت و جیاوازییەكانی خۆی وەك (رووداو) دادەمەزرێنێت.
بەڵام شیعر هەر تەنها نوسینەوەی رووداو و بەرجەستەكردنی ئاگایی نییە، بەڵكو جگە لەوەش گفتوگۆی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤ و دنیا و سەردەمەكەی خۆی، دانوستاندنی شاعیر لەگەڵ بێهودەیی.. من لە خوێندنەوەی ئەو كۆمەڵە شیعرەدا هەوڵدەدەم هێڵێك بە ژێر (دانوستانی شاعیر و بێهودەیی)دا بهێنم، چونكە بە بڕوای من ئەوەی لە كۆی ئەو كۆمەڵە شیعرەدا دەبینرێت، زێتر دانوستاندنی شاعیر و بێهودەییە، ئەو دانوستاندنەش لە كۆمەڵە شیعری (سێبەری خۆتم لێ حەرام مەكە) لە دوو تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە، یان بە مانایەكی دیكە دەشێ بڵێین ئەو كۆمەڵە شیعرە لەسەر دوو بنەما وەستاوە: یەكەمیان، لە كۆی ئەو شیعرانەدا دەبینرێت، كە تێیدا شێوازی گوتن كاڵ دەكەوێتەوە و یەكیەتی بابەت وروژێنەر خۆی دەنوێنێ، ئەوانەش زۆربەی شیعرەكانی كۆمەڵەی یەكەم لە شیعری یەكەم ل3 هەتا شیعری كۆتایی ل167 دەگرێتەوە، جگە لە چەند قەسیدەیەكی جیاواز نەبێ لەوانیش: پەراوێزەكانی شەڕ، رەنگی ئێوارە، سێو، هەڵەبجە، ئێرە باشترین جێگایە بۆ چاوەڕوانی... بەڵام لە تەوەرەی دووەمیاندا، دەبینین شێواز توونده و زۆرترین پانتاییش بە یەكیەتی بابەت دراوە! ئەو قسەیەمان كۆی ئەو شیعرانە دەگرێتەوە (زمان، ئاسمان، مرۆڤ، گۆرانیەكیش بۆ مردن) كە لە ل169 دەست پێدەكات، تا شیعری مۆری و مەرجان ل 194 درێژ دەبێتەوە.
بەڵام ئەگەر لە زۆربەی زۆری كۆمەڵە شیعری (سێبەری خۆتم لێ حەرام مەكە) كاڵی شێواز و یەكیەتی بابەتی وروژاو خوێنەر بخاتە سەر جۆرێك لە ئاراستەكردن و تێڕامان، ئەوە لە (زمان، ئاسمان، مرۆڤ، گۆرانیەكیش بۆ مردن) توندی شێواز و بەرفرەوانی بابەت، خوێنەر دووچاری نائارامی و پووچی دەكات، لە یەكەمدا چەمكی یاخی بوون خۆی لە رووبەڕووبوونەوە و نكۆڵیكردندا هەڵدەگرێتەوە، بەڵام لە دووەمیاندا شاعیر رایدەگەیەنێت ئیتر ئەوە دنیایە، نائومێدی كردووە.. بە مانایەكی دیكە ئەگەر لە كۆی شیعرەكانی (سێبەری خۆتم لێ حەرام مەكە)دا خوێنەر بكەوێتە دووتوێی هەست و سۆز و یادەوەری، ئەوە لە بەشی (زمان، ئاسمان، مرۆڤ، گۆرانیەكیش بۆ مردن) دەكەوینە دنیای مرۆڤە بێ یادەوەرییەكان؟!
مرۆڤ هەندێجار جوانە
وەك رووبار و
پەڕەسێلكە و
بەهەشت
هەندێجاریش.. نا
من هەمیشە لە كەمیندام
من راوچیم
من..!
بە كورتی (حەمە عەباس)ی شاعیر بەبێ هیچ چوارچێوەیەك ئەزموونی تاكەكەسی خۆی دەنوسێتەوە و هەنگاو بەرەو بیرۆكەكانی دەنێت و لە ژێر سێبەری وشەكان و لە نێو خەیاڵدا دەیەوێ پشوو بدات و دنیای خەون و یادەوەرییەكانی بە ئەویدیكەی خوێنەر رابگەیەنێت.

## نینیتی
## لە نێوان کلتوری لۆکاڵ و کلتوری گلۆباڵدا

ڕەنگدانەوەی مێژووی مرۆڤایەتی ڕەنگدانەوەی زمانە لە جیهاندا. (بریسە)
نینیتی (خانمی ژیان) وەك ناونیشانی سێیەمین فێستیڤاڵی جیهانی ئەدەب لە هەولێر 22-24 ساڵی 2014 لەلایەن (ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئارت ڕۆڵ) تایبەت ئەدەب و هونەری هاوچەرخ بەڕێوە چوو، ئەو فێستیڤاڵە ساڵانەیە و کار بۆ دروستکردنی پەیوەندی کلتوری لە نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان دەکات، هەوڵێکە بۆ گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی هونەری و هاوکاریکرین و دروستکردنی پەیوەندییەکی هارمۆنی لە ڕێگای هونەر و فێرکردن و گەڕانەوەی ئەرزش بۆ ڕەگەزی مێینە و بیروڕای جیاواز و فەراهەمکردنی شێوەی داهێنەرانە بۆ دبلۆماسیەتی میللی لە ڕێگای بە کارهێنانی کلتور وەك پلاتفۆرێك بۆ دیالۆگ و رادەربڕین لە نێو گروپە جیاوازەکانی ناو عیراق و دەرەوەی عیراق.
ئەو نوسینەی بەر دەستتان بەشداریکردنێك بوو لە سەر ئاستی ڕەنگدانەوەی زمان و مێژووی زمان لە چەوسانەوەی (ئافرەت/ژن) لە دنیای پیاوسالاریدا، وەك چۆن بەدواداچوون و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ کۆی فێستیڤاڵ و ئەو چەمك و دەستەواژە بەسەرچوانەی کە لەو فێستیڤاڵەدا لە لایەن هەندێ لە نوسەر و شاعیرانی بەریتانی لەوانەش (ڤیکی ڤێفەر) و (ڕاچێل هۆڵمز) جەختی لێدەکرایەوە! یەکێك لەو چەمکانەش چەمکی (وەرگێران/تەرجەمە) بوو.
**وەرگێران**
**یەکگەیشتنی دەق و خوێنەری جیاوازە**
بە بڕوای من قسەکردن لە پرۆسەی وەرگێران وەك ئەوەی کە (ڤیکی ڤێفەر) بە خیانەت ناوی دەبرد، قسەکردنێکی فۆلکلۆرییانەیە بەو مانایەی کە چەمکی خیانەت لە شوێنی خۆی کەمترین جولەی لە بواری تەرجەمە و بەدواداچوونی وەرگێراندا هەیە، وەك چۆن قسەکردن لە تەرجەمەکردنی (حەرفی) یان (گواستنەوەی مانا) قسەکردنێکی نائامادە و تەواو بەسەرچووە!؟ ئەمڕۆ قسەکردنی لە بارەی وەرگێران (لە ئاستی ئیبداعیدا)، وەك وەك تەئویل دەبینرێت، یان وەك بە یەکگەیشتنی دەق و خوێنەری جیاواز سەیر دەکرێت! وەرگێران لەوێوە تەئویلە کە هیچ وەرگێرانێك ناکەوێتە دەرەوەی تێگەیشتنەوە! لەوێوەش بە یەکگەیشتنی دەق و خوێنەری جیاوازە، کە هیچ وەرگێرانێك ناشێ لە دەرەوەی خوێندنەوەوە هەبێت!
خوێندنەوە تەئویلە، بەڵام نەك بەو مانایەی کە نیازی نوسەر ئاسۆکانی تێگەیشتن بۆ (خوێنەر/وەرگر) دیاری بکات، واتە مەرج نییە تێگەیشتن لە مەبەستی نوسەرەوە سەرچاوە بگرێت، تەئویلیش لەسەر خوێندنەوە و ئاستە جیاوازەکانی خوێندنەوە بونیاد دەنرێت! دەمەوێت بڵێم وەك چۆن خودی تێگەیشتن لە سەر بنەمای بێلایەنی تەماشا دەکرێت، وەك چۆن تێگەیشتن لە نیازی نوسەر هەڵناقوڵێت، بەڵکو ئەوە ڕاڤەکارە لە سەر ئاستی مەعریفە و کلتوری جیاواز و ساتەوەختی خوێندنەوەی جیاواز و ئاستەکانی ئاگایی ڕەهەند و بۆشاییەکانی دەق و ئاسۆکانی چاوەڕوانی پڕ دەکاتەوە، بە هەمان شێوە هیچ تەرجەمەیەك لە دنیادا نییە تەواوی ڕووەکانی مانا و ڕەهەند و ئاسۆکانی دەق بەرجەستە بکات.
کەواتە کە دەڵێم وەرگێران تەئویلە بەو مانایەیە، کە هەموو دەقێکی ئیبداعی لە سەر تەئویلی جیاواز و ئاستەکانی ئاگایی (خوێنەر/وەرگر) و خوێندنەوەی جیاواز بوونی خۆی بەرفرەوان دەکات! کە دەڵێم تەئویل بە یەکگەیشتنی دەق و وەرگرە بەو مانایەیە، کە لە دەرەوەی خوێندنەوە و ئەویدیکەی خوێنەر لە دەرەوەی ئەویدیکەی وەرگر، دەق دەکەوێتە نەبوونەوە، وەك چۆن هیچ تەئویلێك لە دنیادا نییە پەی بە هەموو ڕەهەندەکانی دەق ببات، هیچ تەرجەمەیەکیش نییە لە دنیادا هەموو ڕەهەندەکانی دەق بگەیەنێت.
یەکێکی دیکە لەو چەمکانە چەمکی جەستە و نوسین لە بارەی جەستە بوو، وەك لە قسەکانی (جۆلیا کۆپس ، روئا زوهێر ، مریەم مەیسەم قاسم ئەلعەتتار ، ژاوێن شاڵی ) باس و خواسی

لەسەر کرا، هەڵبەتە بەشێکی ئەو نوسینەم بۆ بەدواداچوونی کۆی بیرورِاکانی ئەو بەرێزانەیە تەرخان کردووە.

**رەگەزی مێ**

**لە دنیای نێرسالارییدا**

هەر لە چاخی ناوەڕاستەوە بۆچوونی نێر و نێرسالاری دەڵێ: ئافرەتان لەپاش پیاوانەوە دێن، چونکە وشەی (Female- مۆنپ) لە وشەی (Male- مژکر) وەرگیراوە.. یان لە وشەی لاتینی (Femina) هەڵهێنجراوە، مانای وشەی (Femina)ش بە (ادنی ایمانا) دێت! ئەو دوالیزمییە هەر تەنها لە زماندا بەرجەستە نییە، خودا لە سەرەتادا ئادەمی دروست کردوە، کاتێك ئادەم لە تەنیایی خۆی وەڕس دەبێت، خودا لە پەراسووی چەپی ئادەم حەوا دروست دەکات، ئەوەش دواتر لە دەقە ئایینییەکان زۆر جوان رەنگی داوەتەوە.
من نامەوێ دوالیزمە ئاینییەکان بوروژێنم، بەڵام دەبینین فیکری یۆنان و فیکری سەدەکانی ناوەڕاست لە سەر دوالیزمە ئایینەکان بونیاد نراوە، (نێر/مێ) (چاکە و خراپە) (رەش و سپی)... جگە لە دابەشکردنی مرۆڤ بۆ: جەستە و رۆح، کە یەکەمیان هەڵگری لەناوچوونە و دووەمیان نەمرییە، وەك دەردەکەوێ ئەو تێروانینە بۆ جەستە لە ئاستێکی نزمی بیرکردنەوەدا خۆی دەبینێتەوە، بە بەراورد بە تێڕوانینی ئەمرۆ بۆ جەستە؟!
فیکری مۆدێرنە وەك درێژکراوەی دروشمەکانی رۆشنگەری، فیگۆری پیاو و نێرسالاری وەك ئیدۆل (-idolبت) و وەك ئەفسانەیەکی زیندوو و تەماشا دەکات، بۆیە پیاو و هەژموونی پیاو لە زیاد لە کایەیەك بازاڕی هەیە، لە بەرانبەر ئەوەشدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئافرەت لە دۆخێکی نێگەتیفدا دەبینرێ، وەك پاشکۆ، وەك پلە دوو، وەك بابەتی ئیرۆتیکی، سێکسی... بە کار دەهێنرێت، وەك چۆن دەتوانین لە پشت یارییە وەرزشییەکان و تۆپێن بە تایبەتی، لە پشت هەر یەك لە کاراکتەرە سینەماییەکانی وەك: (جیمس بۆند)ی هەواڵگری ئەمریکی و (دراکولا)ی خوێنمژ و (ڤیکتۆر فرانکشتایین)ی تۆقێنەر، شارلۆك هۆڵمز، دۆنجوان، تەرزان... ئافرەت وەك پاشکۆ و بەرکار بخوێنینەوە... هەڵبەتە بەشێکی گەورەی ئەو بیرکردنەوەیە هەر تەنها بە فیکرەی مۆدێرنەوە بەند نییە، بەڵکو بۆ پۆست مۆدێرنەش درێژ دەبێتەوە، بەڵام لە بەرانبەر ئەو بیرکردنەوە مۆدێرنەیە بە شێوەیەکی گشتی بزاڤی ئافرەتان کرداری تایبەت بە خۆیان نواندووە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری وشەی (woman - امراه) بکەین، دەبینین لە دەستەواژەی ( Woe to man- الویل للرجل) هەڵێنجراوە. جگە لەوەش تەماشاکردنی جەستە وەك چەمکێکی زیندوو، دەستکەوتێکە لە دەستکەوتەکانی بزاڤی ژنان، ئەگەرچی بزاڤی ئافرەتان لەو ناونانەی سەرەوە دووچاری پەرچەکردار بۆتەوە، بەڵام لە بیرمان نەچێ رۆڵی سەرەکییان لە بڵاوکردنەوەی ئاگایی لەبارەی تێگەیشتنی جەستە، جێگای شانازییە!
دەمەوێ بڵێم ئەگەر دوێنێ گوتاری فیکری بۆ تەماشاکردنی (جەستە) کەوتبێتە نێو سیستەمی ئەخلاقییەوە، ئەوە ئەمرۆ قسە لەوە دەکرێت، کە جەستە وەك شتێکی ماددی لە بنەڕەتدا لە هەموو بەها ئەخلاقییەکانەوە دوورە، نە پیرۆزە و نە پیس، بەڵکو ئەوە بەهای ئەخلاقییە خۆی بە جەستەوە هەڵواسیووە، بێگومان ئەوەش بۆ سرووشتی کۆمەڵگا و رۆشنبیریی نێرایەتی باو دەگەڕێتەوە.
کەواتە جەستە ئەو زیندانە نییە، وەك فەلسەفەی کلاسیکی تێیگەیشتووە، بەڵکو جەستە ئەو زەوییەیە کە بە ژیانەوە پەیوەستمان دەکات، زەوی یەکەمە کە دەبێ لەوێوە پێشوازی لە ژیان بکەین و لەوێوە مامەڵەمان لەگەڵ ژیان رێکبخەینەوە. جەستە ئەو پردەیە کە رابردوو و ئێستا و داهاتوو بەیەکەوە دەلکێنێ، ئەگەر قسەکردن تەعبیر لە فیکر بکات، ئەوە جەستە تەعبیر لە جیهان دەکات! دنیا و جەستە لەنێو بینراودان، کەواتە دەبێ واز لەو حوکمانە بهێنین کە جەستە دەخەنە نێو جیهان و بینین دەخەنە نێو جەستەوە، یان بە پێچەوانەوە، چونکە هەر یەك لە جیهان و جەستە بەنێویەکداچوونە، یەك لەنێو ئەویدیکەدا دەبینرێت.

**وشەی (ئافرەت)**

بە بڕوای فیمینستەکان بەشی سەرەکی کێشەکانی مرۆڤ لە جیهاندا راستەوخۆ پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە: ئازادی، یەکسانی، دادپەروەریی.. هەڵبەتە ئەوە بەشێکی زۆری لە راستی تێدایە، بەڵام لە بیرمان نەچێ ئافرەتان بە پێی ئەو کلتورەی تێیدا دەژین، کێشەکانیان جیاوازن، بۆ نموونە لە کلتوری رۆژهەڵات بە گشتی و کوردی بە تایبەتی لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی باوکایەتی و نێرایەتی زاڵە، بۆیە راناوی (نێر/ پیاو) دەسەڵاتێکی سەیری لە دەروون و بیرکردنەوە و وێناکردنی خەڵك و هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان تۆمار کردووە، پیاو هەموو سیفەتە پۆزەتیفەکانی کردۆتە موڵکی خۆی... عەقڵ و بیرکردنەوە و توانا و ئازایی و لێهاتوویی و سەربەرزی و....لە هەمان کاتتدا ئافرەتبوون یەکسانە بە: سۆز، ناسکی، دڵنەرمی، بێ دەسەڵاتی. لە نێو کوردا دەڵێن پیاوێکی عەقڵە، ئافرەتێکی بە سۆزە... پیاوێکی ئازایە و ئافرەتێکی بە حەیاو شەرمە ... پیاوبوون واتە دەسەڵات، و ئافرەتبوون واتە بێ دەسەڵاتی.

لە کلتوری کوردیدا، ئافرەت بە درێژایی مێژوو شێوەیەکە لە قوربانی، هەڵبەتە ئەو شێوەیە لە قوربانی پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ناونانی ئافرەتەوە هەیە، چونکە وشەی (ئاشتی) لە زمانی کوردیدا بە ئەسڵ واتای (ئافرەت) دەگەیەنێت، پاشان بە هۆی بە کارهێنانی خودی ئافرەت وەك نرخێکی ئاشتیانە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، وشەکە بە سەر ئەو ئاشتییەدا بڕاوە، کە ئەو واتایە دەدات، کە ئەمڕۆ ئێمە دەیناسین، ئەو وشەیە لە لایەن یەکێك لە گەلە کۆنەکانی کوردستان، کە لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین دەورێکی زۆریان لە کوردستانی کۆندا بینیوە، بە کار هێنراوە، ئەوانیش خوورییەکانن، خوورییەکان لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایین دەوڵەتی (میتانی)ان دامەزراند... لە (زمانی خووری)دا وشەی ئافرەت بە چەند شێوەیەك هەیە: ئاشتێ، ئاشتا، ئاشتی، کە مانای (ژن-هاوسەری مێینە)ی هەیە. هەر لەو کاتەوە ئافرەتیان وەك قوربانی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و جەنگەکان بەکارهێناوە، لەبری خوێن، لە بری سامان... ئەو بیرکردنەوەیە هەتا ئێستا لە کلتوری کوردی پانتاییەکی بەرفرەوانی داگیر کردووە، بەشێکی زۆری بەرگری کردن لەو فیکرەیە لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ رابردوو و رەسەنایەتی درێژە بە خۆیان دەدەن، گەڕانەوەش بۆ رابردوو لە نزیکترین پێناسەیدا پەیوەندی بە فەرامۆشکردنی فیکر و نەبوونی جیهانبینییەوە هەیە، وەك چۆن پەیوەندی بە نەبوونی بابەتبووندایە! بە مانا (هابرماسی)یەکەش کاتێك فیکر دەکەوێتە فەرامۆشییەوە، ئیتر تەواوی ئازادی و ئامادەیی خۆی لەدەست دەدات و ناتوانێت پارێزگاری لە خۆی بکات، هەر فیکرێك نەتوانێت پارێزگاری لەخۆی بکات و خۆی نوێ بکاتەوە و نەتوانێت ئامادەیی خۆی بسەپێنێت، ئەوە وەك بابەتیش لە بری ئەوەی وەك بکەر (active) دەربکەوێت، وەك رەمز (symbol) ئامادە دەبێت! دنیای رەمزی دنیای دەسەڵاتە، دنیای سیمبولەکانی باوکە، دنیای ئەویدیکەی گەورەیە... هەموو ئامادەییەکی رەمزیانە، هەموو ئامادەییەکی دەسەڵات... دەکەوێتە سەرووی واقیع و سەرووی پانتاییە حەرام و حەلالەکانەوە.

**وشەی (ژن)**

بیرکردنەوەیەك هەیە کە پێیوایە وشەی ژن لە ژینەوە هاتووە، واتە ئەو کەسەی کە ژیان بە خەڵك دەبەخشێت، ئەو ناونانە پشت بە زمانەکانی (رووسی و بولگاری) دەبەستێ، چونکە لەو زمانانەش بە ژن دەوترێ ژن... ئەو بیرکردنەوەیە پێیوایە وشەی ژن لە وشەی ئافرەت باشترە بە بەڵگەی ئەوەی کە زۆرینەی کورد کرمانجن و ئەوانیش وشەی ئافرەت بە کار ناهێنن بەڵکو ژن بە کار دەبەن، ژن بە مانای کابان، کاڤان دێت، وشەی (کا) بۆ گەورە بە کار دێت، تەنانەت لە سەردەمی ئەکەدییەکانیش (کا) بۆ گەورە بەکار هاتووە، ئەگەر بەردێك گەورە بێت دەڵێن (گابەرد).

کورد دەڵێ: شێرەژن، خاڵۆژن، مامۆژن، پیرەژن، باوەژن... وشەی ئافرەت ناتوانێ ئەو شوێنانە پڕ بکاتەوە. بەرانبەر ئەوەش ئەوانەی وشەی ئافرەت بە راست دەزانن، دەڵێن ژن تەنها بەوانە دەگوترێت کە شوویان کردووە، تۆ ناتوانیت بە کچێك بڵێیت ژن، یان منداڵی مێ؟!

بیرکردنەوەیەکی دیکە هەیە، کە راستی نە لە (ئافرەت) و نە لە (ژن)دا نابیننەوە، بەڵکو پێیانوایە وشەی (خوشکان) دەشێ بۆ منداڵ و هەرزەکار و ژن و پیرەژن... بە کار بهێنرێت. من قسە لەو بیرکردنەوەیە ناکەم، بەڵام وەك دەردەکەوێت لە نێوان بە کار هێنانی وشەی (ئافرەت) و (ژن) دوو بیرکردنەوەی جیاواز هەیە: یەکەمیان ئافرەت وەك قوربانی سەیر دەکات! دووەم ژن وەك بەخشینی ژیان دەبینێ! هەردوو بیرکردنەوە لەوێدا یەك دەگرنەوە کە (مێ) وەك بەرکار تەماشا دەکەن، نەك وەك کارا، ئەگەر بیرکردنەوەی یەکەم، پێیوابێ هەمیشە ئافرەت وەسیلە بووە بۆ گەیشتن بە ئاشتی و ئاشتەوایی، ئەوە جەوهەری ئەو بیرکردنەوەیە لەوێوە هەرەس دێنێ، کە هیچ نرخ و ئەرزشێك بۆ ئازادی و حەز و بڕیار و هەڵبژاردن ... ئافرەت دانانێ، بەڵکو ئافرەت دەبێ ملکەچ بێ و لە پێناو ئاشتی و سەلامەتی نێر واز لە بچووکترین مافە سەرەتاییەکانی خۆی بهێنێ، ئەو بیرکردنەوەیە لەوێوە شکست دێنێ، کە پێیوایە هەمیشە ئافرەت دەبێ وسبە لە ئامادەیی و وسبە لە بوونی خۆی بکات، و دیدوبۆچوونەکانی خۆی فەرامۆش بکات...

بەڵام بیرکردنەوەی دووەم ژن وەك کارگەیەك تەماشا دەکات، کارگەیەك کە باجی پێشکەوتنەکانی پیاو دەدات و چێژ و خۆشی بە ژیان و نێرایەتی دەبەخشێت، کارگەیەك کە جگە لە بەرهەمهێنانی منداڵ لە هیچ بوارێکی دیکەدا توانای ئامادەیی و داهێنانی نییە، مەبەستی من ئەوە نییە، وەك کاراکتەری (ڤیکتۆر فرانکشتاین) ئەو رۆڵە تەقلیدییە (traditional) لە ئافرەت بسێنینەوە، چونکە فرانکشتاین دەیەوێت هەم زرنگ بێت وەك پیاو، هەم رۆڵی ئافرەتیش ببینێ، واتە بێ ئەوەی ئافرەت بێت، مرۆڤێك بهێنێتە بوون!

کەواتە لە بیرمان نەچێ هەر تەنها ئایین نییە، ژنان بە هەموو مانایەك دەچەوسێنێتەوە، بەڵکو ئەوە بزاڤی کۆمەڵایەتی و سیاسیشە پەیڕەوی لەو چەوسانەوەیە دەکات، دەمەوێ بڵێم چەوسانەوەی ژنان هەر تەنها بە دیدی ئایینییەوە بەند نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە نایەکسانی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری. بێدەنگکردنی ژنان لە رووی قەدەغەکراوە رۆشنبیرییەکانەوە هێزی گەورەی هەژموونی دروشمەکانی رێنیسانس و مۆدێرنەی لە پشتەوەیە.

**مێینەیی**

**لە نێوان یەکسانی و جیاوازیدا**

(راچێل هۆڵمز) لە دەستپێکی ئەو فیستیڤاڵەدا گوتی: هیچ سیستمێك ناتوانێ هاوسەنگی بە دەست بهێنێت، ئەگەر بناغەی لەسەر (نایەکسانی) هێزەکانی دانرابێت. هەروەها گوتی ئێمە دەمانەوێت لە ئازادیدا یەکسان بین و دەمانەوێت لە سیستەمی پەتریاکی رزگار ببین.

لە دووتوێی ئەو پێشەکییە بیرم لە زاراوەی (رەگەز) کردەوە، کە ئاماژە بە جیاوازییە بایۆلۆژییەکانی نێوان ژنان و پیاوان دەکات، جیاوازی ئاشکرا لە ئەندامە سێکسییەکان، لە سکپڕی و منداڵبوون و زاوزێکردن، بەخێوکردنی منداڵ، بەرانبەر ئەوەش بیرم لەوانە کردەوە، کە بەرگری لە (یەکسانی) نێوان پیاوان و ژنان دەکەنەوە و پێیانوایە ئەوە ئەو جیاوازییەیە وای کردووە، ژنان لە پلەی دووەمدا بن؟!

دەمەوێ بڵێم لە ژێر زاراوەی (رەگەز) نە دەتوانین بەرگری لە (جیاوازی) بکەین و پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکان بکەین و بیپارێزین! نە ژن دەتوانی لەگەڵ پیاو یەکسان بێتەوە و خۆی وەك پیاو نیشان بدات! لێرەدا پێویستمان بە رێگای سێیەمە، چونکە دابەشکردن بەسەر یەکسانی و جیاوازی، دابەشکردنێکە باروودۆخی ئافرەتانی هەر وەك خۆی هێشتوتەوە... بۆیە پێویستە لە بری وشەی رەگەز زاراوەیەك بە کار بهێنین بۆ وەسفی ئەو تایبەتمەندییانەی کە پیاوان و ژنان هەیانە، بەڵام پەیوەندی بە جیاوازی ئەندامەکانیانەوە نییە، بەڵکو لایەنی نەفسی و کۆمەڵایەتی دەبنە پێکهێنەری ناسنامەی جێندەری ئەو کەسە، کاتێك لەمنداڵییەوە گەشە دەکات، بەو مانایەش زاراوەی (جێندەرGander) چارەسەری دوالیزمی یەکسانی و جیاوازی دەکات؟! هەر لە سەر ئەو بنەمایەش دەمەوێ لە بەشێك لەو قەسیدانەی خوێنرانەوە ئاماژە بەو تێگەیشتنە بدەم کە

هەڵگری لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی جێندەرن، ئەوانەیش کە نێرسالاری وەك ئامانج دەبینن:
(ئاماژەیەك)
لە شەوی رابردوودا
هەستم بە درێژبوونەوەیەك کرد لە دڵما
لەژێری قەفەسی سینگما
درێژبوونەوەیەکی وروژنێری گەڕۆك
نە لە هەناسەدان دەچێ و
نە لە تربەیەکی شەکەتی دڵ.
ئاماژەیەکی گیان بوو.
بۆیە ئێستا هەست بە هیچ ئاسایشییەك ناکەم
پێش ئەوەی بەندبکرێ و
کۆت بکرێ و
بخرێتە لانکی ئیسکەکانی کلۆتم
پاشڕا بخرێتە بەلەمی پزدانم..
هەمرە بە میهرەبانی هەڵیدەگرم
لە هەر ئینجێکی ماڵەکەم
گەرچی کات درەنگە لەم رۆناهییە درێژەدا
لە کەوانەی هەردوو باڵما و پێچگەی کەنداڵدا
کە ئاو کۆدەبێتەوەو
سووری شەفەق ئارخەیانە.

(جۆلیا کۆبۆس) وەك شاعیر هەوڵدەدات توانا و هەستی جیاوازی مێینەیی یان مێیایەتی بخاتە روو، هەستێك کە توانای جوانکردنی دنیای هەیە، وەك لە قەسیدەی (ئاماژەیەك) دیمان، هەروەها لە قەسیدەی (بوارێکی هەموار) مێینە ئەو کەسەیە کە توانای بەرەوپێشبردنی ژیان و ژیاری تێدا رەنگدەداتەوە، بەڵام لەو دیدەوە نا کە نێرێکی چڵێس وێنای دەکات، بەڵکو لەو دیدە کە مێیەکی داهێنەر دایدەهێنێ!
دڵنیایی
لە (خولی کۆچ)
پاش رۆژێکی درێژ
باوکم دەرگاکان و
پەنجەرەکان و
پەردەی پەنجەرەکان دادەخا
ئاری
دەنگی با و
پرسیاری دوێنێ دادەخا.
دایکم هەموو گڵۆبەکان خامۆشدەکا
لە هەر ژوورێك
لە هەر کانتۆرێك
تەلەڤزیۆن و رووناکی سووری بریسکەی دڵ و
دوامین ئەستێرەش خامۆشدەکا،
لەم ئاسمانە بیانییە هەرگیز..
ئینجا بە پەرۆشەوە

دەهەڵاژێن و
گوێ لە وراری زارۆکان دەگرن...
پاش بیست ساڵ
هەناسەدانی باوکم
لە چۆڕاوگەکانی ئەشکەوت و
وڵنگە دەچوو!
دایکیشم لە خەونەکانیا دەخەفێ و
جارێکی تر لەوەش خراپتر روودەدا
چیاکان گەمارۆمان دەدەن
هەناسەی دامێنەکانی رۆژانی گەنجی خەفەدەکەن و
ناوانێك و
شوێنانێك، کە پێیان وتمان: هەلوەدا،
هەمرەش ئێژین: هەلوەدا
ئەوسا
بە پەڕۆشەوە
لە سەر نوێنەکەم رادەکشێم و
گوێ دەگرم لە دەنگی بەفرە هەرە دوورەکان .
وەك دەبینین لە لای (کابکا کاسابۆڤا) نێر و مێ سەیرورەتی ژیان بەرێوە دەبەن! کاسابۆڤا دروشمی سەرەکی ژیاندۆستییە و پێمان دەڵێ: با بە پەرۆشەوە روو لە ژیان بکەین، چراکان بگەشێنینەوە، بەرەو داهاتوویەکی سپی...
چێشتگەی دایکم
هەمرە دەبمە میراتگری چێشتەگەی دایکم
هەندێك شووشەواتی درێژکۆڵە و بنێسن
هەندێکیشیان کورت و خەپەن
قاپەکانی لە تاخمە ناشیرینەکانن
پەرداخەکانی لە بۆنە جیاوازەکاندا بلەز کڕێنراون
قازان و پاتیلەکانی ژەنگاوین
دایکم ناتوانێت فڕێیانداتە دەرەوە
دەڵێت: " ئیتر هیچ مەکڕە"
" لەم نزیکانە هەموویان بۆ تۆ دەمێننەوە"
دایکم پلانێکی دیکە بۆ هەڵاتن دەڕێژێ
کە یەکەمجار بووە خاوەن خانوو
خانوویەکە، هەمرە ئاوەدانی دەکاتەوەو ناوماڵەی بۆ دادەنێ
لە (69) وە دایکم نیگەرانە، کە لە سیفرەوە دەسپێدەکا
ئەمە نۆیەمین جارە
باسی کەلوپەلە لەناوچووەکانی ناکا
کە چەندین جار ماڵ وحاڵی بەجێهێشتووە
بۆ هیچ شتێك هەست بە پەشیمانی ناکا
جگە لە دارمێوەکانی پێش حەوشە نەبێ
کە لەسەر کەپری هەیوانکەدا بڵاوبۆتەوە
دایکم هەمیشە دەسترا، تا ترێ پێ بگاو
کیسەی پەمووینی دەدووری تا لە هەنگ بیپارێزی!
ئەز دزانم

هەرگیز نابمە میراتگری درەختەکانی دایکم!
(چۆمان هەردی) پێیوایە خەونی مێینەی رۆژهەڵاتی، کوردی بە تایبەتی هەر لە یەکەم رۆژی بینیندا بە مردووی دێتە دنیاوە، مردووش جگە لە رابردوو نە ئێستای هەیە نە ئاینده، کەواتە ئەوەی کە مێینەی کوردی پێی دەڵێت خۆپارێزی لە نائومێدی و رەنجەڕۆیی... جگە لە وەهم، جگە لە خەونی خواستراو شتێکی دیکە نییە، مێینەی کوردی هەموو ئەو وەهم و خەونانە لە تورەکە دەکات، هەر یەکێك تورەکەی تایبەت بە خۆی هەیە، لەو تورەکەیە هیچ مێینەیەك نابێتە میراتگری مێینەیەکی دیکە، بەڵام هەموو دەبنە میراتگری واقیعی سەپێنراو و کەلوپەلی چێشتخانەکان و موبەقەکان، بڕوانە قەسیدەکانی بینیلۆپەکانی نیشتمانەکەم، چێشتگەی دایکم، هاوینە سەربان... ئەو رەشبینییەی چۆمان هەردی لە قەسیدەی (لاشەی کەسێکی مردووم)ی (سەمەرقەند ئەلجابیری) بە ترۆپك دەگات:
( لاشەی کەسێکی مردووم )
من چەندەکم
لە بازاڕدا شتم بۆ کڕیون
لە سەقم و سەرمادا بە تەنیا نانم دروستکردووە
و بەتەنیا
بە لەرزانەوە کاژێرەکانی سپێدەم بەسەربردوون لە مووبەقدا
لام نەکردۆتەوە ژیانی خۆم ....چاوەڕوانی بیستنی لاقرتێ و گاڵتەکردن بوویم
دوای ئەوە ئێوە چی چاوەڕێی دەکەن
من چەندەکم ....
قاپ و قاچاغ و چیەچی قیزەوونی ئێوەم شتوون
یارمەتی ئەو بەچکەمندالەم داوە لە ئەرکی ماڵەوەیدا
ئەو خاتوونەم فێرە درووما کردووە
لەگەڵ ئەمەشدا ، شتی دیکە هەن
بۆم هەیە دەستم لە ژێر بالووعە ساردەکە دابنێم
خەون بە دفنکردنت ببینم
چەندین خۆشییم هەن کە ناژمێردرێن
لە کن حەوزی شۆردن زیاد دەبن
و بزە دەمگرێ
و دیسا وەك چەندەکێك...
بە غەمبارییەوە ڕادەوەستم و جلەکان ئوتوو دەکەم
کەچی هێشتا زۆر ماوە
دەتوانم ئاو لە خۆم بچۆڕێنمەوە لەتەك ئەو جلانەی هەڵیان دێخم
خەیاڵی عومرێك دەکەم کە بە بێ زەردەی شکوربژێریی
وورده وورده لە چاو وون دەبێ و نامێنێ
لەوکاتەدا زەردەخەنە دەمگرێ.
مێینە لە رۆژهەلات هەموو ژیانی لە (موبەق) بەسەر دەبات و ئاوڕ لە ژیان ناداتەوە، لە بەرانبەر ئەوەدا خەونی مێینەی رۆژهەڵاتی لە قەسیدەکەی سەمەرقەند ئەلجابیری خەونی لەناوبردنی نێرسالارییە، بەڵام بەو خەونەدا دەڕوا و ورده ورده لەو خەونە ون دەبێ، ئەو خەون و ونبوونە جوانترین شتێکە کە مێینەی رۆژهەڵاتی پێشکەشی ژیانی دەکات، وەك لە قەسیدەی (کبریت) تەعبیری لێدەکات، بەڵام ئایا ئامادەیی مێینە لە واقیعدا ونبوونە لەو خەونانە، ئایا ونبوون لەو خەونانە بە قوربانی ناوزەد ناکرێت؟! لای هەر یەك لە (ئاوێزان نوری) و (رۆژ هەڵەبجەیی) نێر دنیایەکی پێچاوپێچە زۆر زەحمەتە لە دەستی دەرباز بیت، چونکە تەواوی ژیان لە ژێر هەژموونی ئەودایە، تەنها رێگا چارە ئەوەیە وەك (ئاوێزان) دەنگ

هەڵبڕی و بڵێیت بڕیار دەدەم، دڵم لە بەرد مارە بکەم.. بڕوانە قەسیدەی (تەوبە)... یان وەك رۆژە بڵێیت: تۆ لەقابیل بکوژتر بووی، جەلادێك بووی ناخی منت هەڵکۆڵی... (ئیلهام ناسر ئەلزوبێدی) لە قەسیدە جوانەکانی... دوو رووەمان نیشان دەدات، یەکەمیان ژیان بێ دەستلەملانێی جیاوازییەکان ئارامی بە خۆیەوە نابینێت، رووی دووەمی ئەگەرچی مەرج نییە، بە راستی پێویستت بە ئەویدیکە و ئامادەیی ئەویدیکە لە ژێر یەك (ناونیشان) هەبێت، بەڵام هەمیشە بوونی ئەویدیکەی جیاواز خۆشی و رەنگی و رەنگاو رەنگی دەنەخشێنێت.

باوکە
بەیانی جەژن دێت
و منیش
چاوەڕێی شەبەنگی تۆ دەکەم
بە هەوپای دەنگی تۆم
هاتوو لە بیرەروەریی
ملکەچی خەونەکانم دەبم ...
بەپێ دەڕۆم بەرەو باوەشت
لە ناو گەرمیی ئارامییدا نقوم دەبم
و دەچرپێنم
باوکە ...باوکە
ئەی کۆچکردوو
و لە دوورەوە هاتوو
هەموو ساڵێ تارماییت خۆی جەژنە.

دواجار لە کۆی ئەو قەسیدانەی کە ئاماژەم بۆ کردن و مێ نوسیویەتی، دوو دنیابینی و دوو بیرکردنەوە دەبینرێت، یەکەمیان خۆرئاواییە بەوەی کە گرفتی رەنگەکانی خۆی وەك (مێ) نیشان دەدات، دووەمیان خۆرهەڵاتییە بەوەی رەنگی ئەویدیکەی (نێر) زاڵە و مێ دەیەوێ لە ژێر ساباتی ئەو رەنگە بە خەون و خەیاڵ بژی... هەر بەو مانایەش لەسەرەوە گوتمان مێینەکان بە پێی ئەو کلتورەی تێیدا دەژین، کێشەکانیان جیاوازن، بەشێکی زۆری ئەدەب خۆی لەو تایبەتمەندییانەوە دەبینێتەوە، بەڵام بە ئاستە جیاوازەکانی چیگوتن و چۆنگوتن.

# (بەشی پێنجەم)
# چاوپێکەوتن

## قۆناغەكانی شیعری كوردی

## چاوپێكەوتنی دلاوەر رەحیمی و عەباس مەحمودی لەگەڵ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

**- بەو پێیەی كە جگە لە شیعر، ئەدەب بە هەموو ژانەرەكانییەوە لە نێو كورددا نوێیە، بۆ كورد قسەكردن لە قۆناغەكانی شیعری كوردی دەبێ ئاوەڕدانەوە و قسەكردنێكی جدی بێت. ئایا كورد توانیویەتی كاری جدی لەسەر قۆناغەكان بكات؟ بۆ؟**

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ مەسەلەی قۆناغبەندكردنی شیعری مەسەلەیەكی مێژووییە، پەیوەندی بە نوسینەوەی مێژووی ئەدەبی كوردیدایە، ئەوەی كە قسە هەڵدەگرێ قۆناغی شیعری (كلاسیكی) و (گۆران) و (روانگەیە)، بەڵام شیعری دوای روانگە دابەشی چەند قۆناغ دەبێ، ئەوە قابیلی مشتومڕی زۆرە، رەنگە هەندێ بیر لە قۆناغی شیعری هەشتاكان و دوای راپەڕین بكەنەوە.

من بە شێوەیەكی گشتی لەگەڵ ئەو شێوە باوە لە قۆناغبەندكردندا نیم، چونكە پێموایە قۆناغبەندكردنی شیعری كوردی هەر تەنها بەرهەمی شیعری ناگرێتەوە، بەڵكو دەبێ هەوڵبدەین وەرگر و خوێنەرانیش لەو مەسەلەدا بەشداری خۆیان هەبێت، بەو مانایەش ئەوەی مێژووی ئەدەبی دەنوسێتەوە، پێویستە هەر تەنها جەخت لەسەر بەرهەم و دانەر نەكات، بەڵكو جەخت لە پرۆسەی وەرگرتن بكاتەوە، بە دیوەكەی دیكەش جەختكردنەوە لە خوێنەر و وەرگر جەختكردنە لە پرۆسەی تێگەیشتن، كە لە رێگای خوێنەر یان كۆمەڵێك لە خوێنەران ئەنجام دەدرێت، لەو حاڵەتەش شیعر تەنها وەك وجودێكی بابەتیانە سەیر ناكرێ، بەڵكو ناسنامەی دەق بە ناسنامەی پێشوازیكەران و پرسیار و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانییەوە دەناسرێتەوە، یان وەك (یاوس) دەڵێت مێژووی ئەدەبی پشت بە حەقیقەتە ئەدەبیەكان نابەستێ، بەڵكو پشت بە ئەزموونی پێشووی خوێنەران و كاری ئەدەبیەوە دەبەستێ، لێرەدا خوێندنەوە خاڵی دەستپێكردنی لە ساتەوەختی ئێستا دەست پێناكات، بەڵكو زۆر لەوە كۆنترە.. پێشبینەكانمان بۆ دەق بەردەوام دەكەونە بەر گۆڕان، هەمیشە ئەو تێڕوانین و بۆچوونانەی بەرگریمان لێدەكردن گۆڕانیان بەسەردا دێت... بە كورتی دەمەوێ بڵێم ئەدەب و خوێندنەوە پرۆسەیەكی بێ پسانەوە و بەردەوامە، بەدیوەكەی دیكەش ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لە گۆڕانی بەردەوامدایە، چونكە هەموو سەردەمێ پرس و دنیابینی خۆی بەرجەستە دەكات، ئەوەش روویەكی دیكەی مێژووی ئەدەبە، ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە بیر لە قۆناغبەندكردنی شیعری كوردی بكەینەوە، ئەوە دەبێ بڕوامان بەوە بێ، كە چەند شكاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی بەهێز بێ، ئەوەندە بەها و بونیادی دەق بەهێز دەبێت. بە بڕوای من پرسیاری سەرەكی لە قۆناغبەندكردنی شیعری دەبێ لە تێكشكانی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و پرس و دنیابینی دەق بكۆڵێتەوە.

لێرەوە ئیتر كاری ئەدەبی خۆی لە ماددیەتی گوتن دەرباز دەكات و بوونی خۆی لە دەنگدانەوەی پرسی جیاوازی خوێنەران هەڵدەگرێتەوە، مێژووی ئەدەبی لە پرۆسەی وەرگر و بەرهەمی جوانی لە ئاستی خوێنەر و رەخنەگر و دانەر یان بەردەوامی بەرهەمی ئەدەبیدا خۆی دەدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو تێگەیشتنەی رابردوو شیاوی سەردەم بێ (یاوس) رێكخستنی رابردوو و ئێستا لە چەمكی (ئاوێتەبوونی ئاسۆكان) دەخەملێنێ. ئەو خەمڵاندنە جگە لەوەی هونەركاری و جوانكاری ئیبداعی، لە رێگای جۆرەكانی وەرگر و خوێنەر و ئاستەكانی خوێندنەوە دەستنیشان دەكات، لەگەڵ ئەوەشدا پرس و دنیابینی سەردەمی ناوبراویش دەخاتە بەر رۆشنایی و بەدواداچوونی جیاوازەوە.. هەڵبەتە دەمەوێ بڵێم ئامانجی ئەو تێزەی رەخنەگری ئەڵمانی، خەڵقكردنی پڕشنگێكی نوێیە لە مێژووی ئەدەبی كە جەخت لە تەئویلكردنی ئەدەبی لە ساتەوەختی (پێشوازیكردن)ی مێژووییانە دەكاتەوە.

لێرە دەشێ پرسیارەكە ئەوە بێ، ئایا ئێمە دەتوانین قسە لەو شێوە بیركردنەوەیە بكەین، ئایا هیچ كاتێك مێژوونوسانی ئەدەبی كوردی بیریان لە پێشوازیكردنی وەرگر و خوێنەری جیاواز و ئاستەكانی خوێندنەوە و رەخنە كردۆتەوە؟ ئەو پرسیارە هەر تەنها ئەوەی وەك مێژووی ئەدەبی

کوردی نوسراوەتەوە ناخاتە بەر رەخنەی فرە رەهەندەوە، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکان هەموو (مێژوویی ئەدەبی کوردی نوسراو) بەتاڵ دەکاتەوە، لەوێوە کە بڕوای بە خوێنەر و وەرگری جیاواز و دنیابینی جیاواز و ئاستی جیاوازی خوێندنەوە نییە، لەوێوە کە یەك شێوەی لە بە تەمابوونی خوێنەرانی بەدوای خۆیدا کێش کردووە، یەك پرس و دنیابینی پەڕگیری هەڵناوە، لەوێوە کە هەمیشە لە جەماوەرێکی یەك رەنگ هەڵقوڵاوە و بڕوای بە فرە رەنگی و فەردانیەت نەبووە، یان بەلای کەمی بڕوای بە ئاستەکانی خوێنەری جیاواز و خوێندنەوە جیاوازەکان نەبووە، بێگومان هەتا ئێستاش ئەو بیرکردنەوەیە باوی هەیە، لەوێوە کە نەیتوانیوە بڕوا بە خوێنەری جیاواز و پرسی جیاوازی دەق بکات، لەوێوە کە یەك جۆر لە خوێنەرانی بەرهەم هێناوە، خوێنەرانێك کە ئاستی خوێندنەوەیان لە ئاستی عەقڵانیەتێکە کە کۆ بڕیاری لەسەر دەدات، یان بە مانایەکی دیکە ئەدەبی کوردی جەماوەرێکی زێتر مەبەستگەرای بەرهەم هێناوە.
کەواتە ئەو قۆناغبەندییانەی هەتا ئێستا بۆ شیعری کوردی کراوە، لەوێوە دەشێ ئەرزشی ئەدەبیانەو ئاستی هونەری و جوانی لە دەست بدات، کە هەرگیز بیری لە جیاوازییەکانی خوێندنەوە نەکردۆتەوە، هیچ کاتێك وێڕای مێژووی شیعر و قۆناغەکان، قسەیان لە کۆی ئاستەکانی وەرگر و خوێنەر و ئاستەکانی خوێندنەوە جیاوازەکان نەکردۆتەوە، کە ئەوسا و ئێستای ئەدەبیی هێناوەتە بەرهەم.. بۆ نموونە قسەکردن لە روانگە وەك قۆناغێکی نوێی شیعریی کوردی، قسەکردن نەبووە لە خوێنەران و ئاستەکانی خوێندنەوە و رەخنەگرانی روانگە، مێژوونوسێکی ئەدەبی نەهاتووە لەگەڵ بەرهەمەکانی روانگە، قسە لە وەرگرە جیاوازەکان و بیروڕا و رەخنەکانی بۆ نموونە (فواد مەجید میسری) بکات..
ببورن کە من لەو بارەوە ناتوانم قسە بکەم، چونکە ئەو شێوەیە لە قسەکردن پێویستی بە بەڵگە و پشتڕاستکردنەوە و بەدواداچوونی ورد هەیە، بەڵام دەتوانم بڵێم قسەکردنی رشت لەبارەی شیعری کوردییەوە قسەکردنە لە وەرگر و خوێنەر و رەخنە و بیروڕای جیاواز و پرس و دنیابینی جیاوازی دەق، قسەکردنە لە هونەرکاری و ئاستەکانی مەعریفەی شیعری هارمۆنیای رەگەزە شیعرییەکانی دەوروبەر و دنیا، قسەکردنە لە ناسنامە جیاوازەکانی سەردەم...

**- ئاخۆ لە چ قۆناغێکدا کورد توانیویەتی شوناس بۆ خۆی دروست بکا؟ ئایا شتێک هەیە بە ناوی شوناسی شیعری؟ یان بێ ناسنامەیی ؟**

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ بە بڕوای من لە دنیای ئەدەب و نوسیندا شتێك بە ناوی رەسەنایەتی بوونی نییە، چونکە هەمیشە ئەدەب و بیرکردنەوە بڕوای بە سنوردارکردن و چوارچێوەی دیاریکراو و جوگرافیای دیاریکراو نییە، جوانی ئەدەب لە تێپەڕاندنی سنورەکاندایە، لە تەجاوزکردنی رەنگ و ناسنامە و خودەکاندا دنیای خۆی هەڵدەنێ... لە دنیای ئەدەب ئەوەی کەسایەتی خودی و ناسنامە بونیاد دەنێ، خوێندنەوەیە.. خوێندنەوە بەرەو هوشیارییەکی خودی قوڵترمان دەکاتەوە و یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە دنیابینییەکی قوڵتر لە بارەی ناسنامەی تایبەتیمانەوە، دەمەوێ بڵێم کاتێك دەخوێنینەوە ئەوە ناسنامەی خۆمان دەخوێنینەوە.
لە (فۆکۆ)وە چەمکی (من) دووچاری رەتکردنەوە بووە، بۆ ئەوەی لە رێگای ئەویدیکەوە دەق بخرێتە بەر خوێندنەوە و نوسینەوەی فرە رەهەند و فرە رەنگ، بۆ ئەوەی لە رێگای ئەویدیکەوە بخوێنرێتەوە، بۆ ئەوەی دەق ببێتە موڵکی ئەویدیکە، ئەویدیکە بەشداری لە داهێنانیدا بکات، ئیتر لێرەوە منی (دیکارت)ی هەڵوەشایەوە و لەشوێنی ئەو چەندان (من) هاتنە قسەکردن..
دەقی ئیبداعی بەردەوام لەگەڵ دامەزراوە جۆراوجۆرەکان لە ململانێدایە، دەقی ئیبداعی هەرگیز خاوەندارێتی قبوڵ نییە، چونکە خاوەندارێتی لە رێگای ئەوەی کە هەیەتی کەڵەگایی دەسەپێنێ، ئەگەرچی سەرەتای خاوەنداریەتی بەپێی پێداویستییە کۆمەڵایەتی بووە و لە زەرورەتێکی ئاسمانی سەری هەڵداوە، بەڵام لە جەوهەردا زۆرداری بووە و پاشان بە پیرۆز کراوە. وەك دەزانین بەر لەوەی رۆلان بارت مەرگی دانەر رابگەیەنێت، نوسەر لە رێگای بوون بەخاوەنی دەق تەقدیس دەکرا، ئەمجۆرە لە بیرکردنەوە لە بارەی چەمکی خاوەنداریەتی دواتر بووە ئایدۆلۆژیا و یاری بە چارەنوسی خەڵك و دنیا کرد. هەڵبەتە ئەمڕۆ لە ڕێگای شۆڕش و

تەکنیکاری و هەڵایسانی مەسەلە رۆشنبیرییەکانی دیکەی ژیان، لە رێگای داهێنان و فەلسەفە و هونەر، مرۆڤێك هاتۆتە ناوەوە کە بەردەوام بەرانبەر عەقڵیەتی دوالیزمخواز و مەرگدۆست و فیکری ترانسندنتالی و گوتارە ئایرۆنیە چەوسێنەرەکانی دیکە لە رابوونەوە و داهێنان و نوێبوونەوە دایە.
کەواتە هەمیشە سنورەکان ئەدەب و شیعر، پەڕگیری و بڕوانەبوونە بە داهێنان رەنگی دەکات، هەمیشە داهێنان دەکەوێتە ئەو دیوو سنور و هەمیشە داهێنان لە گەیشتن بە جیاوازی بوونی خۆی بەرجەستە دەکات. دەمەوێ بڵێم شوناسی شیعری، مەعریفەی شیعرییە کە دنیای ئەدەب بە هەموو رەنگەکانییەوە بەشداری تێدا دەکات. داهێنان دەکەوێتە سەرووی قۆناغەکان و سەرووی مـن و عەقڵیەتـی دوالیزمخـواز و سـەرووی گەل و نەتەوەیەکـی دیـاریکراو و فیکـری ترانسندنتالییە..
دەشێ ئەو قسەی تۆ بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندی بە دەوڵەمەندبوونی ئەو زمانەوە بکات، کە داهێنانە ئەدەبی و فەلسەفییەکانی لەخۆ گرتووە، بەو مانایەش دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری قسەکردن لە داهێنان قسەکردنە لە دنیایەکی بەرفرەوان و بێ سنور و رەنگاوڕەنگ.. بە دیوەکەی دیکەش هەموو زمانێك لە جیاوازبوونی لەگەڵ زمانێکی دیکە خۆی دەدۆزێتەوە بەڵام داهێنان لە نەتەوە و گەل و نیشتمانێك و رەنگێکی دیاریکراو و فیکری دوالیزمی و پیرۆزی.. قەتیس نابێ، بەڵکو لە کۆی جیاوازییەکاندایە، هەرگیز بڕوای بە ناسنامەیەکی یەك رەنگ و دیاری کراو نییە، بەڵکو لە ئەویدیکەی جیاواز خۆی هەڵدەگرێتەوە. هەمیشە ناسنامەی ئەدەبی بە گشتی گەیشتنە بەشێوازێکی دیکەی جوانتر لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و دنیا. بۆ نموونە: رامبۆ هەر تەنها فەرەنسییەکان شانازی پێوە ناکەن، بەڵکو تەواوی خوێنەر و وەرگری دنیای ئەدەب و فیکر و داهێنان شانازی پێوە دەکات، بەو مانایەش رامبۆ بەر لەوەی ناسنامەی فەرەنسییەکان بێ، ناسنامەی داهێنان و دنیای داهێنانە...
**- یەکێک لەو بۆچوون و ڕەخنانەی ئێستە لە بارەی شیعری کوردی لە ئارادیە، ئەو ڕەخنەیەیە کە شیعری ئەمرۆ بەرهەمی نائومێدی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە، بەڵکو لە ژێر کاریگەری تیۆرە و ئەزموونی دەستی دووەمدایە(بە زۆریش ئەزمونی فارس) و تاڕادەیەکیش ڕۆژئاوا. ئێوە وەک ڕەخنەگرێکی جدی لەو بارەیەوە چی دەڵێن؟**
عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ ئەو شێوە قسەکردنانە لەوێوە کورتی دێنێ کە گشتگیرانە دێتە گۆ، لەوێوە کە رەش و سپی بەیەکدادەدات، لەوێوە کە کوێرانە لە درزێکی بچووکەوە پێیوایە هەموو شیعری کوردی لێدیارە، چۆن دەکرێ بە ناوی شیعری کوردی قسە بکەین کە تەنها ئاگامان لە بەشێکی زۆر بچووکی هەیە، بە دڵنیاییەوە ئاگامان لە بەشێکی زۆر بچووکی هەیە لەو هەرێمەی کە تێیدا دەژین، ئایا دەکرێ لەو بەشەوە قسە لە کۆیی شیعری کوردی بکەین؟!
کەواتە ئەو بیرکردنەوەیە زۆر گشتگیرانەیە و زێتر لە حوکمدان نزیکە، پاشان لەگەڵ کۆی ئەو قسانەی من، بە گشتی پرۆسەی نوسین پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرەرەهەندە، دەشێ بەشێکی ئەو قسەیە بەرانبەر شیعری قۆناغێکی دیاریکراوی هەرێمێکی دیاریکراو راست بێ، ئەگەرچی هەموو راستی نییە، چونکە چۆن ئەو بیرکردنەوەیە بۆ نموونە لەسەر (شێرکۆ بێکەس) جێ بەجێ دەکەیت، ئایا دەتوانی شیعری شێرکۆ بخەیتە دەرەوەی ئێستای شیعری کوردییەوە؟
پاشان تەماشاکردنی ئەدەب وەك کاڵا، تەماشاکردنێکە تا سەر ئێسقان خەیاڵ کوژ.. دەشێ لە بازاڕی کۆنەفرۆشان قسە لە دەستی یەك و دوو بکەین، بەڵام ئەو شێوەیە لە قسەکردن لە کوێوە پەیوەندی بە داهێنانەوە دەکات، لە کوێوە بە جورئەتی ئەدەبی و رۆحی سەرکێشانەی ئەدەبەوە دەلکێ، لە کوێوە بە پرسی سەردەم دنیابینی و ئاستە جیاوازەکانی ئەدەبیەت و زمان و وەرگرەوە بەندە؟!
**- فیکر لە شیعری ئەمڕۆدا کەمتر هەستی پێ دەکرێ، هەست دەکرێ کە هێشتا ئێمە لە دۆخی (سانتی مانتالیسم)ین، زۆر بە کەمی ڕوودەدات پاش خوێندنەوەی شیعرێک، فەزا و فیکری**

**ئەو شیعرە بمانخاتە بیرکردنەوە، یان تەنانەت دڵمان پێی خۆش بێت، ئێوە چی دەڵێن؟ چۆن لە دۆخە دەربازمان دەبێت؟**

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ ئەو قسەیەی تۆ هەوڵێکە بۆ وەلاخستنی سانتی مانتالیسم و راستەوخۆ پەیوەندی بە فیکرەی پۆست مۆدێرنەوە هەیە، بەڵام وەك هایدگەر دەڵێ ئێمە مرۆڤین و پەیوەستین بە مرۆڤەکانی دیکە و دنیای هەستپێکراوەوە، ئەو بە کۆمەڵایەتی بوونە و بە مێژووبوونەی هایدگەر قسەی لێدەکات بە مێژووبوونێکی دەرەکی نییە، بەڵکو خودی و ناوەکییە، بەڵام دەبێ بزانین ئەو خودی و ناوەکییە چ مانایەکی لەخۆدا هەڵگرتووە؟ هەڵبەتە بەو مانایەی کە ئێمەی مرۆڤ دەکەوینە نێو زمان، بەو مانایەی کە زمان ماڵی بوونە، هەر لەوێشەوە جیهان لە ئێمە دابڕاو نییە، جیهان ئێمە پێکدەهێنێ و ئێمەش لە رێگای ماناوە جیهان پێکدەهێنین و بوونی ئێمە بەشێکە لەو، کەواتە هاوسۆزی کۆمەڵایەتی و هاوژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە گەرم و گوڕەکان بەشێکە لە هەستی مرۆییانە، بە دیوەکەی دیکەش رەگەزێکە لە رەگەزەکانی شیعر. دنیای ئەدەب و فیکر نە دنیای شتە باوەکانە نە دنیای هەنووکەی لە دەستچوو، دنیای ئەدەب و فیکر نە سەر بە رابردووە و نە ئێستا، دنیای ئەدەب و فیکر هیچ کاتێك ناکەوێتە دەرەوەی مرۆڤەکانەوە، مرۆڤیش هەمیشە لە نێو ئێستا و رابردوو بە شێوە جیاواز و پرسی جیاواز و تێگەیشتنی جیاواز، هاوژیانی دەکات.

شیعر لە کۆمەڵێك رەگەز پێکهاتووە و یەکێك لەو رەگەزانە رەگەزی ئیحساسگەراییە، راستە بەها و ئەرزشی دەقی باڵا هەرگیز پەیوەندی بە باڵادەستی رەگەزێکی دیاریکراوەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بەرزکردنەوەی ئاستی جوانی کۆی رەگەزەکانەوە دەکات.

بەڵام ئەوەی هەمیشە لەو دەڤەرەی ئێمە شوێنی زیاد لە پێویست داگیر دەکات، وەك خۆت گووتت هەستگەراییە، نەك فیکرگەرایی، بێگومان ئەو شێوەیە لە بیرکردنەوە بە مێژووی رۆژهەڵاتەوە دەلکێ، هەمیشە مرۆڤی رۆژهەڵاتی هەست پێش بیرکردنەوە دەخات، رەنگە ئەو قسەیە بمانخاتە نێو کێشەیەکی فەلسەفی ئەویش جەوهەری بیر و هەستە.. بەڵام بێگومان لە بارەی هەستگەرایی خۆرهەڵاتی و بیرگەرایی خۆرئاوایی گفتوگۆی فیکری و فەلسەفی زۆر کراوە، کە تەنها بە ئاماژەکردنێك دەشێ وێنەیەك لە وێنە بەرجەستەکان وەبیر بهێنینەوە.

ئەگەر لەو بارەوە قسەیەکم هەبێ ئەوەیە، کە لە دنیادا زمانی بێ فیکر بوونی نییە. بەڵام ئەو قسەیەی من لەسەر خۆرهەڵات و خۆرئاوا کردم زێتر مەبەستم تیۆریزەکردنی فیکر بووە، ئەگینا تۆ ناتوانی قسە لە زمان بەبێ فیکری ئەو زمانە بکەیت، بەڵام دەشێ قسە لە شیعری خۆرهەڵاتی بکەیت بەوەی توانیویەتی رەگەزی هەست لە هەموو رەگەزە شیعرییەکانی دیکە زێتر بەرجەستە بکات، دەشێ ئەوە لە شیعری خۆرئاوایی پێچەوانە بکەوێتە، لە هەردووکیاندا کیشەی خۆی هەیە، چونکە ئیبداع هەرگیز رەگەزێك ناخاتە پێش یەکێکی دیکەوە، بەڵکو لە بەرجەستەکردنی ئاستی جوانی کۆی رەگەزەکان دێتە بەرهەم، شیعرییەت لەسەر لێکخشان و ئاوێتەبوون و هاوگونجانی رەگەزە شیعرییەکان خۆی دەبینێتەوە، مەعریفەی شیعری پەیوەندی بە بەرزراگرتنی ئاستی جوانی و مانا و چێژ دایە.. کەواتە نە هەست بە تەنها شیعر بەڕێوە دەبات، نە فیکر... جگە لە هاڕمونیەت لە شیعردا باڵا دەستی هیچ رەگەزێك قابیلی قبوڵ نییە.

- هەروەک دەزانن، ئێستە لە نێو ئیدعا و بۆچوونی لاوەکاندا، باس باسی تێکشکانی زمان و شیعری ئاڵۆزە، لە کاتێکدا وەک هەندێ ڕەخنەگر و شاعیری نەوەی پێشوو بۆی چوون، زۆر بە کەمی ئاگاییان لە زانستی زمان و تیۆرەکانی ئەدەبی نوێن، بە حوکمی ئاگایی و خوێندنەوە و ڕەخنەکانتان لەسەر شیعری نوێی کوردی، چۆن ئەم ئیدعا و بانگەشانە هەڵدەسەنگێنی؟

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ دیاردەی تێکشکاندنی زمان و تەقینەوەی زمان و تەمومژی شیعریی.. قسەوباسی زۆری لەسەر کراوە، بە باگکراوەندی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئاستی مەعریفی جیاواز. بەڵام پێویستە بزانین دید و بۆچوونی جیاواز، لە هەڵدانی وشە و دەستەواژاوە و چەمکدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لە پێداویستی مەعریفی و رۆشنبیریی سەردەمەکەیدا خۆی دەنوێنێ، بە ئەزموون و دنیابینی سەردەمەکەیەوە بەندە.

ئەوەی ئەمڕۆ وەك بنەڕەتی شیعری نوێ قسەی لێدەکرێ، کرانەوەیە، یان بە مانایەکی دیکە دەقی کراوەیە، دەقی کراوە بە پێچەوانەی دەقی داخراو توانایەکی بێ سنوری بۆ کرانەوە هەیە، هەر لە رێگای ئەو توانایەوە خوێنەر بەردەوام پێوانە ئیستێتیکییەکانی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە. هەڵبەتە ئەو شێوەیە لە قسەکردن راستەوخۆ پەیوەندی بە فیکری پۆست مۆدێرن و شەفافیەت و هاوژیانی و مەسەلە دیموکراسییەکانی دیکەوە هەیە، دەمەوێ بڵێم هەڵقولاوی هەلومەرجی ئێستای ژیان و عەقڵانیەتی سەردەمە. بە دیوەکەی دیکە لە پشت ئەو تایبەتمەندییە شیعرییە سیستمێکی تایبەتی لە بیرکردنەوە، لە دنیابینی و زمان و تەعبیرکردن وەستاوە. لە پشت دەقی کراوە مەعریفەیەکی شیعری کراوە قسە دەکات، کە پێیوایە دەق بەبێ خوێنەری جیاواز بوونی نییە.
کەواتە ئەوەی ئەمڕۆ زێتر جێگای قسەلێکردنە تێکشکاندنی زمان و تەقینەوەی مانا و تەمومژ نییە، بەڵکو مەعریفەی شیعریی و دنیابینی و بەرزکردنەوەی ئاستی ئیستێتیکای زمانە، ئاستە بەرزەکانی خوێندنەوە و هەڵوەشانەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیە، ئەوەی ئەمڕۆ شوێنی دیاردە شیعرییەکانی دوێنێی گرتۆتەوە داهێنان و جوانکاری و وەرگرە، چونکە ئامانجی شیعر بە تەمومژ و روونییەوە بەند نییە، بەڵکو لە هەنگاونان بەرەو ئیبداعدا خۆی دەدۆزێتەوە. بەو مانایە هەموو ئەو دیاردە شیعرییانەی دوێنێ جێگای قسەوباس بوو، ئەمڕۆ بە کۆمەڵێك شێوەی جۆراوجۆر تیۆریزەکراوەو بۆتە مۆرکی زمانی شیعریی و داهێنان و وەرگر..
لێرەوە هەموو ئەو بانگەشانەی بۆ شیعر و ئەدەب لە ئارادایە، هەموو ئەو توندوتیژییانەی بەرانبەر دوێنێی فیکر و ئەدەب و هونەر دەکرێ... بە بڕوای من کەمترین پەیوەندی بە زمانی داهێنانەوە دەکات و هەمیشە دەکەوێتە دەرەوەی پەیوەندییەکانی داهێنان و جوانکاری و هونەرەوە..
**-بەشێک لە شیعری نوێی کوردی بە تایبەت هەشتاکان و سەردەمی روانگە پێکهاتووە لە ئەدەبی مقاومە (بەرگری) ئاخۆ ئەدەبی بەرگری لە کوێی ئەدەبی کوردیدایە؟ چۆن ئەدەبی مقاومە جیا دەکرێتەوە؟ یان ئاخۆ ئەدەبی مقاومە قۆناغێکە لە ئەدەب دەبێ ئەدەبی نەتەوەیەک تێی پەڕێنێ؟ ئێوە لەو ئەدەبەی کە لە کوردیدا ناونراوە ئەدەبی مقاومەی کوردی رازین؟ ئایا خودی ئەدەبی مقاومە شوناس نادات بە ئەدەبی نەتەوەیەک، وەک ئێوە لە پرسیای پێشوتردا رەتتان کردووەتەوە؟**
عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ شیعری بەرگری بەو وەسفەی کە تەعبیر لە هەڵچوونێکی دەروونی و رۆحی و هەڵوێستی شۆڕشگێرانە دەکات، بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان و نەتەوە و مرۆڤی ستەمدیدە، گوتارێکە رووبەڕووی داگیرکەر و زۆرداران دەکرێتەوە.. شیعری بەرگری بەو مانایەی کە داکۆکیکردنە لە هەستی ناسیونالی و ویژدانی زیندووی ئینسان، بەو مانایەی کە هەڵگری جۆش و خرۆش و یاخیبوون و پەیامی ئازادییە، پارێزگاری لە مانەوە و جیاوازی و سەربەستی دەکات.. راستە دەچێتە نێو هەڵوێست و هەژان و پەرچەکردارەوە، دەچێتە نێو کردارێکی فیسیۆلۆجی و بەرگریکردنی دەروونی و سیاسی و ئابورییەوە. پەرچەکردارە بە دژی هەژموون و کەلەگایی، بەرگریکردن لە بیروباوەڕ، هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانە و ژیاندۆستانەیە... هەڵبەتە دەشێ پێچەوانەکەشی راست بێت، دەمەوێ بڵێم شیعری بەرگری لە کۆنتێکستە کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسیەکەی شیعری مانەوە و بیروباوەڕی شۆڕشگێرانە و رەمزی جیاوازی و پاڵەوانیفی و توندوتیژییە... وەك چۆن لە کۆنتێکستە ئیستێتیکی و هونەرییەکەیدا زێتر بەلای گوتاری راستەوخۆ و راشکاویی و مانای دروشمئامێز و بەرجەستەکردنی پەیام و رۆحی بەرپەچدانەوەدا دەکەوێتەوە، تەعبیر لە ئازادی و هەستی وروژاو دەکات.
ئەگەر لەو قسە ساکارانەی منەوە سەیری ئەدەبی بەرگری کوردی و گوتاری مانەوە بکەین، دەبینین کەمخوێن و هەژار دەکەوێتەوە، تۆ واز لەوە بهێنە کە دەڵێ هەتا ستەم بمێنێ شیعری بەرگری هەر دەمێنێ، وەرە بە گشتی سەیری (ئەدەبی بەرگری کوردی) بکە لەوەی پێی دەڵێن

ئەدەبی رابوونەوە، یان (شۆڕشی کوردی) بۆ نموونەی لە شۆڕشی شێخ مەحمود، یان مەلا مستەفای بارزانییەوە... ئایا دەتوانی ئەدەبی بەرگری وەك هەڵوێستێکی ئینسانی رێکوپێك و دەنگی ئازادی نیشانی ئەویدیکەی کوردی بدەیت، کە تەعبیر لە هەستی کوردایەتی و هەستی یاخیبوون و ویژدانی مرۆیی و پەیامی ئەو شۆڕشانە بکات؟

بێگومان هەموو یاخیبوونێك، هەموو بەرگریکردنێك لە بەها مرۆییەکان و هەموو بەرجەستەکردنێکی جیاوازییە جۆراوجۆرەکان جۆرێکە لە هەڵوێست و پەرچەکردار.. رووبەرووی ئەویدیکەی داگیرکەر و ستەمکار.. بەڵام من بۆیە شۆڕشی کوردی دەخەمە نێو دوو کەوانەوە، چونکە پێموایە چەمکی شۆڕش وەك دەرئەنجامێکی لۆجیکانەی یاخیبوون، هەر تەنها نواندنی پەرچەکردار و نکۆڵیکردن و دژبوونەوە نییە، بەڵکو وەك گونجاندنی بیرۆکە و سیستمێکی دیکەی جیاوازی نێو ئەزموونی مێژوو سەیری دەکەم. بێگومان خەباتی چەکداری کوردی ئەگەرچی بە هەموو برینەکانییەوە ژیانی قبول کرد و رێگای بە ئەویدیکەی زۆردار و داگیرکەر و ستەمکار نەدا دەست بۆ سارێژکردنی زامەکانی بەرێت، لەگەڵ هەموو ئازار و هەموو یاخیبوونەکانی خۆی ژیا، بەڵام وێرای هەموو ئەوانەش بە شێوەیەکی سەیر هەمیشە دژ بە دۆخەکەی خۆی رابۆتەوە.. دەشێ لێرەدا پرسیار ئەوە بێ، ئایا شۆڕشی کوردی و ئەدەبی بەرگری کوردی لە دووتوێی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا توانی (بۆ نموونە) ئەو رستە ئاراستەی داگیرکەر (سەدام حوسێن) بکات و بڵێ ئەوەی پێشمەرگە لەو چیایانە پێی هەڵساوە تەنها یاخیبوون نییە، بەڵکو شۆڕشی کوردییە؟

لەسەر ئەو بنەمایە بە بڕوای من ئەوەی کە پێی دەڵێن ئەدەبی مقاوەمەی کوردی وەك چۆن لە رووی پەیام و چۆنیەتییەوە هەژارە، لە رووی گوتار و چەندایەتییەوەش وەك پێویست نەیتوانیوە خۆی کۆ بکاتەوە، بەڵکو بەشێکی زۆری وەك رەمز و پاڵەوانێتی سەر ئاو کەوتووە. من نکۆڵی لە هەندێ لەو قەڵەمانە ناکەم کە هەژان و یاخیبوون و کوردایەتی و بەرەنگاربوونەوەیان بە شێوەیەکی هونەری بەرز و پڕ جۆش و خرۆش نەخشاندووە. بە تایبەتی بەشێکی زۆر لە رەمزییەتی سەردەمی روانگە..

بە کورتی دەمەوێ بڵێم ئەدەبی بەرگری کوردی دەکەوێتە ناواخنی ئەدەبی کوردییەوە، بۆیە ناتوانین بە شێوەیەکی جیاواز سەیری بکەین، بە دیوەکەی دیکە ئەگەرچی من بڕوام بەو شێوە لە قسەکردن نییە لە بارەی شوناسی شیعرییەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەدەبی موقاوەمەی کوردی نەیتوانیوە بێتە شوناسی نەتەوەی کورد. کەواتە ئەدەبی بەرگری کوردی قۆناغێك نییە بتوانین تەجاوزی بکەین، بەڵکو هەتا ئێستاش لە دووتوێی ئەدەبی کوردیدا بە رەنگە جیاوازەکانییەوە دەژی.

**- بۆچوونێکی زاڵ هەیە کە پێی وایە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەدەب، گەشەپێدان و فراوانکردنی زمانی ئەو نەتەوەیەیە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟ ئاخۆ ئەدەبی کوردی توانیویەتی زمانی کوردی فراوانتر بکا و گەشەی پێبدا؟**

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ زمان هەر تەنها ئامرازی تەعبیرکردنی مرۆڤ نییە، بەڵکو تێڕوانینی مرۆڤە بۆ شتەکان و گەردوون و دەوروبەر، واتە لە یەك کاتدا مەعریفەیە بە دنیا، وەك چۆن ئامرازی گوتنی مەعریفەشە. یان وەك (هایدیگەر) دەڵێت شتەکان لەخۆ دەگرێت، پاشان وەسفییان دەکات و مانایان لێ وەبەر دینێت. کەواتە زمان لە رێگای ناونانەوە دەست بەسەر واقیعدا دەگرێت و بۆ مانا دەیگۆڕێت، هەر لێرەشەوە زمان بۆ بوونی واقیع هەم بارمتەیە، هەم تەجاوزیشی دەکات. بەو مانایەش ئەوەی بە درککردنی شتەکان وەسفی دەکەین، وەك چۆن لە واقیعدا درککردنی مانای شتەکانە، بە هەمان شێوەش لە زماندایە، هەر لێرەشەوە دەستەواژەی (زمان ئاگاییە بە دنیا) جوانتر دەردەکەوێت. دەمەوێ بڵێم زمان کەشفکردنی دنیایە، هەروەها زانیارییەکانمان لە بارەی دنیا لە رێگای زمانەوە فۆرمەلە دەکەینەوە، وەك چۆن گواستنەوەی کردە و پەرچەکرداری مرۆڤ لە رێگای زمانەوەیە، هەر زمانیشە کۆی کردە و پەرچەکردەکان بۆ پێکهاتەیەکی مەعریفی دەگوازێتەوە. زمان هێزێکی خەڵقندەیە، کە قسە لە بارەی شتەکانەوە

دەكات وایان لێدەكات لە سیستەمی خۆیان بەرەو سیستەمێكی دیكە بچن و دەیانكات بە گوتن و خۆی بەسەر شتەكاندا دەسەپێنێت، وجودێكی دیكە و هەبوونێكی دیكەیان پێ دەبەخشێت.
لێرە لە ئەدەبی كوردیدا ئەوەی وەك گوتاری مانەوە قسەی لێدەكرێ، هەڵبەتە بە داهێنانی زمانی ئەدەبییەوە بەندە، پەیوەندی بە بەرزكردنەوەی ئاستەكانی زمان و مانا و پەیام و دەلالەتە جۆراوجۆرەكانیەوە هەیە، ئەگەرچی بە بڕوای من كێشەی گوتاری مانەوە و كێشەی زمان لە رووی داهێنانەوە ئەوەندە لە یەكترییەوە نزیك نیین، چونكە ئەو لەیەكنزیكردنەوەی كە لەو رووەوە قسەی لێدەكەین، جۆرێك لە مەبەستگەرایی بە زمانی ئەدەبی دەبەخشێت، ئەو مەبەستگەراییەی كە لە گوتاری مانەوە نمایان دەكرێ، بە شێوەیەكی گشتی دەكەوێتە دەرەوەی داهێنانەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەشێ لە دەرەوەی مەرجە ئیبداعییەكانیشەوە بە شێوەیەكی بەرفرەوان و كراوە قسە لە داهێنان بكەیت و لەوێوە زۆر ئاساییە وەك گوتاری مانەوە ئەو زمانە دووبارە راڤە بكەینەوە، كەواتە لكاندنی گوتاری مانەوە بە داهێنان ئەگەرچی مەبەستگەرانە دەكەوێتەوە، بەڵام قابیلی هەڵوەستە لەسەر كردنە، چونكە بڕوامان بەوە هەیە كە داهێنان لە جوانكردنی پەیوەندییە مرۆییەكان و جیهان رادەبێتەوە. وەك چۆن بڕوامان بەوە هەیە، كە دنیا بەبێ فیكر و كردە ئیبداعییەكان ناتوانێ خۆی لە جیاوازی و ناكۆكی و هاوگونجان و گۆڕان نزیك بكاتەوە، ناتوانێ رەنگەكان بۆخۆی دابڕێژێ و بەرەوپێشچوون و گۆڕان پراكتیزە بكات، بەو مانایەی كە گۆڕان و بەرەوپێشچوون و بەرفرەوانبوونی زمان، پەیوەندی بە رەگەزەكانی هێزی داهێنانەوە هەیە و پشت بە وزەكانی ناخی تاكی داهێنەر دەبەستێ، هەروەها هەرگیز فیكر و داهێنان بێ ئازادی بوونی نییە، ئازادیش پابەندی ئیرادەی خود و وزە لەبننەهاتووەكانی ناخی مرۆڤی داهێنەرە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا داهێنان و وزە خەفەكراوەكانی ناخی مرۆڤ ، هەرتەنها پابەندی شوێن و زەمەنێكی دیاریكراو نییە، هەرتەنها پابەندی زمان و نەتەوەیەكی دیاریكراو نییە، ئەمڕۆ پەیوەندییەكانی مرۆڤ و شوێن، مرۆڤ و كات، پەیوەندییەك نییە لە دووتوێی سنور و زەمەنی دیاریكراوەوە بێتە بەرهەم، بەڵكو پەیوەندییەكە راستەوخۆ لە فیكر و داهێنانەوە هەڵدەقوڵێ. هەر بەو مانایەش داهێنانی ئەدەبی دەبێتە زمانی هەموو نەتەوەكان، زمانی ئەدەبی هەمیشە رێگا خۆشكەرە بۆ پرۆسیسەكردنی وزە كەبتكراوەكان، رێگا خۆشكەرە بۆ بەشداری كردن لە ژیانی سەردەمیانە، رێگا خۆشكەرە بۆ پراكتیزەكردنی خەون و هیوا دواخراوەكانی ئەمڕۆ و سەدەكانی پێشووی مرۆڤایەتی، هەر لەوێشەوە دەشێ زمان وەك هێز و چالاكی و كردە و بزاڤی مرۆیی لە بەرەوپێشچوونی بەردەوامیدا بێ، نەك بەمانا تەقلیدییەكەی، بەڵكو بەو مانایەی كە مرۆڤ هەمیشە قابیلی بەرەوپێشچوون و گۆڕانە، بەو مانایەی كە مرۆڤ خۆی كردەیەكی ئیبداعییە و هەمیشە دەكەوێتە دەرەوەی زەمەن و دەرەوەی شوێن، دەكەوێتە سەرووری پێوانەكان و رەنگ و فۆڕمە دیاریكراوەكانەوە.

**عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا**

نوسەر و وەرگێر لە گەڕەکی (جمهوری) شاری هەولێر لە 1962/11/5 لەدایکبووە، هەتا ئێستا نزیکەی (30) سی کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، جگە لە نوسینی ژمارەیەکی زۆر لە وتارو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و تیۆری و وەرگێڕان و شیعر... چەندین خەڵاتی لە بواری شیعر و رەخنەی ئەدەبی وەرگرتووە:-

خەڵاتەکان:

- خەڵاتی یەکەمی شیعریی لە پێشبڕکێی پێنجەمین فیستفاڵی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ بۆ ساڵی 2001.

-خەڵاتی یەکەمی شیعریی لە پێشبڕکێی شەشەمی فیستفاڵی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ بۆ ساڵی 2002.

-خەڵاتی رێزلێنان یەکێتی نوسەرانی کورد/ لقی هەولێر لە 2009/2/10.

-خەڵاتی رێزلێنانی کتێب، وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان، بەڕێوەبرایەتی چالاکی وێژەیی 2012/12/30.

- خەڵاتی ناوەندی رۆشنبیریی ئەندێشە بۆ رەخنەی ئەدەبی لە 2013/10/3.